تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5921) چوارشەممە 29ی کانوونی دووەمی 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی هەرێمی کوردستان هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکای ئیدانەکرد

ئەم کردەوانە مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر دۆخ و سەقامگیری و بەرژەوەندییەکانی عێراق دروست دەکەن



ڕۆژی 2020/1/27 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ڕاگەیەندراوێکدا هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکای بە مووشەک ئیدانە کرد و ڕایگەیاند کە ئەم کردەوانە مەترسی ڕاستەقینە لەسەر دۆخ و سەقامگیری و بەرژەوەندییەکانی عێراق دروست دەکەن. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

ڕاگەیەنراوێک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە

ئیدانەی ئەو هێرشە مووشەکییە دەکەین کە شەوی ڕابردوو باڵیۆزخانەی ئەمەریکای لە بەغدا کردە ئامانج. ئەم کردەوانە مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر دۆخ و سەقامگیری و بەرژەوەندییەکانی عێراق دروست دەکەن، دووبارەبوونەوە و بەردەوامیشیان، لێکەوتە و ئەنجامی خراپیان بۆ سەر وڵات دەبێت.

پاراستنی ئاسایشی باڵیۆزخانە و نێردە دیپلۆماتییەکان ئەرکی لایەنە بەرپرسەکانە و نابێ ڕێگە بدرێت یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان پێشێل بکرێن و دیپلۆماتکاران و نێردە دیپلۆماتییەکان بکرێنە ئامانج. دووپاتی دەکەینەوە کە نابێت عێراق بکرێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/1/27

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەبەرهێنەرانی کوردستان کۆدەبێتەوە

مەسرور بارزانی: پێویستە وەبەرهێنان بە پێی پلانێکی زانستی و پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندیی گشتی بێت



ئەمەریکا پرۆسەی ناردنی چەک و مووشەکی فڕۆکەی F16ی بە عێراق ڕاگرت

سوپای ئەمەریکا پرۆسەی ناردنی چەک بۆ سوپا و هێزە ئەمنییە عێراقییەکان ڕادەگرێت و هۆکارەکەی ئاشکرا دەکات. بڕیان براکینز، گوتەبێژی هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا، ڕایگەیاندووە، وڵاتەکەی پێدانی چەک و مووشەکی فڕۆکەی F16ی بە عێراق، ڕاگرتووە. بڕیان براکینز هەروەها ڕایگەیاندووە، هەر کاتێ بارودۆخی ئەمنیی عێراق هێور بووەوە، وڵاتەکەی دەست بە ناردی چەک بۆ عێراق دەکاتەوە. گوتەبێژی هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا ئاماژەی بەوەش کردوو، کە دوایین کاروانی چەک لە 2019/11/14 بۆ سوپای عێراق نێردراوە.

ئەمەریکا ئەو چەک و مووشەکانە بەپێی ڕێککەوتنی واشنتن - بەغدا بۆ عێراق دەنێرێت، کە ڕێککەوتنەکە لە مانگی 5ی 2016 بە بەهای یەک ملیار و 800 ملیۆن دۆلار، واژۆ کراوە.



ڕێباز حەملان:

حکوومەت ماستەڕپلانی نوێی وەبەرهێنان ڕادەگەیێنێت



دۆناڵد ترەمپ.. گرێبەستی سەدەی ڕاگەیاند

لەژمارەی سبەی ڕاپۆرتێک لەبارەیەوە بخوێنەوە

داهات و ژمارەی گەشتیاران و ڕەخساندنی هەلی کار لە کەرتی گەشتیاری لە جیهان و هەرێمی کوردستاندا

سالانە ژمارەی گەشتیاران و داهاتی گەشتیاری لەسەر ئاستی جیهان لە زیادبوون دایە و بە ڕێژەیەکی باش گەشە دەکات و بۆتە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات بۆ بەشێک لە وڵاتان بە تایبەت وڵاتە زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و فەرەنسا و ئیسپانیا و چین و بەریتانیە، سەرباری پێشکەوتنیان لە کەرتەکانی ووەک: پیشەسازی و تەکنەلۆژی و کشتوکاڵ و بازرگانی و تەندروستی و نیشتەجێبوون لە کەرتی گەشتیاریش لە پێشەوەی وڵاتانی جیهانن، بە پێی زانیاری و ڕاپۆرتەکانی ریکخراوی جیهانی گەشتوگوزاری سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی گەشتیاران لە ساڵی 2018 گەیشتە یەک ملیار و 400 ملیۆن گەشتیار(1.400.000.000) ، لە 10وڵاتی لوتکە، وڵاتە پیشکەوتووەکان لە پێشەوە دان، بۆ نموونە ژمارەی گەشتیاران لە وڵاتی فەرەنسا بە 89 ملیۆن گەشتیار پلەی یەکەم دێت و ئیسپانیا 83 ملیۆن گەشتیار و ئەمریکا 80 ملیۆن گەشتیار و چین 63 ملیۆن گەشتیار و ئیتالیا 62ملیۆن گەشتیار بە پلەی دووەم و سێیەم و چوارم و پینجەم دێن (بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەکە بکە). کەرتی گەشتیاری بەراورد بە ساڵی 2017 بە ڕێژەی 3.9% گەشەی کردووە...

زیاتر لەلاپەڕە 14 بخوێنەوە

زستان و سەختیی ژیان لە حاجی ئۆمەران



ئەو بەفرباریناەی کە هەفتەی ڕابردوو شارەدێی حاجی ئۆمەران و دەوروبەری گرتەوە، ڕێگاکانی هاتوچۆکردنی لە سنووری پیرانشاری وڵاتی ئێران و شارەدێی حاجی ئۆمەرانی سەربە قەزای چۆمانی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ داخست و لەئێستاشدا جموجۆڵ و ئالوگۆڕی بازرگانی دەستی پێکردووەتەوە.

ڕێباز حەملان: حکوومەت ماستەڕپلانی نوێی وەبەرهێنان ڕادەگەیێنێت



رووداو: دوێنێ سێشەممە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی لەگەڵ بەشێک لە وەبەرهێنەرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە، یاریدەدەری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ وەبەرهێنان و ڕاژەش دەڵێت، ماستەرپلانێکیان بۆ وەبەرهێنان لە هەموو کوردستان و ڕێکخستنەوەی وەبەرهێنانی تازە هەیە. ڕێباز حەملان، یاریدەدەری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ وەبەرهێنان و ڕاژە ڕایگەیاند: یاسای وەبەرهێنان چاکدەکەین و دەینێرینە پەرلەمانی کوردستان بۆئەوەی پەسندبکرێت، بەشێوەیەک کە لە بەرژەوەندی وەبەرهێنەران و خەڵکی هەرێمی کوردستان بێت. یاریدەدەری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ وەبەرهێنان و ڕاژە لەبارەی ماستەر پلانەکە دەڵێت، ماستەر پلانەکە بۆ ڕێکخستنەوە و ئەو وەبەرهێنانە نوێیانەن لە داهاتوودا دەکرێن و بۆ هەموو کوردستانیشە.

لەبارەی ئەو پرۆژانەی بەهۆی قەیرانی دارایی وەستاون، ڕێباز حەملان دەڵێت، دەبێت ئەو پرۆژانە زیندووبکرێنەوە و کارکردن تێیاندا دەستپێبکاتەوە، جا ئەو وەبەرهێنەرانە چی خۆیان بیکەن یان وەبەرهێنەری دیکە. تاوەکو هەرێمی کوردستان بەردەو بووژانەوە بڕوات لەڕووی دارایی و ئابوورییەوە.

بەپێی ڕاگەیێندراوی حکوومەت لەبارەی کۆبوونەوەی سەرۆکی حکوومەت لەگەڵ وەبەرهێنەران، سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکوومەت وەبەرهێنەرانیان دڵنیاکردەوە کە حکوومەت پاڵپشت و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ پرۆسەی وەبەرهێنان و نەهێشتنی ڕۆتین لە دامودەزگاکانی حکوومەتدا.

پاڵپشتی سعوودیە بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق

وەزیری دەرەوەی سعوودیە: جارێکی دیکە ئەمەریکا سەلماندیی کە هاوپەیمانێکی باوەڕپێکراوی وڵاتەکەمانە



وەزیری دەرەوەی سعوودیە، فەیسەڵ بن فەرحان ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی لەگەڵ ئەوەدایە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بمێننەوە و نەکشێنەوە.

فەیسەڵ بن فەرحان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ CNN تیشکی خستەسەر گرنگی بوونی ئەمەریکا لە ناوچەکە و گوتی: بوونی ئەمەریکا لە ناوچەکە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە شکست پێ هێنانی ڕێکخراوی داعش و دووبارە سەرهەڵدانەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان لە ناوچەکەدا.

وەزیری دەرەوەی سعوودیە، فەیسەڵ بن فەرحان باسی لە هاوپەیمانی نێوان وڵاتەکەی و ئەمەریکای کرد و گوتی: جارێکی دیکە ئەمەریکا سەلماندیی کە هاوپەیمانێکی باوەڕپێکراوی وڵاتەکەمانە ئەو کارەیش پەیوەستە بە ئیدارەکەی دۆنالد ترەمپەوە.

فەیسەڵ بن فەرحان ئاشکراشیکرد کە بەباشی لەگەڵ دۆنالد ترەمپ و وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی ئەمەریکا سەبارەت بە ئاسایشی ناوچەکە کار دەکەن و لەوبارەوە هەماهەنگی باشیش لە نێوانیاندا هەیە.

سەبارەت بە کوژرانی فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی و سەرکردە لە حەشدی شەعبی وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی ئەمەریکا سەبارەت بە ئاسایشی ناوچەکە کار دەکەن و لەوبارەوە هەماهەنگی باشیش لە نێوانیاندا هەیە.

سەبارەت بە کوژرانی فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی و سەرکردە لە حەشدی شەعبی عێراق، فەیسەڵ بن فەرحان ئاماژەی بەوەیشکرد کە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پومپیۆ هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ڕاگەیاندووە دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، ڕەوشی ناوچەکە زیاتر ئارامبووە.

وەزیری دەرەوەی سعوودیە، فەیسەڵ بن فەرحان باسی لەوەیشکرد کە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پومپیۆ هاوڕان لەسەر ئەوەی داوا لە ئێران دەکەین بەجۆرێک هەڵسوکەوت بکات کە ببێتە هۆی پاڵشتیکردن لە سەقامگیری ناوچەکە.

سەبارەت بە بوونی هێزەکانی ئەمەریکاش لە عێراق، فەیسەڵ بن فەرحان کە وڵاتەکەی لەگەڵ ئەوە دایە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق هێنندەوە و نەکشێنەوە، چونکە بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، ئەوا ڕەوشی ئەمنی ناوچەکە هیچ سەقامگیر نابێت و خراپ دەبێت.

جێی باسە لە پێنجی ئەم مانگەدا، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی دەنگی دا لەسەر بڕیارێک کە تیایدا داوا لە حکوومەتی عێراق دەکات کە کۆتایی بهێنێت بە بوونی سەربازی ئەمەریکا لە وڵات. لای خۆیەوە حکوومەتی عێراق داوای لە ئەمەریکا کردبوو کە شاندێک بەمەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ڕەوانەی بەغدا بکات، بەڵام ئەمەریکا ڕەتیکردەوە هیچ گفتوگۆیەک لەوبارەوە ساز بکات.

لەچوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژبە داعش نزیکەی پێنج هەزار سەربازی ئەمەریکا لە بنکە سەربازییەکان لە سەرتاسەری عێراق جێگیرکراون.



پەرلەمانتارانی ئێران پێشنیازی دەرچوون لە ڕێککەوتنی چەکی ئەتۆمی دەکەن

پەرلەمانتارانی ئێران، پرۆژە یاسایەکیان پێشکەش بە پەرلەمانی وڵاتەکەیان کرد کە پێشنیازی دەرچوون دەکات لە ڕێککەوتنی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی . بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی فەرمی هەواڵیی ئێران، ئەندامی دیوانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی ئێران، ئەحمەد ئەمیرئابادی فەراهانی ئاماژەی بەوە کردووە کە دوو پرۆژەیاسا پێشکەش بە پەرلەمان کراوە.

فەراهانی باسی لەوە کرد کە یەکەم پرۆژەیاسا پێشنیازی کشانەوە دەکات لە ڕێککەوتنی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و پرۆژەکەی دیکەیش سزادانی ئەو وڵاتانە لەخۆدەگرێت کە هاریکاری ئەمەریکایان کردووە لەو سزایانەی تاک لایەنە بەسەر تاراندا سەپاندوونی.



سەرکردەیەکی سوننەمەزهەبی عێراق داوای پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ گەلی عێراق دەکات

ئوسامە نوجەیفی، سەرۆکی بەرەی ئینقاز و تەنمیەی عێراقی (سوننەمەزهەب) لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (تویتەر)، ڕایگەیاندووە، چوار مانگە خۆپیشاندەرانی عێراق دەکوژرێن و کەسیش سزا نادرێ.

ئوسامە نوجەیفی هەروەها ڕایگەیاندووە، پێویستە حکوومەتی عێراق سنووورێک بۆ تووندوتیژی دژی خۆپیشاندەران دابنێت، ئەگەرنا ناکارایی خۆی ڕابگەیەنێت و ئەگەر واش نەکات، ئەوا داوای "پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ خۆپیشاندەرانی عێراق دەکەین."

خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژی 2019/10/1ـەوە لە بەغدا و زۆربەی شارەکانی عێراق دژی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ئاوی خواردنەوە و کارەبا و بێکاریی گەنجان، دەستیان پێکرد.

بەهۆی خۆپیشاندانەکان و کەوتنەوەی تووندوتیژی تێیاندا، زیاتر لە 600 هاووڵاتی و کارمەندی ئەمنی گیانیان لەدەست داوە و زیاتر لە 16 هەزاری دیکەش بریندار بوون، جگە لە کەمئەندامبوونی 700 کەس و ژمارەکانیش بەردەوام لە بەرزبوونەوە دان.

قەتەر.. سەرۆکوەزیران دەستی لەکارکێشایەوە

خالید بن خەلیفە بن عەبدولعەزیز ئال سانی وەک سەرۆکوەزیرانی نوێ دەستنیشان کرا

میری قەتەر، تەمیم بن حەمەد ئال سانی ڕەزامەندیی لەسەر دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران، عەبدوڵڵا بن ناسر بن خەلیفە ئال سانی نیشانداو خالید بن خەلیفە بن عەبدولعەزیز ئال سانی وەک سەرۆکوەزیرانی نوێ دەست نیشان کرد.

ئاژانسی هەواڵیی فەرمی قەتەر بڵاویکردەوە کە میری قەتەر، تەمیم بن حەمەد ئال سانی دوو فەرمانی دەرکردووە کە لە یەکێکیاندا ڕەزامەندیی لەسەر دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران، عەبدوڵڵا بن ناسر بن خەلیفە ئال سانی نیشانداوە.

ئاماژەی بەوەیشکردووە کە لە فەرمانەکەی دیکەدا تەمیم بن حەمەد ئال سانی، خالید بن خەلیفە بن عەبدولعەزیز ئال سانی وەک سەرۆکوەزیرانی نوێ دەست نیشان کردووە. فەرمانیش کراوە کە هەردوو فەرمانەکە لە ڕۆژنامەی فەرمییدا بڵاوبکرێنەوە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێن.

زانیاری زیاتر لەوبارە نەخراوەتەڕوو، بە تایبەتیش سەبارەت بە هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران، عەبدوڵڵا بن ناسر بن خەلیفە ئال سانی.

ئیلهام ئەحمەد: ڕووسیا هۆکاری دواکەوتنی ڕێککەوتنی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر و دیمەشقە



K24/ هاوسەرۆکی دەستەی جێبەجێکاری ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات (مەسەدە) ڕووسیا بە دواخستنی ڕێککەوتنی نێوان بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر و ڕژێمی سووریا تۆمەتبار دەکات. ئیلهام ئەحمەد، هاوسەرۆکی دەستەی جێبەجێکاری ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات بە میدیاکانی نزیک لە پەیەدەی ڕایگەیاند، هیچ بەڵگەیەکیان لەبارەی ڕێککەوتنی ڕژێمی سووریا لە مۆسکۆ وەرنەگرتووە و ئەو دەنگۆیانەشی ڕووسیا لەبارەی ڕێککەوتنی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر و دیمەشق بڵاوی دەکاتەوە، تەنیا بۆ گوشارخستنە سەر تورکیایە.

ئیلهام ئەحمەد، ڕووسیا بە دواکەوتنی ڕێککەوتنی نێوان بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر و حکوومەتی سووریا تۆمەتبار دەکات و داواش دەکات ڕووسیا بێ لایەن بێت و لەکاتی دانوستانەکان پاڵپشتی لە حکوومەتی سووریا نەکات.

عێراق.. کوژرانی مامۆستایەکی زانکۆ لە بەغدا



ژمارەیەک چەکداری نەناسراو، مامۆستایەکی زانکۆیان لە شاری بەغدا، کوشت. لەوبارەوە ئەفسەر لە پۆلیسی بەغدا، نەقیب حاتم جابری ڕایگەیاند کە مامۆستای زانکۆ، حوسێن عەلوان لە بەردەم ماڵەکەی لە ناوچەی بنوک باکووری بەغدا لە لایەن ژمارەیەک ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە تەقەی لێکراوە و بە هۆیەوە ناوبراو کوژراوە. حاتم جابری ئاماژەی بەوەش کرد کە دوای ئەنجامدانی هێرشەکە، چەکدارەکان بەڕەو شوێنێکی نادیار هەڵاتوون، بەڵام هێزە ئەمنییەکان لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەستپێکردووە. ناوبراو باسی لەوەیشکرد کە هێشتا دیار نییە ئایە کوشتنی مامۆستاکە پەیوەندی بە خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەت و پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە هەیە یان نا. جێی باسە حوسێن عەلوان مامۆستای کۆلێژی پەروەردە بوو لە زانکۆی موستەنسریە.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/1/29 ژمارە (5921)

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەبەرهێنەرانی کوردستان کۆدەبێتەوە

مەسرور بارزانی: پێویستە وەبەرهێنان بە پێی پلانێکی زانستی و پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندیی گشتی بێت

داوا لە کەرتی تایبەت دەکەم لە بەکارخستن و دۆزینەوەی هەلی کاردا زیاتر گرنگی بە لاوانی هەرێمی کوردستان بدەن



دوێنێ سێشەممە 2020/1/28 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک لە وەبەرهێنەرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت ئامادەیبوو، گفتوگۆ دەربارەی کارنامەی کابینەی نۆیەم تایبەت بە پەرەپێدانی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی ئابووریی هەرێمی کوردستان کرا.

سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکوومەت، وەبەرهێنەرانیان دڵنیا کردەوە کە حکوومەتی هەرێم پاڵپشت و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ پڕۆسەی وەبەرهێنان و نەهێشتنی ڕۆتین لە دامودەزگاکانی حکوومەتدا.

سەرۆکی حکوومەت جەختی لەوە کردەوە، کە ئامانجمان ئەوەیە زەمینەیەکی لەبارتر بۆ وەبەرهێنان لە گشت کەرتەکان بهێنینە ئارا و ئاسانکاریی پێویست بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و دەرەکی بکەین. گوتیشی پێویستە وەبەرهێنان بە پێی پلانێکی زانستی و پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندیی گشتی بێت.

سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوەدا کە هەرێمی کوردستان لە ڕووی ماددی و مرۆییەوە دەوڵەمەندە و دەرفەتی ئەوە هەیە ببێتە بنکەیەکی بازرگانیی گرنگ لە عێراق و ناوچەکەدا. داواشی لە کەرتی تایبەت کرد کە هاوکاریی حکوومەت بکەن لە پڕۆسەی گەشەپێدانی ئابووری و بەکارخستن و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجەکانمان لە کەرتی تایبەتدا کە پێویستە لە دەرفەتەکانی کارکردنداً زیاتر گرنگی بە گەنجانی هەرێمی کوردستان بدرێت.

پاشان سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەڵامی پرسیار و تێبینییەکانی ئامادەبووانیان دایەوە.

عەبدولحەکیم خەسرۆ: بەغدا بەڵێنی داوە کێشەی جووتیارانی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان چارە بکات



بەڕێسی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و ئەندامی شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا دەڵێت، دەسەڵاتی قەزایی و وەزارەتی دادمان ئاگادار کردۆتەوە لەوەی کێشەی کەرکووکیەکان چییە و پێویستە چییان بۆ بکرێت؟ عەبدولحەکیم خەسرۆ، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئێمە وەک شاندی هەرێمی کوردستان کە سەردانی بەغدامان کردووە، پەیامێکمان پێ بوو سەبارەت بە چارەکردنی کێشەی جووتیارانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بەوەی کێشەیان بۆ دروست بووە لە بابەتی تەعریب و گرفتی زەویوزار، بۆیە لەگەڵ دەسەڵاتی قەزایی و وەزارەتی داد و وەزارەتی کشتوکاڵ گفتوگۆمان کرد و توانیمان پێیان ڕابگەیەنین، کە کێشەی کورد و نەتەوەکانی تری نێو کەرکووک و ناوچەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم چییە و پێویستە چییان بۆ بکرێت.

خەسرۆ گوتیشی: هەر بڕیارێک پێویست بێت، لەلایەن دەسەڵاتی قەزایی و وەزیری دادی حکوومەتی عێراقەوە دەدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەک پێکدەهێنن تا چیتر مافی هاووڵاتیانی کورد و تورکمان لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان نەخورێت، بەڵێنیش دراوە کێشەی جووتیارانی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان چارە بکەن.

ئەمەریکا لە دوایین هێرش بۆ سەر باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا تووڕەیە

مایک پۆمپیۆ: هێرشەکانی سەر باڵیۆزخانەکەمان مایەی قبوڵکردن نین



وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ ئاماژەی بەوە کرد کە بەهۆی دوایین هێرشی مووشەکی بۆسەر باڵیۆزخانەکەیان لە بەغدا تووڕەن، بەڵام متمانەیان بە بەڵێنەکانی حکوومەتی عێراقەوە هەیە لەبارەی ئاسایشی کارمەندانی ئەمەریکی. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە کراوە کە لە پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ و سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدیدا دوایین پێشهاتەکانی پەیوەندی دووقۆڵی هەردوو وڵات تاوتوێ کراوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "وەزیر پۆمپیۆ باسی لە تووڕەیی بەهۆی بەردەوامی هێرشەکانی ئێران بۆسەر دەمەزراوەکانی ئەمەریکا لە عێراق کردووە بە دوایین هێرشیشەوە کە ئێوارەی یەکشەممە کرایە سەر باڵیۆزخانەکەمان و برینداربوونی سێ کەسی لێکەوتەوە".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەیش خراوەتەڕوو کە ئەو هێرشانە مایەی قبوڵکردن نین و بە "کردارێکی ئێران ناوبراوە کە سەروەری عێراق لاواز دەکات."

هەروەها هاتووە "وەزیر پۆمپیۆ خۆشحاڵە لەبارەی بەڵێنەکانی سەرۆکوەزیران عەبدولمەهدی سەبارەت بە دەستبەکردنی ئاسایشی کارمەندان و دامەزراوە ئەمەریکییەکان."

هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە ئەمەریکا باوەڕی بە سەروەری و داهاتوویەکی سەرکەوتی عێراق هەیە و ئەوەی لەدەستی بێت لەو بارەدا ئەنجامی دەدات.

هەر دوێنێ سێشەممەش ڕاوێژکارێکی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا حکوومەتی عێراقی ئاگادار کردەوە و ڕایگەیاند کە پێویستە ناوچەکانی دەوروبەری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا بپارێزن کە دریژکراوەی خاکی ئەمەریکایە و نابێ هێرشی بکرێتە سەر. گابریال سۆما ئەندامی ئەنجوومەنی ڕاوێژکارانی ترەمپ لە لێدوانێکیدا بۆ میدیای عێراقی ئاماژەی بەوە داوە کە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا، دریژکراوەی خاکی ئەمەریکایە و ئەرکی حکوومەتی عێراقە دەوروبەری باڵیۆزخانەکە لە هەر هێرش و دەستدرێژییەک بپارێزێت.

سۆما دەشڵێ دەوڵەتی عێراق لاوازە، ئێرانیش دەستی لە هەموو ڕووداوەکانی ئەم وڵاتەدا هەیە. ڕاوێژکارەکەی ترەمپ ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە پێویستە لەسەر حکوومەتی عێراق ئەوانە دەستگیر بکات کە هێرشی مووشەکیان کردووەتە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا.

فارس عیسا: هەڵبژاردنی پێشوەختەش ناتوانێ دۆخی عێراق چارەسەر بکات



سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، فارس عیسا، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دۆخی پارێزگاکانی عێراق زۆر خراپە، بەتایبەت ناسیریە. خۆپێشاندانیش بەردەوامن و داواکارییەکانیان هێشتا جێبەجێ نەکراوە و ئەو دۆخەش بەردەوام دەبێت تاوەکو لایەنە شیعەکان سەرۆکوەزیرانێک دیاری دەکەن، کە هەم خۆپێشاندەران و هەمیش کورد و سوننە پێی ڕازی دەبن.

فارس عیسا ئەوەشی گوتووە: تا ئێستا هیچ کەسێک یەکلایی نەکراوەتەوە و ئەوەی دیاریش دەکرێت، ڕەت دەکرێتەوە، بۆیە پێویستە کەسێکی بێلایەن بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران دیاری بکرێت، کە بتوانێ ئەم دۆخە چارەسەر بکات و ئیدارەی دۆخی ئێستای عێراق بکات. عیسا باسی لەوەش کردووە: ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەختەش بکرێت، ناتوانێ دۆخەکە چارەسەر بکات تاوەکو داواکاری خۆپێشاندەران جێبەجێ نەکرێت، چونکە ئەوان داواکارییان هەیە و بە هەڵبژاردن چارەسەر نابێت.

سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا دەڵێت، دۆخی پارێزگاکانی عێراق زۆر خراپە و تاوەکو سەرۆکوەزیرانێکی بێلایەن دیاری نەکرێت و کورد و سوننە و خۆپێشاندەران پێی ڕازی نەبن، دۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت. سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، درێژکراوەی خاکی ئەمەریکایە و ئەرکی حکوومەتی عێراقە دەوروبەری باڵیۆزخانەکە لە هەر هێرش و دەستدرێژییەک بپارێزێت.

سۆما دەشڵێ دەوڵەتی عێراق لاوازە، ئێرانیش دەستی لە هەموو ڕووداوەکانی ئەم وڵاتەدا هەیە. ڕاوێژکارەکەی ترەمپ ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە پێویستە لەسەر حکوومەتی عێراق ئەوانە دەستگیر بکات کە هێرشی مووشەکیان کردووەتە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا.

ناتانیاهو داواکاریی خۆی بۆ پارێزبەندی کشاندەوە



سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو داواکارییەکەی خۆی کشاندەوە کە دوای کردنەوەی سێ دۆسیەی جیاواز بەتۆمەتی ئەنجامدانی گەندەڵی داوای لە پەرلەمانی وڵاتەکەی کردبوو سوودمەند بێ لە مافی پارێزبەندی. ناتانیاهو لە هەژماری فەرمی خۆی لە فەیسبووک ڕایگەیاند، داواکارییەکەی کشاندۆتەوە کە بۆ پارێزبەندی پێشکەش بە پەرلەمانی کردبوو. دوای ئەم بڕیارەی ناتانیاهو کە مافی پارێزبەندی لەسەر هەڵدەگیرێت، سەرۆکی داواکاری گشتیی ئیسرائیل، ئافیچای ماندێلبلیت چ کاتێک بیەوێت دەتوانێت دۆسیە لەسەر بێنیامین ناتانیاهو بکاتەوە.

عێراق.. هێزە ئەمنییەکان بە گوللەی راستەقینە بڵاوە بە خۆپیشاندەرانی شارەکانی بەغدا و کوت دەکەن

سەرچاوە پزیشکییەکان و شایەتحاڵەکان رایانگەیاند کە هێزە ئەمنییەکان بەگوللەی راستەقینە و گازی فرمێسکڕێژ بڵاوە بە خۆپیشاندەرانی شارەکانی بەغدا و کوت دەکەن کە بەهۆیەوە 24 خۆپیشاندەر بریندار بوون. لەوبارەوە سەرچاوەیەک لە فەرمانگەی تەندروستی بەغدا ئاشکرای کردووە کە بەهۆی بەکارهێنانی گوللەی راستەقینە و گازی فرمێسکڕێژ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانی ناوەڕاستی بەغدا، نۆ خۆپیشاندەر بریندار بوون.

هاوکات شایەتحاڵەکانیش رایانگەیاندووە کە هێزە ئەمنییەکان بەگوللەی راستەقینە و گازی فرمێسکڕێژ بڵاوە بە خۆپیشاندەرانی شارەکانی بەغدا و کوت دەکەن کە بەهۆیەوە 15 خۆپیشاندەر بریندار بوون. هەر لەوبارەوە ئەفسەرلە پۆلیسی واست، خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی خەلانی ناوەڕاستی بەغدا دەکەن. بەگوتەی شایەتحاڵەکان دوێنێ سێشەممە لەمەیانی بەردەوامی خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەت و پارتە دەسەلاتدارەکان لە گۆڕەپانی وەسبە و ناوچەکانی دەوروبەری، ڕووبەڕووبونەوە و پێکدادان لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا ڕوویداوە.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی پزیشکی رایگەیاندووە کە هێزە ئەمنییەکان گازی فرمێشکڕێژیان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانی شاری کوت ناوەندی پارێزگای واست بەکارهێناوە کە بەهۆیەوە 15 خۆپیشاندەر بریندار بوون. هەر لەوبارەوە ئەفسەرلە پۆلیسی واست، کاربەدەستان دیاریی کرد تا داواکارییەکانی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکەن ئەگەر نا ئەوە ئاستی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە دەربڕینەکانیان دژبە حکوومەت و پارتە دەسەلاتدارەکان زیاتر فراوانتر دەکەن. لە ڕاگەیەندراوێکدا هەروەها یاسایەکی نوێ تایبەت بە هەڵبژاردنەکان دەربکرێت و لەماوەی شەس مانگدا، وادەی هەڵبژاردنی پێشوەختە دیاری بکرێت. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە تا ڕۆژی شەممە چاوەڕوان ملازمی یەک فەزل وەردی لە لێدوانێکدا باسی لەوە کردووە کە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی توند لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا لە ژمارەیەک ناوچەی شاری کوت ڕوویداوە. بەگوتەی ناوبراو، ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکان لەو کاتەدا ڕوویانداوە کە خۆپیشاندەران هەوڵیانداوە ژمارەیەک شەقامی سەرەکی شاری کوت دابخەن.

لە شاری نەجەفیش خۆپیشاندەران تا ڕۆژی شەممەیان وەک مۆڵەت بۆ داواکارییەکانیان دەکەن تا داواکارییەکانیان جێبەجێ بکرێت، ئەگەر نا ئەوە بە داخستنی ڕێگە سەرەکییەکان و فەرمانگە فەرمییەکان ئاستی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە دەربڕینەکانیان دژبە حکوومەت و پارتە دەسەلاتدارەکان زیاتر فراوانتر دەکەن، تەنانەت ڕێگە بە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگا نادەن بچنە سەر کارەکانیان.

داوتر کەنالێکەیان داخستووە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش هیچ ڕوونکردنەوە و زانیارییەک لەوبارەوە لەلایەن کاربەدەستانی عێراقەوە بڵاونەکراوەتەوە.

ئەمەیش دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی دووشەممە حکوومەتی ئوردن بە بڕیارێک پەخشی کەنالی ئاسمانی دیجلەی بۆ مانگێک لەو وڵاتە ڕاگرت کە بارەگاکەی لە شاری عەممانە. دەستەی ڕاگەیاندنی ئوردن هۆکاری بڕیارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە کەنالی ئاسمانی دیجلە سەرپێچی یاسای نوێکردنەوەی مۆڵەتی پرۆگرامەکانی تەلەفیزیۆنی کردووە.



کەنالّیی ئاسمانی دیجلە داخرا

سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە هێزێکی ئەمنی هەڵیکوتاوەتە سەر کەنالّی ئاسمانی دیجلە لە بەغدا و دایخستووە. سەرچاوەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت لە لێدوانێکدا گوتی: بەردەبەیانی دوێنێ سێشەممە، هێزێکی ئەمنی سەربەوەزارەتی ناوخۆ هەڵیکوتاوەتە سەر کەنالّی ئاسمانی دیجلە لە بەغدا. بەگوتەی سەرچاوەکە، هێزە ئەمنییەکە لەمیانی هەڵکوتانەکەدا، کارمەندەکانیان لەناو کەنالّەکەدا کردووەتە دەردەو و داخستووە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش هیچ ڕوونکردنەوە و زانیارییەک لەوبارەوە لەلایەن کاربەدەستانی عێراقەوە بڵاونەکراوەتەوە.

ئەمەیش دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی دووشەممە حکوومەتی ئوردن بە بڕیارێک پەخشی کەنالّی ئاسمانی دیجلەی بۆ مانگێک لەو وڵاتە ڕاگرت کە بارەگاکەی لە شاری عەممانە. دەستەی ڕاگەیاندنی ئوردن هۆکاری بڕیارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە کەنالّی ئاسمانی دیجلە سەرپێچی یاسای نوێکردنەوەی مۆڵەتی پرۆگرامەکانی تەلەفیزیۆنی کردووە.



چین: ژمارەی گیانلەدەستدانەکان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە دەگاتە 106 کەس

دوێنێ سێشەممە چین ڕایگەیاند ژمارەی گیان لەدەستدانەکان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە زیادبووە بۆ 106 کەس. بەپێی دەنگی ئەمەریکا، لیژنەی تەندروستی نیشتیمانی چین لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە تاوەکو 27ی مانگی یەک کۆی حاڵەتەکانی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرزبۆتەوە بۆ 4515 کەس.

کۆمپانیایەکی گشتی گواستنەوەش لە پەکینی پایتەختی چین ڕایگەیاندووە کە زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوە بۆ هەرێمی هوبی ڕادەگرێت کە بە هەمان شێوەی شارەکانی دیکە ڤایرۆسەکەی تیادا دەرکەوتووە. لەلایەکی دیکەوە ئەمەریکا و کۆمەڵێک وڵاتی دیکە ئامادەکاری دەکەن بۆ هێنانە دەرەوەی هاووڵاتیانیان لەو شارە داخراوەدا کە ناوەندی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکەیە.

ئێران باس لە مردنی پلانداڕێژەری کوشتنی قاسم سلێمانی و عیماد مغەنیە دەکات

خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

میدیاکانی ئێران باس لەخستنەخوارەوەی فڕۆکە ئەمەریکیەکە لەناو خاکی ئەفغانستان دەکەن و دەڵێن لەناو ئەو کەسانەی لەو فڕۆکەیەدا گیانیان لەدەستداوە ئەفسەرێکی هەواڵگری ئەمەریکی هەیە کە پلانداڕێژەری کوشتنی قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێران بووە کە لە سەرەتای ئەم مانگەدا لە ڕێگەی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانەوە لەنزیک فڕۆکەخانەی بەغدا لەگەڵ ئەبو مەهدی ئەلموهەندیس جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی عێراقی و پێشتریش نەخشەدانەری کوشتنی عیماد مغەنیەی سەرکردەی بااڵی سەربازی حزبوڵای لوبنان بووە.



(مایکل داندریا) هەبووە کە ئەفسەرێکی بااڵی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا بووە و موجاهید وتەبێژ بەناوی بزوتنەوەی تالیبانی ئەفغانستان بڵاوی کردەوە کەوا ئەو فڕۆکە ئەمەریکییەی لەناوەڕاستی ویلایەتی غەزنی ئەفغانستان کەوتۆتە خوارەوە بە دەستی بزوتنەوەکەیان پێکراوە و پڕ بووە لە ئەفسەری ئەمەریکی، بەاڵم سوپای ئەمەریکا ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە فڕۆکە ئەمەریکییەکە بەهۆی ماوشەکی دوژمنەوە خرابێتەخوارەوە و دەڵێ کێشەی تەکنیکی هەبووە لە فڕۆکەکەدا و لێکۆڵینەوەی وردیان بۆ ئەوەش دەستپێکردووە.

فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە ئێرانی بووە

فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران کەوتەخوارەوە

بەهۆکارێکی نەزانراو فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان لە پارێزگای خوزستان باشووری ڕۆژئاوای ئێران کەوتەخوارەوە. لەو بارەیەوە قایمقامی شارۆچکەی باقی سەربە پارێزگای خوزستان، مەنوچەهر ڤەرناسری لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی "ئیسنا" ڕایگەیاند کە لە دەوروبەری گوندی مۆاڵسانی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان کەوتووەتەخوارەوە و ڕووداوەکە هیچ زیانێکی گیانی و مالّی لێنەکەوتووەتەوە.

مەنوچەهر ڤەرناسری لەبارەی مۆدێل و هۆکاری کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەوە هیچ زانیارییەکی نەخستەڕوو. لەلایەکی دیکەیشەوە ئاژانسی هەواڵی فارس باڵوێکردەوە کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە ئێرانی بووە.

سوپای ئیسرائیل هێزی پشتیوانی ڕەوانەی دۆڵی ئوردن دەکات



دوێنێ پێش چەند کاتژمێرێک لەوەی سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپ ناوەڕۆکی "ڕێککەوتنی سەدە" ئاشکرا بکات کە بە گوتەی خۆی چارەسەرە بۆ پرسی فەڵەستین و ئیسرائیل، سوپای ئیسرائیل بڕیاری ناردنی هێزی پشتیوانی بۆ دۆڵی ئوردن دا کە دەکەوێتە کەرتی ڕۆژئاواوە. لەو بارەیەشەوە سوپای ئیسرائیل ڕوونکردنەوەیەکی باڵوکردەوە و تیایدا ئەوە خراوەتەڕوو کە دوای هەڵسەنگاندنی ڕەوشەکە بڕیاردراوە هێزی پشتیوانی بۆ یەکە پیادەکانی دۆڵی ئوردن بنێردرێت. لە ڕوونکردنەوەکەدا هیچ وردەکارییەک لەبارەی ژمارە و کاتی ڕەوانە کردنی هێزەکەوە نەخراوەتەڕوو. جێی وەبیرهێنانەوەیە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهو بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی 17ی ئەیلولی 2019 بەڵێنی ئەوەی دابوو دۆڵی ئوردن کە بەشێکە لە خاکی فەڵەستین بخاتە سەر دەوڵەتی ئیسرائیل.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/1/29 ژمارە (5921)
خەبات



دۆزینەوەی ڕێگەچارەسەر بۆ کریزە گرنگەکانی جیهان. هەڵبەتە لە ڕێگەی گەشانەوەی تۆخکردنی پرسە ڕامیارییەکاندا کە بوونی هەیە و کاریگەریی و دەرهاوێشتەکانی ڕۆڵیان هەبوو لە پیادەکردنی ئەم هەنگاوانەی لە کۆڕبەندی داڤۆس لەسەر ئاستی جیهان دەستپێکرد.

ئەو پەیوەندییە دیبلۆماسی و هەوڵە جدییانەی لە داڤۆس بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە حەوت پاکێجی گرنگدا ڕێکخران، هەرچەندە وتووێژە سەرەکییەکان شتێکی تازەش نییە، بگرە بەرنامەیەکی مەدروسی ئەم ڕێکخراوە قازانج نەویستە جیهانییەیە، بەڵام ئەوەی تازە بوو و بۆ ئێمەی گەلی کورد مەفاد بوو، چاوپێکەوتنی دۆنالد ترەمپ بوو بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکی عێراق د. بەرهەم سالح لەیەک ئان دا و ناودێرکردنی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی کوردان بۆ ئێمەی کورد خاسیەتی هەڵگرتنی ئەم ناونیشانە لەم هەلومەرجەدا هەڵگری پرسیاری زۆرە؟ هەرچەندە ئەمەریکا و سیاسەتی ئیدارەی ئەمەریکا دەرهەق بە گەلی کورد زۆر ڕوون و ئاشکرا نەبووە بەرامبەر بە پرسی کورد و چارەنووسی کورد و هەرگیزیش ئەم ئیدارەیە جێگای باوەڕ و متمانە نەبوونە، چونکە ڕوئیاو دیدگایەکی ڕوونیان نەبووە بەرامبەر دەرهاوێشتە سیاسییەکان، تەنها ئەوە نەبێ کە بالانسی هاوکێشەکانیان ڕاگرتووە بە ئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاو بۆ بیرە نەوتییەکان بووە. بەڵام ئێمازی ئەمجارە جیاوازە، چونکە هەلومەرجی تازە هاتووەتە ئاراوە، لەوانە کوشتنی قاسم سولێمانی و خۆپیشاندانەکانی شیعەکان بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق و هەڵگیرساندنی فتیلی شەڕ نێوان ئێران و ئەمەریکا، لە سەرووی هەموو ئەوانەش داکۆکیکردنی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ پرسی سەربەخۆیی. جا لەم وێستگە تازەیەدا داڤۆس چی لەهەگبەدا بووە بۆ کورد؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لەم نزیکانەدا بە ڕوونی وێنا دەکرێت، چونکە زمانی سیاسەت فرێدانی کارتە، کارتی ئەمجارەش ئەم هاوتەریب بوونەیە، ئەم بەئاوێتە بوونە تازەیەو تێکەڵکردنی بە پرسە یونیۆێرسەڵەکانیش، وێستگەیەکی تازەی سیاسەتی ئەمەریکایەو بەهیوای ئەوەی ئایندەیەکی گەش بۆ کوردو بۆ پرێزێنتی کوردان.

*** ماستەر لەپاسای گشتی، زانکۆی حیکمە بەیروت**

لە داڤۆس پرسە یونیۆێرسەڵەکان و پرسی کورد بەیەکەوە تاوتوێ کران



شەنگە هاوارکاکەیی*

بە مەبەستی پتەوبوونی پەیوەندییە دیبلۆماسی و ئابووریەکان سالانە لە دەبەستێت، ئەم ڕێکخراوە قازانج نەویستە کە لە ساڵی 1971 دامەزراوە هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە ئامانجە سەرەکییەکەی دروستبوونی پردی پەڕینەوەی پەیوەندییەکان و بۆ دیالۆگە گەرمەکانی ئابووریناسان بووە بۆ باشترکردنی ڕەوش و شێوەی پێکهاتەکانی جیهانەوە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زۆرترین کەسایەتییە کاریگەرەکانی جیهان و سەرۆکی وڵاتان.

بۆ ئەمساڵیش 35سەرۆک وڵات لە میتینگەکاندا بەشداربوون، دۆنالد ترەمپ یەکێکک بوو لە بەشداربووان. لە میانەی کۆڕبەندەکەدا چەندین پانێڵ و دیداری هەمەچەشن و گرنگ هاتنە بەر بارس و لێکۆڵینەوە، لەوانە پرسە تایبەتییەکانی پیسبوونی ژینگە و سووتاندنی دارستانەکانی ئوسترالیاو ئەمازۆن بوو، چونکە ژینگەو گەردوون ئارامی لەدەستداوە بەهۆی نالەباری کەشیی سروشتی و تەبەقەی ئۆزۆن. بۆیە دەکرێ بڵێین دیدارەکە دیالۆگی بەهێزکردنی پرسە ئابووریەکانی وڵاتان بوو لە ڕێگەی پەڕینەوەی ئەو پردە ستراتیژییەتەدا بە مەبەستی ڕوئیاو دیدگایەکی ڕوونیان نەبووە بەرامبەر دەرهاوێشتە سیاسییەکان، تەنها ئەوە نەبێ کە بالانسی هاوکێشەکانیان ڕاگرتووە بە ئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاو بۆ بیرە نەوتییەکان بووە. بەڵام ئێمازی ئەمجارە جیاوازە، چونکە هەلومەرجی تازە هاتووەتە ئاراوە، لەوانە کوشتنی قاسم سولێمانی و خۆپیشاندانەکانی شیعەکان بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق و هەڵگیرساندنی فتیلی شەڕ نێوان ئێران و ئەمەریکا، لە سەرووی هەموو ئەوانەش داکۆکیکردنی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ پرسی سەربەخۆیی. جا لەم وێستگە تازەیەدا داڤۆس چی لەهەگبەدا بووە بۆ کورد؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لەم نزیکانەدا بە ڕوونی وێنا دەکرێت، چونکە زمانی سیاسەت فرێدانی کارتە، کارتی ئەمجارەش ئەم هاوتەریب بوونەیە، ئەم بەئاوێتە بوونە تازەیەو تێکەڵکردنی بە پرسە یونیۆێرسەڵەکانیش، وێستگەیەکی تازەی سیاسەتی ئەمەریکاو بەهیوای ئەوەی ئایندەیەکی گەش بۆ کوردو بۆ پرێزێنتی کوردان.

*** ماستەر لەپاسای گشتی، زانکۆی حیکمە بەیروت**

هۆڵەندا.. ڕۆژژمێرەکەی ئانە فرانک دەبێتە بەشێک لە مێژووی گێڕانەوەی هۆلۆکۆست

ئەنفال دەستەخوشکی پاکتاوەکانی نەژادپەرستییە



ساسان دەرویش- هۆڵەندا

گەرچی لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەی هەرێمی کوردستان لە هەموو کایەکانی ژیان و یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنی ڕۆژی ئەنفال لەنێو خۆماندا و چڕکردنەوەی هەوڵەکانی حکوومەت و چالاکوان بۆ بەجێنۆساید ناساندنی، بەڕای خۆم هێشتا ئەم پرسە نەگەیشتۆتە ئەوەی کە بەتەواوەتی جیهان ئاشنا بکەین بەم کارەساتبارەی نەتەوەکەمان لە ئەنفال و تاوانەکانی دیکە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی مۆزەخانەیەکی گەورەی نیشتیمانی و ڕاکێشانی گەشتیاران بۆی، یاخود بەرهەمهێنانی فیلم لەسەر ئەنفال و ناساندنی لە فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان و فرۆشتنەوەیان بە وڵاتان، دەکرێ لەم یادکردنەوەیەوە هەنگاوی خێرا بنێین بۆ ئەم پرسەمان و گەیاندنی مەینەتییەکانی گەلەکەمان بەدنیا، کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە کۆمەڵکوژی قەدەغەکرا و هاوکات زیاتر لە 31 وڵات پابەندی بڕیارەکە بوون، کەچی داخی گرانم بەبەرچاوی هەمووانەوە هەوڵی سڕینەوەی کورد و دێمۆگرافیەی ناوچەکەی و کۆمەڵکوژی دەدرێ لەلایەن داگیرکارانیەوە و دەوڵەتی ناوەندی عێراقیش کەمتەرخەمەو هیچ هەنگاوێکی جدی نەناوە کە بێبێتە هۆکارێک بۆ دەنگدانەوەی زیاتر و ناساندنی کارەساتی ئەنفال و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری بەجێماویان .

27ی کانوونی دووەم یادی کارەساتی هۆلۆکۆست

هەموو ساڵێک لە چەندین وڵاتانی جیاوازی دنیا لە 27ی کانوونی دووەم یادی کارەساتی ڕۆژی جیهانیی هۆلۆکۆست "کۆمەڵکوژی جووەکان" دەکرێتەوە، ئەم وشەیە هۆلۆکۆست واتە سووتانی بەکۆمەڵ کە وشەیەکی لاتینی و یۆنانییە "ئۆشفیتس بیرکینو" کە ئێستا ڕەمزی کۆمەڵکوژییە و دوایین نیشتیمانی لە پۆلۆنیا کە جگە لەوەی کە پرسەکەیان بەدنیا دەناسێنن لەگەڵ ئەمەشدا داهاتێکی زۆریان دەست دەکەوێت بۆ حکوومەتەکەیان، ئۆشفیتس بیرکینو یەکێکە لە شوێنەوارە کولتوورییە جیهانییەکان و ساڵانە 700 هەزار گەشتیار لەسەرانسەری جیهانەوە سەردانی دەکەن، نزیکەی حەوت هەزار کەس لەو سەربازگەیەدا لە مردن ڕزگاریان بووە و گەواهیدانیان لەسەر تاوانەکە لێ وەرگیراوە و هەموو شتەکانی زیندانییەکانیش لەم مۆزەخانەیە پارێزراوە، لەدوای ئەم کارەساتەش ئەڵمانیا ناچار کرا کە ساڵانە قەرەبووی سەربازگەی نازیەکان بوو لەسەر خاکی پۆلۆنیا لە جەنگی جیهانی دووەم، بە ملیۆنان مرۆڤی تێدا لەناوبرا، لە نێویشیاندا جووەلەکەکان، هێڵی شەمەندەفەر بۆ سەربازگەکە ڕاکێشرابوو، لە هەموو لایەکەوە نازیەکان جووەکانیان دەگرت و دەیانگواستنەوە ئەم سەربازگەیە تا بە درێندانەترین شێوە لەناویان بەرن، ئەمەش لە دوای ڕزگارکردنی ئەو سەربازگەیە یاخود ئۆردوگا لە 1945/1/27 لەلایەن سۆڤیەتەوە ڕزگارکرا، ئەم ڕۆژەش وەک ساڵیادی هۆلۆکۆستی جوولەکەکان دیاریکرا لە ئێستادا ئەم شوێنە بۆتە مۆزەخانەیەکی زۆر گەورە بۆ ئێمەی کورد خاسیەتی هەڵگرتنی ئەم ناونیشانە لەم هەلومەرجەدا هەڵگری پرسیاری زۆرە؟ هەرچەندە ئەمەریکا و سیاسەتی ئیدارەی ئەمەریکا دەرهەق بە گەلی کورد زۆر ڕوون و ئاشکرا نەبووە بەرامبەر بە پرسی کورد و چارەنووسی کورد و هەرگیزیش ئەم ئیدارەیە جێگای باوەڕ و متمانە نەبوونە، چونکە سەرۆکی کوردان بۆ ئێمەی کورد خاسیەتی هەڵگرتنی ئەم ناونیشانە لەم هەلومەرجەدا هەڵگری پرسیاری زۆرە؟ هەرچەندە ئەمەریکا و سیاسەتی ئیدارەی ئەمەریکا دەرهەق بە گەلی کورد زۆر ڕوون و ئاشکرا نەبووە بەرامبەر بە پرسی کورد و چارەنووسی کورد و هەرگیزیش ئەم ئیدارەیە جێگای باوەڕ و متمانە نەبوونە، چونکە هەلومەرجی تازە هاتووەتە ئاراوە، لەوانە کوشتنی قاسم سولێمانی و خۆپیشاندانەکانی شیعەکان بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق و هەڵگیرساندنی فتیلی شەڕ نێوان ئێران و ئەمەریکا، لە سەرووی هەموو ئەوانەش داکۆکیکردنی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ پرسی سەربەخۆیی. جا لەم وێستگە تازەیەدا داڤۆس چی لەهەگبەدا بووە بۆ کورد؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لەم نزیکانەدا بە ڕوونی وێنا دەکرێت، چونکە زمانی سیاسەت فرێدانی کارتە، کارتی ئەمجارەش ئەم هاوتەریب بوونەیە، ئەم بەئاوێتە بوونە تازەیەو تێکەڵکردنی بە پرسە یونیۆێرسەڵەکانیش، وێستگەیەکی تازەی سیاسەتی ئەمەریکایەو بەهیوای ئەوەی ئایندەیەکی گەش بۆ کوردو بۆ پرێزێنتی کوردان.

*** ماستەر لەپاسای گشتی، زانکۆی حیکمە بەیروت**

ئەمەریکا ئیدانەی ڕووسیا و ئێران و ڕژێمەکەی ئەسەدی دەکات

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ ئاماژەی بەوە کرد کە هێرشی بەرفراوانی ڕووسیا، ئێران، حزبوڵڵا و ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد دەکات بۆ سەر خەڵکی ئیدلب و ناوچەی خۆڕئاوای حەلەب ڕێگەر لە دەستبەرکردنی ئاگربەستی لە باکووری سووریا و گەرانەوەی سەدان هەزار کەس بۆسەر ماڵ و حاڵی خۆیان کە لە بڕیاری ژمارە 2254ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییدا بانگەوازی بۆ کراوە. مایک پۆمپیۆ، جەختی لەسەر ئەوەش کردووەتەوە کە ئامادەی هەڵنانی هەموو جۆرە هەنگاوێکی دیپلۆماسیی و ئابووریین دژبە ڕژێمەکەی ئەسەد و ڕایگەیاند: ئەمەریکا ئیدانەی ئەو هێرشە ناپەسەندانە دەکات کە دژبە خەڵکی باکووری سووریا ئەنجام دەدرێن. داوا دەکەین ئاگربەستی بەپەلە ڕابگەیەندرێت و ڕێگە بدرێت بە گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان بەو ناوچانەی کاریگەری هێرشەکانیان لەسەرە. مایک پۆمپیۆ بەهۆی ئەو هێرشانەی لە ئیدلب ناوچەکەدا و ڕایگەیاند: داوا دەکەین ئاگربەستی بەپەلە ڕابگەیەندرێت و ڕێگە بدرێت بە گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان بەو ناوچانەی کاریگەری هێرشەکانیان لەسەرە.

هەولێر..بەرپرسی لقی 16: لاوانی کوردستان سەرمەشقی خەبات و بنیادنانی کۆمەڵگایەکی بەهێزن



بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بەتوێژی لاوان و کار ئاسانی بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکیەکانیان لەپێناو خزمەتکردنی لاوان بەتایبەتی و چین و توێژە جیاجیاکان بەگشتی، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی، لەناحیەی کەسنەزان لەمەراسیمێکی تایبەتدا بارەگای ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی کەسنەزان بەرپرسی لقی16 لەوتەیەکیدا بەم بۆنەیەوە تیشکی خستەسەر رۆڵی گرنگی لاوانی کوردستان لەخەبات و تێکۆشان دژی داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان لەپاڵ کاری رێکخراوەییاندا کە توانیویانە لەماوەی دوور و درێژی تەمەنی رێکخراوەکەیاندا خزمەتێکی گەورەو بەرچاو بەنیشتمان و نەتەوەکەی خۆیان بکەن، هەربۆیە ئەمرۆ بوونەتە سەرمەشقی خەبات و بنیادنانی کۆمەڵگایەکی بەهێز، ئومێدەوارین بەکردنەوەی ئەو بارەگایەش خزمەتی گەورەتر بەلاوان و تەواوی دانیشتووانی ئەو سنوورە بکەن.

لەبەشێکی دیکەی مەراسیمەکەدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر سوپاس و پێزانینی بەخشییە کەسایەتی دیاری سنوورەکە عەبدولواحید برادۆستی کە لەسەر ئەرکی خۆی هەڵسابوو بەدروستکردنی ئەو بارەگایە بۆ ئەوەی لەوێوە خزمەت بەتوێژی لاوان و سەرجەم دانیشتوانی سنوورەکە بکرێت.

بەرپرسێ لقا ئێک: کونگرێ 14یێ پارتی دێ گرنگیا خوە یا بەرچاڤ هەبیت لسەر ئاستێ ناڤخوە و هەرێمی و نێڤدەوڵەتی



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک ل بارەگایێ لقێ و ب یاوەریا بەرپرسێ نڤیسینگەها رێکخستنێ دگەل ئەندام نڤیسینگەهێن لقێ کۆمبوو.

دڤێ کۆمبوونێ دا بەرپرسێ لقێ باسێ ل هند پێشهاتییێن نویی ل گوڕەپانا سیاسی کرن و ژ وان گرێدانا کونگرێ 14ێ پارتی دیموکراتی کوردستان کو دهێتە چاڤەرێکرن د یسال دا بهێتە گرێدان، ڤی کونگرەیی دێ گرنگیا خوە یا بەرچاڤ هەبیت لسەر ئاستێ ناڤخوە و هەرێمی و نیڤدەوڵەتی.

پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا کونسلێ ئێکەتیا ئەوروپا ل کوردستانێ کر



ل کوچکا میهڤاندارییا فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا ڤێنسنت پوپیو کونسلێ ئێکەتیا ئەوروپا ل هەرێما کوردستانێ کر.

دهڤدیتنەکێدا بەحسێ نوترین پێشهاتیێن سیاسی ل عیراقێ و کار و پروژێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئەوێن ل پارێزگەهێ دهێنە ئەنجامدان هاتەکرن. دتەوەرەکێ دی دا بەحسێ پەیوەندییێن ئێکەتیا ئەورووپی دگەل حکومەتا هەرێما کوردستانێ و ئەو پشتەڤانیا ئێکەتیا ئەورپی ل هەرێما کوردستانێ دکەت دبیاڤێن جودا جودا هاتەکرن. پارێزگەرێ دهوکێ خوشحالیا خو ب سەرەدانا کونسلێ ئێکەتیا ئەورپی دیارکر وسوپاسیا ئێکەتیا ئەروپا کر ل دور ئەو پشتەڤانیا بو هەرێمێ دکەت و خواست پەیوەندییێن هەردوو لا پتر بهێنە پێشئێخستن و هاریکاریێن ئێکەتیا ئەوروپی بو هەرێمێ ب گشتی و پارێزگەها دهوکێ ب تایبەتی بهێنە زێدەکرن.

بەهۆی گرانکردنی نرخەوە کارگەیەکی غاز لە سلێمانی دادەخرێت



لە ڕاپۆرتی لێژنەی غاز ئەوە خراوەتەڕوو، کە کارگەی غازی ئەزمەر، نرخی غازی مالآنی لەسەر بریکارەکان زیاد کردووە.

لە کاتێکدا شاری سلێمانی ڕووبەڕووی هیچ گرفتێک لە بڕ و نرخی غازی مالآن نەبووەتەوە، بەڵام خاوەنی کارگەکە بە حەوت هەزار و 500 دینار فرۆشتوویەتی بە بریکارەکان کە پێوستە بەنرخی ئاسایی کە تەنیا شەش هەزار و 500 دینارە پێیان بفرۆشێت. ئاماژە بەوەش دراوە.

خاوەن کارگەی غازی ئەزمەر بە بریکارەکانی ڕاگەیاندووە نرخی غاز لەسەر هاوولآتییان زیاد بکەن گوتوبەتی: بە9 هەزار، یان 10هەزار دینار بیفرۆشن، بۆیە بەهۆی گرانفرۆشییەوە لەلایەن قایمقامی سلێمانی، بڕیاری داخستنی کارگەکەدرا، هەروەها ئەو غازەی لە کۆگای سەردانێکی مەیدانی هات کە دوێنێ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانی بەسەرکردەوە و لەو سەردانەیدا لەکێشەو گرفتەکانی ئەو دەستەی کۆلیەوە و ستایشی ئەرک و کارەکانی لێکردن.

لەکۆبونەوەیەکیدا لەگەڵ بەرێوەبەری و کارمەندانی دەستەی ئاماری هەرێم وەزیری پلاندانان ڕایگەیاند کارگەکەیدایە، بەنرخی ئاسایی بە سەر بریکارەکاندا دابەشی دەکرێت. هەر لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە: هەر هاوولآتییەک حالەتێکی بینی کە نرخی غاز گران کرابوو، یان دووکاندارێک ئامادە نەبوو بیفرۆشێت، دەستبەجێ لێژنە هاوبەشەکانی لێ ئاگادار بکەنەوە، بۆ ئەوەی ڕێکاری پێویستی لەگەڵدا بگیرێتەبەر.

کەلار.. بەهۆی دەرنەچوونی لەخوێندن مێردمندالێک خۆی کوشت

خەبات ـ سەبریە یوسف

دوێنێ لەشاری کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، مێرد منداڵێک بەهۆی دەرنەچوونی لە قوتابخانە خۆی کوشت.

موقەددەم عەلی جەمال، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: لەگەڕەکی جوتیارانی شاری کەلار مێردمندالێک بەناوی نالی والی حەمەسالح لەدایکبووی 2005 لەماڵی خۆیان فیشەک بەخۆیەوە دەنێ و لەئەنجامدا گیان لەدەست دەدات.

وتیشی بەوتەی کەسوکاری ناوبراو لەپۆلی حەوتە و بەهۆی دەرنەچوونی لەخوێندن خۆی کوشتووە.

ئەو بەرپرسەی پۆلیس ڕاشیگەیاند لەئێستادا بەمەبەستی توێکاری تەرمەکەی هێنراوەتە پزیشکی دادی کەلار و پۆلیس دەستی بەلێکۆڵینەوە کردوە لەسەر هۆکاری خۆکوشتنەکە.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر دەستی بەسەر 22 پاسپۆرتدا گرت



بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند، توانیویانە دست بەسەر 22پاسپۆرتدا بگرن و بە بڕیاری دادوەر تۆمەتبارێکیش دەستگیر بکەن. عەمید دلێر نەجات یاسین نەجارِ، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، لە لێدوانێکدا بە میدیاکانی ڕاگەیاند، پاش ئەوەی زانیاریمان دست کەوت کە22 پاسپۆرت گومانیان لێ دەکرێت، دەستبەجێ تیمە تایبەتەکانمان دەستیان بە لێکۆڵینەوە و چاودێریی ورد کرد و توانرا هەر22 پاسپۆرتەکە دەستیان بەسەردا بگیرێت.

بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر ئەوەشی خستەڕوو، پاسپۆرتەکان لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر دەستیان بەسەردا گیراوە و تۆمەتبارێکیش بە ناوی (ر.ر.ک) بە بڕیاری دادوەر و بەپێی ماددەی (299) لە یاسای سزادان دەستگیر کراوە، هەروەها بە گوێرەی ماددەکانی (289) و (298) بڕیاری دەستگیرکردن بۆ تۆمەتبارێکی دیکە بە ناوی (ب.ر.ک) دەرچووە، کە لە دەرەوەی وڵاتە و هەردووکیان ویستوویانە بە شێوەیەکی نایاسایی مامەڵە بەو پاسپۆرتانەوە بکەن.

وەزیری پلاندانان: بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێم پێویستمان بە ئاماری دروست و زانیاری ورد هەیە



حکوومەتی هەرێم گەنمی جووتیاران وەردەگرێتەوە و ئاسایشی خۆراک دابین دەکات



گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێ: حکوومەتی هەرێم ڕەزامەندیی دەربڕیوە سااڵنە ئەو گەنمەی جووتیاران کە دەمێنێتەوە و حکوومەتی عێراق وەری ناگرێت، خۆی بیکڕێتەوە، ئامانجی حکوومەتیش ئەوەیە، ئاسایشی خۆراک لە کوردستان دابین بکات.

حوسێن حەمەکەریم ڕایگەیاند: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ڕەزامەندیی داوە لەوەی سااڵنە ئەو بەشەگەنمەی جووتیارانی کودستان کە دەمێنێتەوە و حکوومەتی عێراق لێیان وەرناگرێت، خۆی وەریبگرێتەوە.

گوتیشی، پڕۆژەکە ئێستا لە ژێر دیراسەدایە لەلایەن لایەنە پێوەندیدارەکانەوە و دواجار پڕۆژەیەکی تەواو بۆ سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرزدەکرێتەوە. ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، حکوومەت دەیەوێت ئاسایشی خۆراک جێگیر بکات و جووتیارانی کوردستان زیانمەند نەبن، سااڵنەش کوردستان یەک ملیۆن تۆن گەنم بەرهەم دەهێنێت و حکوومەتی عێراقیش سااڵی ڕابردوو370 تۆن گەنمی لە جووتیارانی کوردستان وەرگرتووە، بۆیە ئەو بڕەی دەمێنێتەوە، جووتیاران بە ناچاری بە نرخێکی زۆر کەم دەیفرۆشنەوە.

لێژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت تاوتوێی ڕەوشی شێڵتەرەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆندوتیژی خێزانیی دەکات



بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەڕەوشی شێڵتەرەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆندوتیژیی خێزانی، دوێنێ لێژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ شاندێکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژیی خێزانی کۆبوونەوە.

لەکۆبوونەوەکەدا لەلایەن شاندی میوانەوە کێشەو گرفتەکانی بەردەم بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ لێژنەکە ڕوونکرایەوە و چەند داتاو ئاماژەیەک خرانەڕوو، هەروەها چۆنیەتی هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژیی خێزانی بەئامانجی ڕێکخستنەوەی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکان و کۆمەڵگە تاووتوێ کرا.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لە هێڵی گەرم کرا کە بەشێوەیەی بەرچاو کاریگەریی هەبووە لەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو ئەو بەربەست و کێشەو گرفتانەشی دێنە بەردەم ستافی هێڵەکە. هەروەها هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەلاق و تۆندوتیژییەکان و چۆنیەتیی لێکۆڵینەوە لەبەڕێوەبەرایەتییەکان گفتوگۆیان لەسەر کرا.

بە گومانەوە سەیری یەکترکردن، لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵوەشانەوەی خێزان

دڵپیسی حاڵەتێکی دەروونییە و پێویستی بە چارەسەر هەیە

ژیری نییە کە هەریەک لە هاوسەران دەربارەی رابردوو، یاخود ئەزموونی لاوێتیی خۆی بەراشکاوانە بۆ لایەنی بەرامبەر باس بکات





پارێزەر/ قادر ژیوان

دڵپیسی یەکێکە لەو دیاردە بەربڵاوانەی کە لە سەرجەم کۆمەڵگەی سەرزەویدا بوونی هەیە، دڵپیسی جۆرێکە لەئێرەیی سڕووشتی و گوزارشتە لە خۆشەویستی، وەلێ دڵپیسی گوماناوی لەنێوان هاوسەراندا دەبێتە کرۆکی سەرهەڵدانی بێ بڕوایی و لەدەستدانی متمانەی نێوانیان و یەکێکە لە کۆسپە مەترسیدارەکانی سەرەتای هاوسەرگیری. جۆشخواردنی دڵپیسی وەکو کرمی دار وایە، دەچێتە نێو دەرختی ژیانی ژن و مێردایەتییەوە و گەشە دەکات.

کاتێک دڵپیسی دەتەقێتەوە ئەوا بنیاتی ژیانی هاوسەرێتی دەلەرزێنێ، لەرزەیەکی توند کە بێجگە لە مااڵوێرانی و هەڵتەکاندن و هەڵوەشاندنەوەی خێزان ئەوا چیدیکەی لێناکەوێتەوە، دڵپیسی حاڵەتێکی دەروونی ناوازە و ئاڵۆزە، چونکە ئەو کەسەی دڵپیسی لە هاوسەرەکەی دەکات زۆر جاران خۆی لێ بێ ئاگا دەکات و دەڵێت: دڵپیسی بەڵگەی خۆشەویستی و پێداویستییەکانەتی.

بەڵای دەروونناسانەوە ئەم بۆچوونە پێچەوانەیە، ئەگەر ئەو خۆشەویستییە لە نێوان دوو کەسدا یەکیگرت ئەوا لەگەڵ ئەو دڵپیسییەدا نایەتەوە کە لەراستیدا ئێرەیی پێبردنە و ئێرەییش جۆرێکە لە رق و کینە و گوزارشت لە خواستی ڕەها و خۆپەرستی دەکات.

دڵپیسی دوو جۆرە

یەکەم: ئەو حاڵەتەیە کە گومان لەکەسی بەرامبەر دەکرێت، بەڵام بنەمای هەیە و بەڵگە و هۆکارەکەی دیار و لەقەڵەم بدرێت.

دووەم: ئەو دڵپیسییەی کە دەبێتە دیاردەیەکی ناوازە یان کەسەکە نەخۆشی دەروونی هەیە کە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت و خودی دڵپیس وا لێدەکات کە بەبێ بەڵگە و بنەما و بەبێ سەرچاوەیەکی بڕوا پێکراو بەگومانەوە سەیری هەموو شتێک بکات.

بۆیە دەروونناسان پێیانوایە دڵپیسی حاڵەتێکی دەروونییە و پێویستی بە چارەسەر هەیە، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە سنووری پەیوەندییە کۆمەاڵیەتییەکان دەبەزێنن.

گومان و بێ بڕوایی

کێشەی گومان و بێبڕوایی لەنێوان هاوسەراندا پرسێکە لە مەبەستە ترسناکەکان!! دەبێ چەند خێزان هەاڵوەشابنەوە یاخود بەرەو لێکترازان چووبن و بەهۆی لاوازی و لەدەستدانی متمانە بەیەکتری چەندین کێشەی لەو جۆرە ڕووبەڕوویان بووبێتەوە کە لەنێوانیاندا (شک و گومان و دڵەڕاوکێ ڕاستگۆیی و ڕێزگرتنی بێسنوور بناغەی ئەو ڕاستگۆیی و متمانەیەن.

لەسەر هەر دوو لایەن پێویستە بابەتیانە مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا بکەن، دەبێ بەرپرسی تەواوی ڕەفتارەکانیان بن. ئەگەر هەر یەکێک لەو دوو هاوسەرە هەڵەیەکیان ئەنجامدا ئەوا دەبێ دانی پێدا بنێت. پێویستە هەریەکێکیان کات و ڕۆژێکی دیاریکراو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دیاری بکات.

ئەگەر ژن ڕاستگۆیی لەدەستدا و لەسەر درۆکردن ڕاهات و دانی پێدا نەنا، ئەوا بەڵگە دەداتە دەستی مێردەکەی و متمانە بە ڕەفتارەکانی نامێنێ، بڕوا بەو ڕەفتارانەش ناکات کە بەڕاستگۆیی ئەنجامیان دەدات، بەهەمان شێوە ئەگەر پیاوەکەش درۆزن بوو بەڵگە دەداتە دەستی ژنەکەی و متمانە لەدەست دەدات، خۆ ئەگەر ڕەفتارێکی دروستیشی ئەنجامدا ئەوا ژنەکەی بڕوای پێناکات.

هەڕەشەی هەڵتەکاندنی خێزانەکان و ئەگەر ژیانی هاوسەرێتی پشتی پێببەستێت ئەوا ژیان بەهێمنی گوزەر دەکات، بەاڵم ئەگەر هەڵسوکەوت بە ناڕاشکاوانە بوو ئەوا ژیانی ژن و مێردایەتییان پڕ دەبێت لە گرفت و ئاریشە و بڕواو متمانە بە یەکتری لەدەستدەدەن.

ڕاشکاوی سنووری خۆی هەیە

هاوسەران نابێ واتیبگەین کە ڕاشکاوی ڕەهایە و بێسنوورە، هەروەکو هەندێک پێیانوایە ئەگەر ڕاشکاوی بەو پێناسەیە بێت ئەوا ڕق و کینە دروستەکات و لەجیاتی خۆشی و شادی ئەوا خێزان بەرەو داڕمان دەبات، بەتایبەتی ئەگەر ژن و مێرد لەئاستی تێگەیشتن و هۆشیاری و متمانە بەیەکتری نەبوون، شتێک نیە بەناوی ڕاشکاوی ڕەها، بەتایبەت لە ژیانی تایبەتی پێش هاوسەرگیریباندا، ئەمە ژیری نییە کە هەریەک لەم دووانە بەرامبەر بەئەوی دیکە دەبارەی ڕابردووی یاخود ئەزموونی لاوێتی خۆی بەڕاشکاوانە بۆ لایەنی بەرامبەر باس بکات، چونکە هەرچەندە ژنەکە داوای لێبووردن لەبەرامبەر مێردەکەیدا بکات ئەوا مێردەکەی مەحاڵە لێیخۆشبێت، چونکە دواتر ئەو ڕاشکاوییە ئەرێنییە لەکاتی جێبەجێکردندا دەبێتە نەرێنی و گومان لەنێوان هەردوو هاوسەردا سەرهەڵدەدەن و شیرازەی خێزان بەرە و لێکترازان دەبەن.

سنووری ڕاشکاوی لە نێوان هەردوو هاوسەردا هەریەک بۆ ئەوی دیکە دەبێ دیاریکراو بێت کە زیانبەخش نەبێت و هەست بریندار نەکات، وەلێ ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی هەریەکێکیانەوە هەیەو دووەم لە (مااڵ و خێزان و منداڵ)، وەکو ڕابردووبان، یاخود پەیوەندیان بە هاوڕێیان و خزمانیانەوە، بەهیچ شێوەیەک نابێ ڕاشکاوانە باسیان بکات، مافی ئەوەی نیە داوای گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی ڕابردووی بەرامبەرەکەی بکات و پرسیاری وای لێبکات کە بێجگە لە جیابوونەوە هیچی دیکەی لێناکەوێتەوە، بۆ نمونە بڵێت: چەند جار خۆشەویستیت کردووە؟ پێش من کێ دەستگیرانت بووە؟ لەگەڵ کێ چووینە دەرەوە؟ پرسیاری لەو جۆرەی کە نیشاندانی سەرەتایەکە بۆ کۆتاییهێنانی ئەم پەیوەندییە، بەهەمان شێوە ئەوەی تایبەتە بەپەیوەندی تایبەت بە خانەوادە و هاوڕێیانەوە، چونکە خانەوادە و هاوڕێی نهێنی تایبەتیان هەیە و نابێ هیچ لایەکیان ئەمە بدرکێنن، لەکاتێکدا ئەم زانیارییانە سودیان پێناگەیەنێت، بەڵکو زیان بە خۆیان و خانەوادەکەیان دەگەیەنێت، هەر یەکەیان بە پاراستنی نهێنییەکان و نەدرکاندنی بۆ کەسانی دیکە، ئەوا بڕوا و متمانەی نێوانیان و خانەوادەکانیان پتر بەدەستدێن، چونکە هەردوو هاوسەر دەشێ وەاڵمی هەموو ئەو پرسیارانەیان لە سەرەتای دەستگیراندایدا دەستکەوتبێت.

بەهەر حاڵ، زۆربەی گوتەکان پێیانوایە کە ڕاشکاوی لەنێوان ژن و مێرددا پێویستە و بنەمای ئەو ئاشتییەیە کە ژیانی هاوسەرێتی دەبێ گوێڕایەڵی پیاوەکەی بێت و هەست بە داواکاری و پێداویستییەکانی بکات، لە هەڵسوکەوتیدا نەرم و نیان بێت و پشوودرێژ بێت، سۆز و خۆشەویستی بۆی هەبێت و هەست و نەستی مێردەکەی لەبەرچاو بگرێت، ژن دەتوانێت بە ڕاستگۆیی و دەستپاکی و ڕاشکاوی و لێبووردەیی بەهای ژیانی هاوسەرێتی بپارێزێت.

"تامس هێل گرین"(1836. 1882) دەڵێت: (مرۆڤ دەبێ ڕازیبێ بەوەی کە هەموو تاکەکان تواناو بەهرەیەکی یەکسانیان هەیە، واتە ئەگەر داوای مافی کرد بۆ خودی خۆی پێویستی بە ناسینی مافی کەسانی دیکە دەکات، کاتێکیش چاکەی خۆی دەوێت ئەوا پێویستە پێشتر چاکەی بەرامبەرەکەی بزانێ).

بۆیە هەر یەکە لە (کوڕ و کچ) بەر لەوەی بچنە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە دەبێ بزانن ئەرکو مافیان لەبەرامبەر یەکتریدا چیە، خۆ ئەگەر ئامانج و مەبەست، ئامانجی هاوسەرگیری لەبەر چاو نەگرن، ئەوا دووچاری کێشە و گرفتە چاوەڕوان نەکراوەکان دەبن و لە جیاتی هەوڵ و کۆششیان لە پێناو خۆ قوتارکردنێیێت لێی، ئەوا دووچاری خۆلێدزینەوە دەبن، کە ئەویش بریتی ئاریشەکانیان قوڵتر دەکات.

بۆ ئەم مەبەستە "هێربت هاکز" دەڵێت: (بەبێ مەبەست بە گەمژەیی و گەوجی ملی ڕێگرتن، نەک هەر تەنها مایەی نیگەرانییە بەڵکو گەورەترین لەمپەڕێکن لە بەردەم گەیشتن بە ئامانج و سەرکەوتنەکان)، ئەم فاکتەرە بەباشی لە زۆربەی هاوسەرەکاندا بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت لای ئەو ژن و مێردانەی کەتەمەنیان لە خوار 18. 20ساڵیدایە.

بەمشێوەیە ئەگەر ژن پابەند نەبێت بەو ئەرکانەی کە لەسەرشانییەتی لەبەرامبەر مێردەکەیدا و مافی مێردەکەی لەبەرچاو نەگرێت، ئەوا دەروازەی کێشە و مللمانێ والآدەبێت و ژیانی خێزانی بەهایەکی نامێنێت.

ژن بۆ پیاو کلیلی بەختەوەرییە، ژیانی ژن و مێردایەتی ژیانێکی هاوبەش و نزیکبوونەوە لەیەکترییە، نەک پاوانکردنی ژیانی یەکتری

ئاشکرایە، چونکە ڕەفتار یان شتێک وەکو بەڵگە بینراوە و لەسەر بنەمایەک ئەم دڵپیسییە لە کەسی نزیک یاخود خۆشەویست دەکرێت کە لە گومان دەردەچێت و ئەمە ناکرێت بەنەخۆشی


ڕاشکاوی

ڕاشکاوی کۆڵەگەی ئاشتییە لەژیانی هاوسەرێتیدا، ڕاشکاوی بناغەی متمانەی نێوان ژن و مێردە و ئەو گومان و دڵە ڕاوکێ و نەخۆشیانەی تێدا نیە کە ببنە

ژنە شاعیر سروەی بەیان:

هیواخوازم بە نووسینی شیعری بەرخودان ببمە سیمبولی ژنانی ئازادیخواز لەنێو کورددا





دیمانە: وریشە عومەر

زۆرێک لە شیعرەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و فارسی هەندێک ئینگلیزی هەروەها چەندین کۆڕی شیعری و ئەدەبی لەناوەو دەرەوەی وڵات سازداوە و بەشداری لە کۆنفرانس و سیمینارو ڤیستیڤاڵە ئەدەبییەکان کردووە. چالاکوانێکی کارایەو داکۆکیکارە لە مافی ژنان،ئەندامە لە ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراسی، لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی سیروانە بەزمانی کوردی و عەرەبی وە پەیامنێری ڕۆژنامەی سیروانە لە هەولێر،ئەندام و کارگێڕی ناوەندی ڕۆشنبیری شاعیرانی کوردە،ئەندامی تۆڕی نەوایە بۆ چالاکییە مرۆییەکان، دوو کتێبی شیعری چاپکراوی هەیە بەناوی (هەناسەکانی ژنێک) و (تاسەکانی عیشق) بڵاوبۆتەوە وچەندین بەرهەمی دیکەی ئامادەیە بۆ چاپ. ئەم وتانەی سەرەوە دەستپێکی ئەوقسانە بوو کە خاتوو سروە بۆی کردین، لەم دیمانەیە بۆچوونەکانی دەربارەی دنیای شیعر بخوێنەوە:

*** بۆ شیعرت هەڵبژارد ؟**

ـ منداڵ بووم باوکم چیڕۆی شیعری وەک بانگ دا بەگوێمدا، لەوەوە خولیای شیعر بووم، شیعری کەڵە شاعیرەکانی کوردم خوێندەوە. قۆناغی هەرزەییم خەونم بە بەیانەوە دەبینی، لە مێشکمدا چەقی و ویستم ئەو حەزە وەک کەزیبەکانی ئەو سەردەمەم بهۆنەوە و بیانکەم بەشیعر.. تا قۆناغی ئامادەیی دڵم چۆراو مەرەکەبی خامەم ڕژایە سەر لاپەڕەکان. سەرەتا هەرزەییانە بوو، دڵ، هەست، ژیان، خێزان، نەتەوە و لەسەرو هەموویانەوە ئەو باگراوندە بەرفراوانە مەزنەی هەموو مرۆڤێک دەهەژێنێ هەر پلەیەکی هەبێ کە خۆشەویستییە کردمی بە شاعیر.

*** لەزمانی شیعریتاندا وشەگەلێکی ناسک و چیرۆک ئاسای ڕۆمانسی بەدی دەکرێت، ئاخۆ ئەمە زادەی خەیاڵی سیحری خۆتانە، یان پەیوستە بەژیانی واقیمیانەوە؟**

ـ خەیاڵی سیحری بوونی نییە، بەڵکو ئەندیشە هەیە هەڵقوڵاوی ناخی خۆتە، کاتێ مرۆڤ دەڕوانێتە خۆی خوتیلکەی حەز لەگەڵ دڵ لەتەمەنی هەرزەییدا فامیدەو نەفام دەهێنێتە سەر ئەوین و لەوێوە بەرەو باخچەکانی خۆشەویستی بۆ سوبوونی مرۆڤ. وشە خۆی لای خامەدار لە ناسکییەوە هەنگاو دەنێ، تەنانەت گەر زەبەلاحترین ژان و کردەی ژان وێنا بکەی ناسکە، چونکە لەکوانوەکەوە هەڵدەقوڵێت کە دڵە. مانی دڵم ئاواکرد، بۆ ژیان بۆ تێکەڵی بۆ ئەدەب بەسەرجەم بوارەکانییەوە ئنجا کۆمەڵگەو نەتەوە و ئەو زامە هاوتەریبیانەی بۆتە بالایەک بۆ تاک بەتاکی کورد. بەڵێ شیعر سەردێکە لە شاعیرەوە بە چەشنی پەخشان و چیرۆک و ڕۆمانە، وێژەیی خۆی نمایش دەکات، ڕۆمانسییەت سۆنگەی ئەوین و ئەشقە. بۆیە مرۆڤ بەڕۆمانسییەت لەگەڵ خۆی و دەوروبەر ئاشت دەبێتەوەو دڕێژە بەژیان دەدات. بەڵێ شیعرەکانم کۆپلەکانم زادەی واقیعی خۆمە، هەر خۆشم هاوڕێ و هاودڵ و هاوڕێی پێ هەڵدەبژێرم و دڕێژەی پێدەدەم.

*** لەزەتی شیعری و ڕیتمی شیعر لەلای ئێوە زیاتر لەشیعری ئازاد یان کلاسیک بەرجەستە دەبێت بۆچی؟**

ـ ڕۆچوون بە شیعردا و لەزمانی وێژەییدا چێژە لە بوحرانی ئەدەب لەسەرجەم بڕگەکانیدا بەرجەستە دەکرێت و ژیان و ئەدەب ڕەنگالەیی دەکات، دەنا هەموو مرۆڤێ دەدوێ و دەنووسێ، لێ شاعیر لە تێڕوانینی خۆیەوە بە نمایشکردنی هزرو دڵ و هەستی خۆی بە ئاستی توانای ئەدەبی لە دەرگاکانی خۆشەویستی دەدا چ بۆ دوو کەس بێ یاخود بۆ نیشتمان یا بۆ خودی ئەدەب. هیچ کامیان جیاوازییان نییە شاعیرانی کلاسیک ئێستاش خوێنەریان سەرسام کردووە، شاعیرانی سەردەم و مۆدێرن و نووسەرانی شیعری ئازاد بەگوێرەی قۆناغ کاریگەربیان بەسەر خوێنەرەوە هەیە.

*** ئیلهامی زۆرێک لەشاعیران خۆشەویستەکەیانە یان دایکە یان نیشتیمانە ئیلهامی شیعری ئێوە چیە؟**

ـ سروەی بەیان ناونرا بەو پێیەی سروەی هاوڵاتی وەک خولقەتی خۆی ئاواتەخوازبووە هەمیشە مژدەیەکی ڕۆح سووک بێ و ئەو ویستوویەتی هەم سروەیی هەم چرپەیی بە دڵ و گوێی مرۆڤە مرۆڤدۆستەکاندا بچڕێنێ. هەربۆیە دەڵێم بەڕاشکاوی خۆشەویستی جیهانێکی ئەفرێندراوە لەبەر ئەوە بەچەشنی دڵ لێدەداو تەنها بۆ مەعشوقێکە لە دڵا بێنێتەوە بۆ تا هەتایە ..دایک و باوک خوشک و براو هاوسەرو نیشتمان سەرچاوەی ئیلهامی منن. جیاوازی تەنها لەوەدایە ڕیزبەندی دەکرێ هەر کیانێ لەو ناونراوانە خانەی خۆی هەبێ . دایک و نیشتیمان لای سروەی بەیان پیرۆزترین، بەڵام خۆشەویستترینیان ئەو جوامێردیە لە گەنجینەکەی سینەمدا جێم کردۆتەوە.

*** تائێستا چەند دەقی شیعریتان کراوەتە گۆرانی؟**

ـ زۆرێک لەدەقە شیعریە شۆڕشگێڕییەکانم وەکو سروودی نیشتیمانپەروەری لە خۆپیشاندانەکان لە دەرەوەی وڵات و ناوەوەی وڵات بوونە دروشم. دەقێکم بەناوی (شەرڤان ناسنامەی کوردانە) لەلایەن هونەرمەندی دەنگ خۆش حەمە بەکر لەدەرەوەی وڵات کرا بەگۆرانی و لاوانەوە و بەدەسخۆشیەوە ڤیدیۆکەشی بۆ نارد‌مەو. هەروەها دەقێکی ترم لەلایەن سەنتەری عەلی مەردان لەکەرکوک پرسم پێکرا و هەڵبژێردرا بێ بەگۆرانی، بەڵام نازانم بەچی گەشتووە.

*** لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شیعرەکانت کێشەیان بۆ دروست نەکردوویت؟**

ـ وێڕای ڕێزم بۆ سەرجەم خوینەرانم پرسیارەکە ئاراستەی خۆتان دەکەمەوە. گەر لەسەدا یەکیش بێت بێگومان ئازاردەرە. زۆرن ئەوانەی پێیانوایە ژنە شاعیر گەر شیعری عاشقانەی بڵاوکردەوە ئیتر دەرگای عەشقی بۆ هەموان کردۆتەوە، لێ هیچ مرۆڤێ نەک تەنها شاعیر، بێ عەشق نابێ بنووسێ ، چونکە شیعر هاندەری بکوژیی نییە، بە پێچەوانەوە مەودای ژیان فراوان دەکات و ئەوە خۆشەویستیە دەبێتە بنەمای پێکەوە ژیان.

*** شیعرت بۆ سەربەخۆیی گۆرانوە، چی دەڵێیت لە بارەیەوە؟**

– بەڵێ، بەر لە هەڵوێستی بیرکردنەوەو شڕۆڤەی ژیان بە بوونییەوە، شیعرم بۆ بەرخودان و سەربەخۆیی و قوربانییەکانی نوسیووە و جەختم لەسەر تەوەری ژن کردۆتەوە بە شیعر. کە ژن هاوتایەو دەبێ لەم پرۆسەیەدا جێ دەستی دیاربێ. گەلانی پێشکەوتوو بە ژنەوە میژووییان هەیە و ژنیان بە ئەستێرەی ڕووناکی مێژووی خۆیان داناوە، ژن لەوڵاتاندا چۆتە سەر مانگ و لە زۆرینەی بوارەکاندا وەک پیاو ڕۆڵی هەبووە. هیواخوازم بە نووسینی شیعری بەرخودان ببمە سیمبولی ژنانی ئازادیخواز لەنێو کورد دا.

*** حەز بەشیعری چی دەکەیت ڕۆمانسی یان نیشتیمانی بۆ؟**

ـ یەک بە یەکیان پر بە حەز و بە گوێرەی ئەکشنی خۆیان لە دیدی پێویستییەوە بۆم نوسیوون و حەقی تەواوم خۆشەویستم دەسپێدەکا لەهەمان کاتیشدا بۆ شیعری نیشتیمانپەروەریم نووسیوە لەو بڕوایەدام کەم ژن هەن لەو بوارە بوێرانە هاتبنە مەیدان وەکو سروەی بەیان.

*** پێشمەرگەو شەهیدان لەکوێی شیعرەکانی تۆدان؟**

ـ لە زۆرجێ جەوهەری دەربڕینی سروەی بەیان پێشمەرگەو گەریلا و شەرڤان جوامێرانن کە گەشمردانی گەلەکەمانن. سروە وەک هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە خاوەن قوربانیم لە ڕێی نیشتمان بە هزر و فیکر و مرۆییەوە. لەبەر ئەوە من خۆم لە ڕیزی بەهەردارانداد دادەنێم. ئەوان هەردەم لە هزرو دڵ و ویژدانی سروەی بەیان، دان.

*** چی ئاوێتەی شیعرەکەیت بۆ ڕازاندەوەی؟**

ـ سەو مژدەیەیە مرۆڤایەتی پێ دەژیێتەوە. دڵ، نمایش، جوڵە، ئەشق، سەرد و سینواریۆ و خۆم دەبە ئەکتەر و دەقەکانمی پێدەڕازێنمەوە.گەر بۆ مەعشوقە ئەندێشییەکەم بڵێم ئەو ئاواز و من سەمام، ئەو شانۆیەو من ئەکتەرو بینەرو گوێگرم، ئەو شاخوێنبەرە من دڵەکەم، ئەو گوڵدانە و من گوڵەکە، ئەو هەنگەو من هەڵاڵەکەم بە قاچە وردەکانی دەپێتێم. ئاوا سروە شیعر دەڕازێنێتەوە.

*** پرۆژەی داهاتووت چیە؟**

ـ لە هەوڵدام بەم نزیکانە نەک بە شیعر بەڵکو بە ڕۆمان یاخود وەرگێڕان بێمە خزمەت خوێنەرانم. ئەمە بێ لە بەردەوام خولیای شیعری سروەی بەیان. بەو هیوایەی بوار هەبێ.

زۆرێک لەدەقە شیعرییە شۆڕشگێڕییەکانم وەکو سروودی نیشتمانپەروەری لە خۆپیشاندانەکاندا لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات بوونە دروشم



پرۆفایل:
سروە عوسمان مستەفا ـ نازناوی (سروەی بەیان) ، لە ساڵی 1966 لە شارە بێنازەکەی کەرکووک لە خانەوادەیەکی چەپڕەو و خەباتگێڕ چاوی بەدونیا هەڵێناوە. هەر لەمندالییەوە بەدونیای شیعر و ئەدەب ئاشنابووە. جێی سەرنجە کە باوکی شاعیرو نووسەرێکی ناوداربووە، سروە لە هەشتاکانەوە حەزی لە نووسینی شیعر و پەخشان بووە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسیویەتی. هەروەها هەوڵی وەرگێڕانیشی هەبووە.
لەسەرەتای نەوەدەکان چیرۆکی (استورە مملکە السید)ی زهدی الداودی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردی ئێستا نامادەی چاپە.

بۆنی ناخۆشی بەفرگر و چەند شێوازێک بۆ خاوێنکردنەوەی

زۆربەی خانمان بە بۆنی ناخۆشی بەفرگر و فریزێر عاجزن و بە دوای چارەدا دەگەڕێن. بۆنی ناخۆشی بەفرگر ڕەنگە هۆکاری جیاوازی هەبێت وەک: دانانی سەوزەواتی بۆندار وەک سیر و پیاز، تێکچوونی بەفرگر و یان ڕاگرتنی خواردنی کۆن و فاسدبوونی خواردنەکان. لەو بابەتە چەند ڕێکارێکی سانا دەخرێتەڕوو:

مایۆنز: هەندێجار بۆنی ناخۆشی نێو بەفرگر بەو هۆیەیە کە خواردن بە لێوار پلاستیکەکەی دەرگاکەیەوە نووساوە. لەو کاتانەدا دەتوانین بە ساسی مایۆنز ئەو مادانەی بەو لاستیکەکەوە لکاوە پاک بکەینەوە.

سەرەتا مایۆنزەکە لێدەدەین و چەند خولەکێک دەهێلینەوە و دواتر دەسڕینەوە.

ئانێلا: یەکێک لەو مادە سروشتیانەی بۆن دەگرێت ئانێلایە جا بە شێوەی پڕدرە بێت یان ڕۆحی ئانێلا. تۆزێک لە ئانێلا لە دەسرێیەک بدەن و لە سوچێکی بەفرگرەکە دەبنێن.

تەماتە و سرکە (خەل): ڕێگەیەکیتر بۆ لابردنی بۆنی ناخۆش ئاوی تەماتەیە.سەرەتا پێویستە تەواوی کەرەستەی نێو بەفرگرەکە دەربهێنن و دواتر ئاوی تەماتە بە هەموو قاتەکاندا بکەن و دواتر بە ئاوی شیلەوتین خاوێنی بکەنەوە. گەر بەو شێوەیە بۆنەکە نەڕۆیی بەفرگرەکە بە قوماشێک کە سرکە و ئاوی تەماتەتان پێدا کردووە بسڕنەوە.

ئاوی کەباد یان لیمۆ: کەباد (نارنج) و لیمۆ یەکێکیتر لەو شتانەی کە بۆنی بەفرگر دەبەن. بۆ کەلک وەرگرتن لەو میوانە پێویستە قاش بکرێت و لە چەند شوێنێکی بەفرگردا دابنرێت. گەر میوەکە نەبوو دەتوانن لە ئاوی میوەکان کەلک وەربگرن بەو شێوەیە کە بە قوماشێکی دابکەن و بەفرگرەکەی پێبسڕنەوە.

ڕەژوو: یەکێک لەو کەرەستە کاریگەرانەی کە بۆنی ناخۆشی بەفرگر دەبەن ڕەژوویە. بۆ سوود وەرگرتن لێی پێویستە پارچەیەک ڕەژوو لە قوماشێکی زۆر تەنک بپێچنەوە و لە سوچێکی بەفرگرەکە دابنێن.





چەند خاڵێک کە پێویستە ئافرەتان لەبارەی بۆیەکردنی قژەوە بیزانن

زۆرجار خانمان لەوە دڵگرانن کە ئەو بۆیەی لە قژیان داوە یەکدەست و یەکڕەنگ نییە واتا قژە کە بۆتە دوو تا سێ ڕەنگ. ئەو هەڵەیە هەرچەند لە تارایشگاکانیش ڕوودەدات، بەڵام بۆ ئەو ئافرەتانی لە ماڵەوە قژ بۆیە دەکەن بە بەردەوامی دێتەپێش. بە ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانە دڵنیا بن ئەنجامێکی باشترتان دەستدەکەوێت.

بەکارهێنانی کەل و پەلی شیاو: گەر یەکەمجار نییە کە قژتان بۆیە دەکەن ڕەنگە پەلە بکەن و هەر زوو بۆیەکە بخەنە سەر قژتان و چەند قۆناغێک ڕەچاو نەکەن، بەڵام کاتێک قژتان دڕێژە دەبێت کاتێکی زیاتر تەرخان بکەن و دڵنیا ببنەوە کە تەواوی قژتان بۆیەی بەرکەوتووە. بەر لە دەسپێک چەند تۆقەیەکی پلاستیکی لای خۆتان دابنێن. بەمکارە دەتوانن زۆر بە ئاسانی قژتان بە چەند شۆبەکەن دواتر بەش بەش بۆیەی لێببەدن. گەر قژتان دڕێژە یان زۆر پڕە پێویستە زیاتر لە تیوبێک بۆیە بەردەست بێت.

هەموو شوێنێکی قژ وەک یەک ڕەنگی بەرناکەوێت: پسپۆڕانی جوانکاری پێیانوایە کە لە کاتی بۆیەکردن پێویستە سەرنج بخرێتە سەر ڕەگی قژ نەک سەری قژەکان، بەو هۆیەی کە خۆی کۆتایی قژ ناسکترە و زووتر بۆیەکە وەردەگرێت، بەڵام ڕەگی قژەکان یەکەمجارە کە بۆیە دەکرێت و بێشک کاتێکی زیاتری دەوێت. هەروەها ڕاسپاردەیەکیتری ئەو پسپۆڕانە ئەوەیە کە بە دڕێژایی کاتی بۆیەکردنەکە لە شیکەرەوەی قژ کەلک وەربگرن. کاتێک وەک قۆناغی یەکەم ڕەگی قژەکان بۆیە دەکەن لە کرێمێکی قژ بۆ هەبوونی شێ لە کۆتایی قژ کەلک وەربگرن. کاتێک کاری بۆیەکردن گەیشتە نیوەی ئەو بۆیەی ماوەتەوە لە نوکی قژتان بدەن، چەوری و شێی کۆتایی قژ دەبێتە هۆکار تا زووتر بۆیەکە وەربگرێت. گەر حەز بە چەورکردنی قژ ناکەن لەو ڕێگە کەونە سوود وەربگرن کە بەر لە قژ بۆیەکردن نوکی قژ بە قیاسی دوو تا سی سانتم بقرتێنن و کورتی بکەنەوە ئەمکارە ڕێگرە لەوەیکە کۆتایی قژ بە ڕەنگی ڕوونتر لە ڕەگی قژەکان بێت.



کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری دکتۆر ئیحسان فوئاد دا

زانیار سەردار قرگەیی ـ سلێمانی

دکتۆر ئیحسان فوئاد، کوڕی کەریم بەگی حەمەد بەگە، بەگزادەی شاری سلێمانین و بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر شەریف پاشای خەندان، بنەماڵەیەکی ڕەسەن و ناسراوی زانستخوازی ئەم شارەن، چەندین ساڵ فێرکار بووە و مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە و چەندین کەسی پێگەیاندووە، هەر لە سەرەتاوە تا بە ئەمڕۆ دەگات کوردێکی نەتەوەیی و دڵسۆز بووە، لە بواری ڕۆژنامەگەریشدا کاری کردووە و گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)یان دەرکردووە، لە ساڵی 1961 -1959، کە 18 ژمارەیان دەرکردووەو خاوەن ئیمتیازەکەی (جەمال شاڵی) پارێزەر بووە و (کامەران موکری) سەرنووسەر بووە، ئەم گۆڤارە دووەم گۆڤارە لە میژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا لەدوای گۆڤاری گەلاوێژ، ئەم گۆڤارە هاوبیری پارتی بووە و لە خزمەتی ڕێبازی کوردایەتی و بارزانی بووە و زۆربەی جار وتە بەنرخەکانی بارزانیی نەمری تێدا بڵاوەدەکرایەوە و بە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولی 1961 گۆڤارەکە داخرا. ئەم دیمانەیم لە کتێبی(کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا) بڵاوم کردۆتەوە.

1

د. ئیحسان بۆ تەواوکردنی خوێندن چووەتە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، لەوێ خوێندنی باڵای تەواوکردووە و بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە. لە زانکۆی بەغدا مامۆستا بووە و ماوەیەکیش بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و پەخشی کوردی بووە، دواتر چووەتەوە زانکۆی بەغدا و هەتا ڕاپەڕین بووەتەوە مامۆستا و دواتر گەڕاوەتەوە کوردستان و ماوەیەک جێگری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بووە، پاشان بووەتە مامۆستای زانکۆ لە بواری شارەزایی خۆیدا و سەرپەرشتی ئەو خوێندکارانە دەکرد کە خوازیاری بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا بوونە. کۆمەڵێک بەرهەمی شیعریی هەیەو شارەزایە لە بواری وەزن و قافیە و عرووزدا. لە ساڵی 1955دا پەیوەندی بە یەکێتیی قوتابیان و لاوانی دێموکراتی کوردستانەوە هەبووە و دواتر بووەتە ئەندامی سەندیکای مامۆستایانی کوردستان، لە یەکێتیی سۆڤیەت ئەندامێکی کارا و چالاکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە و لە دەرکردنی گۆڤارەکەیاندا ڕۆڵێکی باشی دیوە، چەندین جار بە دیداری بارزانی شاد بووە.

*** سەرەتا سەبارەت بە ڕەوشی سیاسیی دەڤەری بارزان و بارزانیی نەمر، دکتۆر ئیحسان فوئاد گوتی:** لە میژووی هەموو نەتەوەیەکدا، بارودۆخێکی وا ڕوو دەدات، لە ئاکامی زوڵم و زۆر و غەدر و چەوسانەوە، کە ئەو وڵاتە پێویستی بە سەرکردە و قارەمانێکە بۆ ئەوەی بەرگری لێ بکات.

ئەوە بارودۆخەی کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە باشووری کوردستاندا هەبوو بریتیی بوو لە: زوڵم و زۆرێکی بێ هاوتا لەلایەن داگیرکەرانی عوسمانییەوە، کە چەوسانەوەیەکی بێوێنە بوو و تووشی میللەتی کورد ببوو، (گرانی، نەخۆشی، نەخوێندەواری، بەزۆر گرتنی لاوان و نارەزایی بۆ بەرەکانی جەنگ) و.. هتد. بەتایبەتی کە جەنگی یەکەمی جیهانی ڕوویدا، کە پێی دەگوترا (سەفەر بەرلک).

ئەوەی باشە، هەندێک بەرهەمی نووسەران و شاعیرانی کورد وێنەی ئەم واقیعە تاڵەیان نیشان داوە، لەمانە (جەمیل سایب، ئەحمەد موختار بەگی جاف، عارف سایب)، لەپێش ئەمانیشدا (شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئەمین ئاغای ئەختەر). لەم بارودۆخەدا بوو کە بەڕێز مستەفا بارزانی لەدایک بوو، لە خێڵێک کە سەرۆکی خێڵ چاوەتر و باوکی خێڵەکەبووە، نەک دەربەگ و خوێنمژ، لەبەرئەوە پەیوەندیی نێوان خێڵی بارزان و سەرۆکەکانی پەیوەندییەکی هەرەوەزییە نەک زۆرەملێیی. من کەسایەتیی بارزانیی نەمر بە نمونەیەکی میژوویی دادەنێم، کە لەدوای شێخ ئەحمەد بارزانیی برا گەورەی، ئەو دەرفەتەی بۆ هەڵکەوتووە کە بتوانێت سەرۆکایەتیی خێڵ بەڕێوەببرێت.

ئەوەندەی من بزانم، جموجۆڵی بارزانی و خێڵەکەی لە ساڵانی سییەکاندا پەرەی سەند، ئەم خێڵەی وەکو لە پێشاندا ئاماژەم پێ کرد پابەند بووە بە سەرۆکەکەیەوە، فێری جۆرە سەربەستییەک ببوون، حەزیان بەوە نەدەکرد میری بێتە ناویان و ئاغایەتییان بەسەردا بکات و ڕۆڵەکانیان بۆ بەرەی جەنگ ببات، یا بیانکات بە (سەربازی زۆرەملێ).

حکوومەتی عێراق هەمیشە هەوڵیداوە کۆنترۆڵی خۆی لە ئەنجامی ئەوەدا لەگەڵ (شێخ مەحمودی) نەمردا گەلێک شەڕ و پێکدادان ڕوویدا، پاش شەڕی ئاوباریک 1930 ئینجا مەسەلەی بارزان هاتە ئاراوە، واتە میری پارسەنگی هێزەکانی بەرەو بارزان نارد، لە ئەنجامی ئەمەدا چەند شەڕ و شۆڕێک ڕوویاندا و کۆمەڵێک مەخفەری پۆلیس دەستیان بەسەردا گیرا و کۆمەڵێکی زۆر پۆلیس کوژران و بارزانییەکان گورزێکی گەورەیان لە حکوومەت دا و بارزانی ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگی بینی، وەک سەرکردەیەکی جەنگ ناسرا، چونکە ئازایەتی و لێوەشاوەیی خۆی دەرخست.

دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێین، کە چارەنووسی بنەماڵەی بارزانیی هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە گەلێک کارەساتی تێدا ڕوویداوە، لەوانە: لەسێدارەدانی عەبدولسەلام بارزانی لەلایەن تورکێکی داخ لە دڵ، کە ئاوی (سلێمان نەزیف) بوو، مستەفا بارزانی یەکەمجاری لە تەمەنی 3 ساڵیدا بوو گیراوە و بەند کراوە، واتە کەسایەتیی بارزانیی نەمر هەر لەوێوە کەرەستەی یاخیبوون و شۆڕش لە لای دروست بووە، بەڵام تەنیا وەختێک بارزانی پەنای بردووەتە بەر ئەم جۆرە چارەسەرییە، کە دەسەڵاتی میری ئامادەنەبووە بە هیچ جۆرێ پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵیدا ببەستێ، ئەوە بوو لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، لە ئەنجامی ئەو هێرشانەی حکوومەت کردیە سەر بارزان و دەڤەرەکەی، شۆڕشێکی گەورە بەرپا بوو، پاشان کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد دامەزرا، لەم ساتەوەختەدا بارزانی ئەمەی بە دەرفەتێکی زێڕین دانا بۆ خۆی، کە بە خۆی و کۆمەڵێک لە جەنگاوەرە بارزانییەکان ڕوویان کردە مەهاباد، لەوێشدا بارزانیی وەکوو سەرکردەیەکی سەربازی و سیاسی ڕۆڵێکی گرنگی تێدا گێڕا. پاشانیش وەکوو سەرکردەیەکی سەربازی هەتا توانی لەو کۆمارە بەرگری کرد و پێش ئەوەی سوپای ئێرانی کۆماری کوردستان لەناو ببات و (پێشەوا قازی محەمەد) و سەرکردەکانی دەستگیر بکات، بارزانی زۆر هەوڵی دا کە بەرگریی لەو کۆمارە بکات و داوای لە پێشەوا قازی محەمەد کرد، کە پێکەوە کۆمەک بکەن و کۆمارەکە لە هێرشی دڕندانەی سوپای ئێران بپارێزن.

لەو کۆمارەدا، پشتیوانیی هەرە بەهێزی قازی محەمەد سوپای سووری سۆڤیەت بوو، بەڵام گەمەی سیاسی بەزەیی تێدا نییە، کە (قەوام سەلتەنەت)ی سەرۆک وەزیرانی شاهنشا بەڵێنیدا بە سۆڤیەت ڕێگە بدات و ببن بە هاوبەشی لە دەرهێنانی نەوت، بەرامبەر بەوەی سوپاکەیان لە ئازەربایجان و کوردستان بکێشنەوە، ئیتر شاهنشا بڕیاریدا کە پەلامارێ ئەم کۆمارە بدات، لە ئەنجامدا قازی محەمەدی پێشەوا و 40 سەرکردە لەسێدارە دران، لەوانە کەسوکاری پێشەوا لە مەیدانی چوارچرا. هەرچەندە ئێرانییەکان زۆر هەوڵیاندا مەلا مستەفای بارزانی بهێنێنەوە، بەڵام بارزانی دوای تاقیکردنەوەکەی 1943-1947 لەنزیکەوە ناسینی و هەر ئەمەیش وای لە بارزانی کرد بۆ ئەو مەرحەلەیە ئێران نەکات بە پشتیوان.

لەبەر ئەوە لە ڕێرەوێکی زۆر قارەمانانەدا بە خۆی و پێشمەرگەکانی و زۆرێک لە خێڵی بارزان، بە تاکتیکێکی زۆر وردبینانە و ژیرانە توانی بگاتە سەر (ئاوی ئاراس) و لەوێوە بەڕێتەوە بەرەو ئازەربایجان، کە تووشی چەندین شەڕی قارەمانانە بوون، ئەو ڕێرەوە لەو سەروبەرییە نەتەوایەتییانەیە کە وێنەی لای میللەتانی جیهانی کەمە، چونکە هێزەکەی بارزانی چەکی پێشکەوتووی وایان نەبوو، بە هیچ جۆرێک یارمەتییەکی خوارد نیان بۆ نەدەچوو، تەنیا پشت بەخۆبەستن و وەرەی بەرز و ئازایەتیی خۆیان بوو پاڵی پێوەنان کە ئەم ڕێگەیە بگرنە بەر.



پەیامنێری خەبات لەگەڵ بەڕێز (دکتۆر ئیحسان فوئاد)

بە چوونی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، بارزانی لەلایەن جیهانەوە زۆرتر ناسرا، ئەو تێکەڵاوییەی بەهۆی خوێندنەوە هەی بوو، بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی کەسایەتیی ئەم سەرکردەیە دەرکەوێت، هەم (نظری و علمی) هەم پراکتیکی لەو شوێنانەی تێیدا خوێندوویەتی (ئەکادیمیای جەنگی) بوو.

*** لە یەکێتیی سۆڤیەتدا بارزانی تا چەند دڵی لەلای کەلەکەی بوو؟ ئەی کە گەڕایەوە؟**

ـ لەو جێگەیەدا گرنگ ئەوەیە بارزانی بۆ چرکەیەکیش بێت گەلەکەی خۆی لەبیر نەچووە، لەبەر ئەوە بەپەلەترین وەخت کە شۆڕشی 14ی گەلاوێژ ڕوویدا، دوای ماوەیەکی کورت گەڕایەوە کوردستان و عێراق. بارزانی کە هاتەوە، پاش ماوەیەک بارزانییەکان و هاوەڵەکانیان هاتنەوە، لەو کاتەدا زیاتر لە دوو ملیۆن خەڵک لە نەتەوەی کورد، عەرەب بەپیریانەوە چوون، بەو پێشوازییە دەگمەنە خۆشەویستیی خۆیان بۆ ئەو سەرکردەیە و هاوەڵانی دەردەبڕی. کە بارزانی گەڕایەوە من مامۆستای ناوەندی بووم لە شاری سلێمانی و وابڕیار بوو کە لەگەڵ کۆمەڵێک ڕۆشنبیر بچین بۆ بەخێرهاتنەوەی بەڕێزیان، بەڵام ئەو ڕۆشنبیرانە وەکوو من وا بە پەلە نەبوون، لەبەر ئەوە من بڕیارم دا بەتەنیا بچم، کێشەکەش لەوەدا بوو ئەو ڕۆژە هیچ جۆرە ئوتۆمبێلێک لە گەراجدا نەبوو بۆ شاری بەغدا، چونکە هەموویان چووبوون بۆ بەغدا، خۆشبەختانە من تووشی مامۆستایەکی عەرەب بووم، کە مرۆڤێکی نەجیب بوو، ئوتۆمبێلێکی (سکۆدا)ی چیکی پێ بوو، نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بەرەو بەغدا کەوتینە ڕێ، بەڵام ئوتۆمبێلەکە کۆن بوو، هەر سەعاتێک جارێ دەوەستا و لەباتی بە 6 سەعات بگەین بە 19 سەعات گەیشتین، بەڵام هەرچیی گیانمان بوو لم و خۆڵ بوو، لەدوای دوو ڕۆژ حەوانەوە لە ئوتێل (سمیرامیس) بە خزمەتی بارزانی گەیشتم، کە شوێنێکی تایبەتی هەبوو بۆ پێشوازی لە خەڵکی، کە بینینێکی کورت بوو، تەنیا بە مەبەستی بەخێرهاتنەوە بوو، چونکە خەڵکێکی ئێکجار زۆر وەستابوون، نەدەکرا زیاتر بمێنینەوە. بینینی بارزانی خەونێکی مەزن بوو بە نیسبەت ئێمەی تینووی بینینی ئەو سەرکردەیە، چونکە ساڵەهای ساڵ بوو باسی قارەمانێتی و تێکۆشەریی ئەو سەرکردەیە و ڕۆڵی لە کۆماری کوردستاندا بە گوێماندا دەدرا، لەبەر ئەوە ئەم بینینە بووە هۆی ئەوەی ئاواتێکی زۆر گەورەم جێبەجێ بکات. ئەوە یەکەم جار بوو کە بە دیداری بارزانی بگەم و جارێکی دیکەش لە یەکێتیی سۆڤیەت و پاشان لە کوردستانیشدا بە دیداری شاد بووم.



لە چەپەوە دووەم کەس دکتۆر ئیحسان فوئاد لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستا سەردانی بارزانییان کردووە، بەغدا 1958

*** وەک کەسایەتییەکی ناسراوی بواری سیاسی و زانست چ خوێندنەوەیەک یا چ پێناسەیەکت بۆ بارزانی هەیە؟**

ـ بە ڕاستی بارزانیی نەمر کەسایەتییەکی میژوویییە، بارودۆخی ناوچەی کوردستان پەروەردەی کردبوو، دوای چوونە دەرەوەی ئەو ئەزموونەی کە هەی بوو، تێکەڵ کرا بە جۆرە جیهانییەتێک، سەنگێکی هێجگار گەورەی هەیە، نەک هەر لە کوردستاندا، نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکوو لە هەموو جیهاندا، تەمەنی خەباتی بارزانی زیاترە لە نیو سەدە، من ئەم ڕووداوە تایبەتییە دەگێڕمەوە: مانگی ئابی 1959 لە خولێکی تایبەتی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بووم لە شاری زەمەنی) هەمووی لەو ئەلبومەدا کۆکردووەتەوە، ئێمە چەند وێنەیەکی دیاریکراومان بینیوە، بەڵام وێنەکانی ئەو زیاتر لە 100 وێنەی دەگمەن بوون. ئەمەش ئەوەی دەردەخست کە ئەم لاوە چەند عەشقی بارزانی ببوو، چەند ڕێزێکی زۆری لێ دەگرت و بارزانی لەلای چەند خۆشەویستە هەرچەندە کوردیش نەبوو، بارزانی زۆر لەلای بە نرخ بوو.

*** شیعرێکت هەیە لە ساڵی 1958دا بۆ بارزانی تان گوتووە بە ناوی (بۆ قارەمانانی بارزان) بە ناوی خوازراوی (کاکە شوان)؟**

ـ بەڵێ ئەوە لە ساڵی 1958 بۆ قارەمانانی بارزان، لەناویشیاندا ناوی بارزانیی نەمری تێدایە، لە مەیدانی باسکردنی گەڕانەوەی بارزانییەکان و بایەخی نەتەوەییان هۆنراوەیەکی تایبەتم نووسی و لە گۆڤاری هیوادا بڵاو کرایەوە بە ناوی (کاکە شوان)ەوە، کە باسی دەربڕینی خۆشی و ئاهەنگی نەتەوەی کورد دەکات، بە بۆنەی شادبوونەوەی بەو کۆمەڵە قارەمانەی کە 12 ساڵ ئاوارە و دەربەدەربوون و لە ڕێرەوە میژوویی و قارەمانێتییەکەدا، کە بەرامبەر زەبر و ستەمی سێ دەوڵەتی دەسەڵاتدار بوونەوە (تورکیا- عێراق- ئێران) سەرەڕای پالپشتیی هێزەکانی ڕۆژئاوا، ئەمەڕۆ بە نیشتمانەکەیان شادبوونەوە. کە بیستمان بارزانییەکان ڕێگەیان دراوە بگەڕێنەوە کوردستان، هەموومان زۆرمان پێ خۆش بوو، چونکە هەموومان بیرمان بوو کە چەندەها لەو بارزانییانە لەسەر کورایەتی دەربەدەرکران و لە برسان مردن، کە چۆن تەنانەت حکوومەت لەو کاتەدا (ئارد)یشی نەئەدانێ، لەبەر ئەوەی شۆڕشگێڕبوون. جا لەو شیعرەدا من یەکەمیان خۆشیی خۆم دەردەبڕم بە بۆنەی گەڕانەوەی ئەو قارەمانانە کە ئاوی (ئاراس)یان بڕی و ئەو هەمووئاوارەیی و دەربەدەرییەیان لەپێناو کورددا چەشت، ئینجا دوای گەڕانەوەیان بە سەربەرزی، کە ئەمە جۆرە خەباتێکە. لەناو ئەو هۆنراوەیەدا ناوی بارزانی دەهێنم، وەک سەرکردەیەک و ڕابەرێکی شۆڕشگێڕ.

*** ئەو شیعرەی کە بۆ بارزانیتان نووسیوە، لە یادت ماوە بۆمان باس کەیت؟**

تێبینی: *خوالێخۆشبوو د. ئیحسان فوئاد لە ڕۆژی 2008/6/2 لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد و لەگۆڕستانی (گردی شێخ محیدین) بەخاکسپێردراوە، بەر لە کۆچی دوایی بەڕێزیان، ئەم دیمانەمان لەگەڵی سازدابوو، یادی بەخێر.*

قارەمانێک

جاران کە ئەیان وت بارزان
چونکە کوردستانم ئەدی
خاکێک ئەماتە بەرچاوم
چ خاکێک؟ خاکی ئەبەردی
بۆ کێ؟ بۆ ئامانجی وەتەن
ناوچەی بارزان بارزانی من
هەر بااڵی ئەوجوانان بوو
هەر منااڵ بوو: منااڵی ورد
هەر کێژی کوردستانی بوو
هەر پیر بووا هەرجوان بوو:
بەاڵم لەتەک ئەمانەشا
قارەمانێک: شێر وەستا بوو
ئەی وت: ژینی دیلی و بەندیم
نیشتمانم ئەبێ ئازاد
ئەی دۆزمنی نیشتمانم
شەبەقی ئاڵم: ڕزگاری
ئێستاش خاکی بارزان ماوە
ئەو بارزانەی هەمووی هەستا
ئێستا ئەو خاکە ئازادە
خوریەی دڵی منی جاران
لەگەڵ دەستی جەورا ئەما
ئەی قارەمانانی بارزان
بە هەزاران دڵ ئەوەتا
چ ڕۆژێکە تیا یا ئەگەن!
فرمێسکی بە ڕووی نیشتمانا
فرمێسکی پڕ شادمانی
تک تک ئەتکێ: دێتە خوارێ
دڵی من ئەکەوتە گریان
ئاواتی هەر نایەتە دی
ئەی وت: لە خوێنا گەوزاوم
چ خوێناوێک؟! خوێنی مەردی
((هەزار وێنەی لە خۆبوردن))
بوو بوو بە هێڵانەی دۆزمن
بەرەو ئەمان: مردن ئەچوو
بە گوللەی ناهەق بوو ئەمرد
کێو و هەرد کۆڕستانی بووا
ئاوارە بوون: وێرانەماڵ بوو
ئەمدی خوێنی دۆزمن: ئەڕژا
دەستی گەلی لە دەستا بوو
تاوێ ئەبێ سەربەست بژیم
دەست هەڵناگرم لە خەبات
من مەشخەڵی ڕێی ژیانم
بۆ ژیانی کوردەواری
خۆڵی تێکەڵ بە خوێناوە!!
بەرامبەر بە دۆزمن وەستا!
کوردەواری تیایا شاد
کە پر بوو لە قوڵپەی گریان
قەاڵی سەختی دۆزمن ڕما!
ئێوەش پرشنگی ڕووی ژیان
کەیلە لە بژی ئاواتا
بە هەوارگەی پاکی وەتەن
بە ڕووی شەنگی کوردستانا
نیشانەی شەوق، کامەرانی
وەک یاقوتی گەش ئەبارێ

وون بوون

پسوولەی شارەوانی چوار هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٨٦٨٩٧ بەرواری ٢٠١٨/٤/١٧ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی وریا صابر محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی کۆلیژی پەروەردە بەشی ئینگلیزی ئێواران بەناوی مهند طالب محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

پسوولەی شارەوانی کۆیە بە ژمارە(٠٣٩٧١٠١) بە بڕی (٠٠٠ ٣٠٠) سێ سەد هەزار دینار بەناوی (رۆستەم قادر محمد) ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠٦٣٢٦١١٥)

***

تنويه

ورد سهوا في جريدة خه بات بالعدد ٥٩٠٧ بتاريخ ٢٠٢٠/١/٩ اعلان محكمة بداءة العادية حيث نشر اسم القاضي دارا رمضان صالح خطا والصحيح هو طارق رمضان صالح لذا اقتضى التنويه

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المفقوده : عدلو مطو خلف

قدم السيد / صباح صبري ماجو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المفقود : مراد ماجو خلف

قدم السيد / صباح صبري ماجو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المفقود : هادي ماجو خلف

قدم السيد / صباح صبري ماجو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

المديرية العامة للدوائر العدلية

مديرية تنفيذ زاخو

العدد/ ٣٨٦/تنفيذ/٢٠١٨

التاريخ/ ٢٠٢٠/١/٢٨

اعلان

قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع العقار المرقم (٢٤٨٢/٥ مقاطعة ١٤ عباسية) الواقع منطقة زاخو و المسجل باسم المدين جهور عمر عيسى و المحجوز لقاء دين الدائن (مهڤان مدحى مصطفى) و البالغ (٧٩٦٢٨٨٤٣) تسعة و سبعون مليون و ستمائة و ثمانية و عشرون الف و ثمانمائة و ثلاثة و اربعون دينار عراقى فعلى الراغب بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال مدة (٣٠) ثلاثون يوم تبدأ من اليوم التالى للنشر مسطحبا معه التأمينات القانونية البالغة (١٠) من القيمة المقدرة و البالغة (٧٩٦٢٨٨٤) سبعة ملايين و عشرون الف و ستة و تسعمائة و ثمانية و اربعة و ثمانية دينار عراقى و كذلك جلب شهادة الجنسية العراقية علما أن رسم التسجيل و الدلالية تقع على عاتق المشترى.

الموصفات:

١- الموقع/ زاخو

٢- الرقم/ ٢٤٨٢/٥ مقاطعة ١٤ عباسية

٣- الجنس و النوع/ دارسكنية

٤- الحدود اوصاف/ دارسكنى يشمل طابقين- الطابق الارضى (استقبال و هول داخلى و غرفتى نوم بلبغ) و هول صغير داخلى و مطبخ متكون بالسيراميك و حمام داخلى و مرافق صحية خارجى و درجة داخلية مبنية بالبلوك و اهمنت و هذا الدار مبنية من البلوك و اهمنت و مسقفة باللبلغ مع وجود كراج و حديقة و بيتون و الدار و مزودة بالخدمات كالماء و الكهرباء)

٥- المساحة/ ١٨٥,٥م٢

٦- القيمة المقدرة/ (٧٩٦٢٨٨٤) سبعة ملايين و عشرون الف و ستة و تسعمائة و ثمانية و اربعة و ثمانية دينار.

جێبەجێکارێ دادێ زاخۆ/ خضر محمد حسن

***

المديرية العامة للدوائر العدلية

مديريه تنفيذ سميل

العدد: ١٥٣١/ت/٢٠١٩

التاريخ: ٢٠٢٠/١/١٩

م/ الاخبار بقرار الحجز التنفيذى للأموال الغير المنقولة

اسم المدين: حسن رشيد حسن

نخبرك بأنه قررت مديريتنا بوضع الحجز التنفيذى على حصصك فى العقارات المرقمة (١٣/١ و ١٤/١ و ١٥/١ و ١٦/١ و ١٧/١ و ١٨/١ و ١٩/١ – مقاطعة ٦٢ باطرشة) لقاء الدين المحكوم به و البالغ مجموعها (١٣٢,٨٨٠,٠٠٠) مائة و اثنان و ثلاثون مليون و ثمانمائة و ثمانون الف دينار عراقى فيجب عليك اداء المبلغ المترتب بذمتك الاعلاه خلال مدة (عشرة) ايام من اليوم التالى من تاريخ النشر و الا فان العقارات المحجوزة المذكورة اعلاه ستباع وفقا للقانون و ذلك استنادا للمادة ٨٧ من قانون التنفيذ.

المنفذ العدل/ ريبر سلمان خالد

***

كۆلێژی زمان/ بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان

خۆیەتی

ژمارە: ٢١٨/٢/٤

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٧

بۆ بەڕێز/ (لعلى خان محمد على)

بەناونیشانی (مامۆستای یاریدەدەر)

ئاگادارکردنەوە (اخطار)

بەهۆی دەست بەکارنەبوونت دوای لەکار دابرانت بەپێی فەرمانی کارگێڕیان ژمارە ٩٥/٢/٤ لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٢ تاوەکو ئێستا داوات لێ دەکەین بۆ ماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بێت وە ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بێت دەست بەکاربێتەوە بەپێچەوانەوە بەدەست بەردار لەکارەکەت دادەنرێت بەپێی یاسایی ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو و مادەی ١٦ خاڵی یەکەم، کۆتایی بەڕاژەکەت دێت.

پ.ی.د.عاطف عبدالله فرهادی

ڕاگری کۆلێژ

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە: ١٣٨٨/ب/٢٠١٩/١

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٤

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (خانم خاتون عثمان)

داواکار (سرود مصطفى سليمان) داوای ژمارە (١٣٨٨/ب/٢٠١٩/١) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری (پارێزگاری هەولێر/ گەڕەکی رزگاری/٢) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت بەپابەندکردنت بەدانی ١٦٧٠٠ شازدە هەزارو حەفت سەد دۆلاری امریکی کە دەکاتە (٢٠,٤٥٧,٥٠٠) بیست ملیۆن و چوار سەدو پەنجا و حەفت هەزارو پێنج سەد دیناری عیراقی بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت بەبڕیارەکە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارە و بڕیارێکی پاشملەیە و (شایەنی نارازی بوون و تێهەلچوونەوە و پێدا‌چوونەوە و مافی تانەلێدانت هەیە) لە بڕیارەکە لەماوەی یاسایيدا بەپێچەوانەوە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ٩

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٧

ئاگاداری

لەسەر داوای بریکاری هاوڵاتی (صوفی سليمان درويش محمد) پارێزەر (محمد زبير عيسى) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵساوە بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (درويش بن سليمان بن محمود) بۆ (درويش محمد سليمان محمود) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٢٧) کەرتی ٦١/کانی جرکان, کە لەساڵانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراون, جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەرڵستکاری هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.

کاروان ابراهيم اسماعيل/ سەرۆکی لیژنە

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەرەوار: ٢٠٢٠/١/٢٦

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (تحسين عزالدين بدرالدين) لە بەرواری ٢٠٢٠/١/٢٣ کە داوای تۆمارکردنی ناميزەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قەرەنی ابراهیم

ناميزەکان:

١- رافیعەی بەرزو گواستنەوەی مواد ژمارە/١٩١٦٠٢١١ دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٩ توانای ٣ طن.

٢- کەتەری عەدل و زاویە ژمارە ٠١٢٢٤١٨٠٠١٧ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A١٥,٢.

٣- دوو دانە دەرهێنانی شوێنی زاویەو یەدەی المنیۆم بێ ژمارەن دروستکراوی المانین مۆدێل ٢٠١٩ توانای A٢xi.

٤- حرف T ی تەشریح کردن بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٧ توانای A٢,٥ / ٠٥٢٠٥١٤٠١٠١١١ / ٢٠١٤ / A٤,٦ / ١٢٨٦٦ / ٢٠١٠ / A٤,٥.

٥- مۆلیدەی کارەبایی ژمارە/ ٦١٥٦ دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ١٩٨٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٧٥ کاتم.

***

دادگای بەرایی هەولێر

ژمارە: ١٢٧٨/ب/٢٠١٩/٤

بەروار : ٢٠٢٠/١/٢٨

داواکار : علی احسان حسین و هاوبەشەکانی

داوالێکراو : بختیار احمد

محمد و هاوبەشەکانی

شوێنی مولك: هەولێر گەڕەکی مە نتکا و ە

ژمارەی مولك : ٥٥٠/٦٥ ك ٤٥ وارش

پێکهاتەکەی : خانوبەکی کۆنە بریتیە لە دوو ژوور و حمام و توالیت و مەخزەن لە خوارەوە وە لەسەرەوە ژوورێك لە بلۆك و کۆنکرێت دروست کراوە .

ڕووبەر : ١٠٥ م ٢

نیشتەجێ : احمد عبدالرحمن محی الدین /کرێ نادات / لەکاتی فرۆشتن دەرناچێ.

نرخی خەملاندن: ٤١٢٥٠٠٠٠ دینار کۆی گشتی زەوی و پێکهاتەکەی .

لە بەر نەبونی کریار ئەم دادگایە لەداوای ژمارە (١٢٧٨/ب/٢٠١٩/٤) (ازالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بریاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە , جا هەرکەسێك نیازی کرینی هەیە هاوبەشی بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەل دابینی یاسایی بە ڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات , هەر زیادبونێك بۆ (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی پێدێت.

دادوەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە فرۆشتنی پارچە زەوی ژمارە (١/٤٩١) ك (٤٤)وارش ڕووبەری (١٧٠)م٢ لە گەڕەکی بەختیاری پشت وەزارەتی داد، بەزیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی فرۆشتنیش دانیش لە ئەستۆی کڕیارە.

د. کمال طیب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان

و خانووبەرەی میری

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١

ژمارە: ١٩٦/ج/٢٠٢٠

ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/١/٢٠

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ عبدالله اسعد سليمان

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٩٦/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نفیسینگەها سەختەکاری ب هژمار ٢٠١٩/٦٠ ل سەر مادده (٢٩٨/٢٨٩) یاسا سزا ژبەر کو جهێ ناکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبن بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٤/١٦ بو دادگەهکرنا تە و بەرەوڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ د. عبدالرحمن سليمان زيبارى

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١

ژمارە: ١٢٤/ج/٢٠٢٠

ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/١/١٤

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ طلعت خسرو احمد

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٢٤/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن مالتا ب هژمار ٢٠١٨/٣٦١ ل سەر مادده (٤٣٠) یاسا سزا ژبەر کو جهێ ناکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبن بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٤/١٦ بو دادگەهکرنا تە و بەرەوڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ د. عبدالرحمن سليمان زيبارى

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١

ژمارە: ١٢٠/ج/٢٠٢٠

ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/١/١٤

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ جمال الدين ثاباتای و امير فريد عليقلى

دەمێ هوون یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٢٠/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نفیسینگەها سەختەکاری ب هژمار ٢٠١٩/١٥ ل سەر مادده (٢٨١) یاسا سزا ژبەر کو جهێ ناکنجیبوونا هەوە نەیێ دیارە بریار هاتە دان هەوە بهێنە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبن بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٤/٨ بو دادگەهکرنا تە و بەرەوڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ د. عبدالرحمن سليمان زيبارى

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/دوو

ژمارە: ٤٠٢/ج/٢٠١٩

ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/١/٢٢

ئاگەهداری

بو/ دادگەهکریێ پاشملە (بكر ابراهيم كريم خان)

ڤێ دادگەهێ بریارل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ شەش سالان ل دویڤ ماددێ (٣١/٤٠٥ /٤٧ ، ٤٨ ، ٤٩) ژ یاسایا سزا د کێشا ژمارە (٤٠٢/ج/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن کەلەك ب ژمارە ٢٠١٦/١٠٣ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بریارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ ڕێکەفتنا ئاگەهدارکرنا هەوە ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆ و بەرەوڤاژی بریارا پاشملە دێ ل جهێ بریار حازربوونێ بیت.

دادوەر/ حسين صالح ابراهيم

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوکێ/دوو

***

دادگەها کەتن ل سێمێلێ

ژمارە: ٩٠/کەتن/٢٠٢٠

ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/١/١٩

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ سفر لقمان موسى

دەمێ تو یێ تومەتبار د کێشا ژمارە ١٦/اساس/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن ئەفروستی لدیڤ بەندێ (٤٥٣) ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٤/٧ بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە (غيابى) لديڤ ياسايى.

دادوەر/ بيان اديب رشيد

دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١

ژمارە: ٢١٢/ش/٢٠٢٠/١

بەروار: ٢٠٢٠/١/٢٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (فيدان فخرالدين البار) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (دلوڤان عبدالرحمن جبرائيل) داوای ژمارە (٢١٢/ش/٢٠٢٠/١)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکرووە، تیایدا داوای (تصديق طلاق) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (هەولێر /تەیراوە) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئیشعاری دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری (تصديق طلاق) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (هەولێر /تەیراوە) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئیشعاری

پێشینەیەکی مێژوویی

سەبارەت بە ئایین و مەزهەب لە ئێراندا





کەمال نوری مەعروف
لە فارسییەوە گێڕیویەتی

بەشی سێیەم

مرۆڤی مەسیحی کە بە پیاوی پشتێن ناسرابوو، هەروەها جولەکەش کە پارچەیەک قوماشی زەردی بەچواردەوری عەمامەکەیدا دەئاڵان بەوانە دەناسرانەوە. ئەمانە نەیاندەتوانی، یان ئازایەتییان نەبووە هەتاوەکو لە شەقامە گشتییەکانیشدا دەربکەون. ئەمە وایکرد خاوە بە مەئمورەکان بدەن بۆ ڕێگرتن لە بەشێک لەو خراپەکارییەی کە بەرەو ڕوویان دەبێتەوە ئەگەر مومکین بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لەمەسیحییەکان بەسەختی هەر ئازار دەدران.

دەڵێن جەبەڵەی سێیەمی (جاپلیق)ی نەستۆری بنەمای پیلانێکی داناوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ نەیارانیدا تاوەکو لەبارودۆخێکی نوێدا و بەشێوەیەکی تر مەسیحییەکان بەڕێوەبەرێت، بەڵام چۆن؟ کاتێک داوای (20) هەزار دیناری لێکراوە کە بیدات ئەویش رایکردووە و خۆی شاردۆتەوە. یەکێک لە شازادەکانی مەسیحی کە پارێزەری بووە و لەشاری (مەراغە) دانیشتووە ناچاربووە کەفالەتی راکردنی ئەو بدات کە 36هەزار دینارە.

دەستدرێژی بۆ سەر غەیری موسوڵمانەکان وردە وردە گەیشتۆتە ڕادەیەک کە ترسی گەورەی لێکەوتۆتەوە، بۆیە (غازان) ناچاربووە بیوەستێنێ.

(غازان) لەم کاتەدا نامەی لەگەڵ جەبەڵەی سێیەم و (تەکفوری حاتەمی) دووەم پادشای ئەرمەنستانی بچوک گۆڕیوەتەوە، هەروەها (تەکفور) ئاگاداری (غازان)ی بەنامە کردۆتەوە کە لە جەبەلە ببوڕێ.

بەم جۆرە (غازان) فەرمانی دەرکردووە بۆ ئەوانەی کە زیانیان بە کڵێسای مەسیحی گەیاندووە داوایان لێکردوون دەستهەڵبگرن.

– بەڵام ئەم فەرمانە ئەوانەی نگرتۆتەوە کە ڕێگایان پێداون پەرستگای بوزی وێران بکەن. بەوشێوەیە دوو گروپی ئایینی لە ئەردەبێل ماونەتەوە کە بەرهەڵستییان کردوون.

(غازان) لەبەرئەوەی زیانی زۆری بە کڵێسای نەستۆری گەیاندبوو (5) هەزار دیناری دابوو بە (جاپلیق) بۆئەوەی کڵێسا وێران بووەکان و بارەگای قەشەکان لەبەغداو مەراغەو تەورێز و هەمەدان چاکبکەنەوە، بەڵام ئەو خەرجییە دەری نەدەهێنا، تەنیا بەشی ئەو کەلوپەلانەی دەکرد کە بەتاڵان برابوون و شوێنەواریان ونبوون تاوەکو بۆیان بکڕنەوە یان بۆیان بگێڕنەوە. ئەم هەواڵە کە (غازان) بە فەرمانێکی نهێنی دەریکردبوو بۆ ئەوە بوو ڕێگای بە ئایینێک دابوو بەڵام گروپێکی ئایینی تری قەدەغە کردبوو، مەبەست لەمەدا بوزییەکانە. ئەوەش وایکرد بەشی زۆری کۆمەڵانی مەسیحی پەیوەندی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە بکەن، ئەمەش ئەگەری ئەوەی لەسەر مەسیحییەکان دروستکرد کە ئایینەکەیان بگۆڕن.

گۆڕینی خواستی جەبەلەو تەکفوور و حاتەمی دووەم لەگەڵ تێبینی تر داوای لە (غازان) کرد گۆڕانکاری گشتی بکات، چونکە گۆڕینی سیاسەتی مەزهبی دەیتوانی پەیوەندی ئەو بە وڵاتانی خۆرئاواوە بپارێزێت. بۆ بەرقەرارکردنی ئارامی، دەرکردنی فەرمانێکی یاسایی کارێکی گونجاو بووە، چونکە لە تەورێز دەستکرابوو بەتاڵانکردنی کڵێساکان ئەوەش بووە هاندەرێک بۆ (غازان) لەساڵی 696ی کۆچی ئەوانەی کە خاوەیان داوە لەمەسیحی و جولەکە و زیانیان پێکەوتووە و کەلوپەلیان براون لەشوێنی خۆیان بژیان دابنێنەوە.

ئەمەش لای مەسیحییەکانی خۆرهەڵات هیوایەک بوو وایکرد کە یەعقووبی دووەم، پادشای (کاتالۆن)، پیرۆزبایی لە سەرکەوتنەکانی (غازان) لەسوریا بکات، هەروەها ئەوەی قیبتییەکانیش کە لەساڵی 700ی کۆچی لەقاهیرە کردبوویان بەرامبەر بەو ڕووداوانە، بێپەیوەندی نەبوو. بەڵام (غازان) لەڕاستیدا ئوسوڵی سیاسەتی ئایینی خۆی نەگۆڕیوە، ئەگەرچی لەڕووداو ساڵی 696ی کۆچی دەستووری داوە کە ئاسانکاری لەو خاوەیەدا بکەن کە لەمەسیحییەکان کۆدەکرێنەوە بەمانا کەمبکرێتەوە، بەڵام (جایتۆ) دووبارە خاوەکەی داناوەتەوە بەڵام دوای (2) ساڵ کەشیشەکان لەو خاوەیە بوواون.

جارجارەش کە دێرە مەسیحییەکان یارمەتییان بۆ هاتووە لەوەش عەفوکراون، هەروەها لە (ئامێدی) سەربە شاری هەولێریش بەپێی دانانی (جاپلیق)ی کڵێسای نەستۆری بۆی دیاریکراوە.

(جایتۆ) کە (دائیراش ئەرنجن) هانیداوە بەناوی موسوڵمانەکانی تەورێزەوە ڕەزامەندی نیشاننەداوە کە کڵێساکان لەسەر شێوەی مزگەوت دروستبکەن. بەڵام بەپێچەوانەوە ڕەزامەندبووە کە لە ساڵی 707ی کۆچی مرۆڤی ئەرمەنستان و گورجستان ناچارکراون کە بڕۆنە ناو ئایینی ئیسلام. مەسیحییەکان پاش ئەوە بە (2) ساڵ جارێکیتر کەوتوونەتە ژێر ئازارو ڕاونان. بەپێی دەنگوباسێک کە میژوونووسە نەستۆرییەکان لەبارەی ئەو ئازاردانەوە وتوویانە، ئەوان بێتەموکوڕی نەبوون.

(جایتۆ) بەقسەی (جەبەلەی سێیەم) ئاسەواری نەماوە ئەگەرچی ئێلخان (جاپلیق)ی نەستۆری بانگکردووە و پێشوازی لێکردووە، بەڵام لەگەڵیا دۆستایەتی نەگرتووە، بەم شێوەیە (جەبلە) نەیتوانیوە داوای خۆی بگەیەنێتە ئێلخان. پێشەوای نەستۆری دوای لابردنی (ئەمیر چۆپان) و ژمارەیەک کەسانی تر لە سەردارانی توانیویە کارئاسانی بەدەستبهێنێ.

مەسیحییەکان لەسەردەمی دەستەلاتی (جایتۆ)دا بەمانا ئێلخان توانییانە ئەو مندالەی لەدایک دەبێت شۆردنی تەعمیدی بۆ بکەن ئەمەش هەر چۆنێک بێت بۆ ئازادییە مەزهبییەکە هیوایان بۆ خواستووە.

هەروەکو ئەوەی دەیگێڕێتەوە و دیویەتی ئێلخان، (5) هەزار دینارو چەند گوندێکی نزیک بەغداشی بە (جەبلەی سێیەم) بەخشیوە ئەگەر گومان لەوە نەبەین مانای وایە ئەم خەڵاتکردنە نیشانەی لوتفی ئێلخانە بە کەسێکی نیشتیمان.

جەبلەی سێیەم کەمێک دواتر دوای دانیشتنی (ئەبو سەعید) لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی لە 7ی ڕەمەزانی 717ی کۆچیدا مردووە. بەم جۆرە مەسیحییەت دوا سەکۆی خۆی لەدەستداو بەدژایی چەند سەدەیەکیش هیچ جۆرە گرنگییەکی سیاسیان نەبووە. لەم شوێنەدا (100) ساڵ ڕابورد بەسەر کۆنترین هێرشەکانی مەغۆل بەرەو ئاسیای ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی نزیک.

– ڕاپەڕینی نەستۆریۆس:

ئەمە ڕاپەڕینێک بوو کە هۆکاری جیابوونەوەی کڵێسای ئێرانی لە کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆم دروستکرد، ئەم جیابوونەوەیەش لە قوتابخانەی شاری ئۆرفەی ناوەندی فێرکردنی ئینجیل لەسەر سنووری خاکی ڕۆم و ئێران بڕیاری لەسەردرا. لێردا بنەماکانی مەزهبی بەپێی باوەڕنامەی (نیقیە) فێری کەشیشە لاوەکان دەکرا. ئەمە باوەڕێک بوو لە سامانی گشتییەوە کە لایەنی مرۆیی عیسای کوڕی مریەم لە لایەنی خودایی ئەو جودا نییە ,ئەم دوو (ئەقنوومە) واتە باوک و کوڕ لەیەکتری جیانابنەوە. لەساڵی 424ی زایینی لەم قوتابخانەیەدا کەسێک بەناوی (نەستۆریۆس) لەدانیشتوانی (قوستەنتینییە) بیرێکی نوێی هێناوەتە کایەوە کە گرنگی بەلایەنی عیسا داوە بەپێی ئەوەی کە لەوەوپێش وتبووی: دوو ناسنامەی جیاجیا لە بوونێکی گشتیدا دەردەکەوێت، یەکێکیان خواییە کە باوکەو ئەویتر مرۆییە کە (کوڕە). بەشێوەیەکی تر، وشەی خوا سەربەخۆیە لەلاشەی پەیکەرەکەداو کەسێکی مرۆڤ بەناوی عیسای کوڕی مریەمی ناسری تێدا دەرکەوتووە.

قەشەکانی ئەو سەردەمە کە لەشاری (ئەفسۆس) کۆڕبوونەتەوە ئەم بیردۆزەیان مەحکوم کردووە و باڵ بنەماداویانەتە قەڵەم. لەگەڵ ئەوەشدا هەمان عەقیدە کە بە نەستۆریەت بەناوبانگە و لەشاری ئۆرفە ڕەواجی هەبووە، کۆمەڵێکی زۆر لەدانیشتوانی ئەم شارە ڕووەو ئێرانی خۆرئاوا کۆچیانکردووە و ئەو عەقیدەیەی خۆیان بلاوکردۆتەوە لەسەرخۆ، ئەوانە کۆمەڵێکیان دروستکردووە بەناوی نەستۆرییەکانی کە هەتاکو ئێستا ماوەتەوە. بەم دریژەپێدانە کڵێسای مەسیحی ئێران کڵێسای نەستۆرییەو لە کڵێسای ڕۆم بەگشتی جودایە و ئاسوورییەکانی ئەمڕۆش زیاتر نەستۆرین و بنکەی ئەوان لەشاری (ورمێ)یەو کڵێسای پیرۆزیان (مات مریەم) (مارت مریەم)ە کە مانای خاوەندگار (ما مریەم)ە.

نەستۆریۆس دەڵێ: کە حەزرەتی مریەم بە موجیزەی (ڕوحولقودس) بە مەسیح سکی پڕ بووە و مەسیح بەشێوەی مرۆڤ هاتۆتە دنیاوە.

ڕوحولقودس چووەتە مەسیحەوە و سروشتی خوایی لەگیانی ئەودا وەستاوەتەوە.

هەروەها دەڵێ: من ناتوانم بڵێم لەو هەنگاوەدا کە عیسای مەسیح لە سکی دایکیا دوو مانگ یان سێ مانگ بووە ئەوسا خوا چووبێتە گیانییەوە، بەرامبەر بەم قسانە دوو سروشتی ئایینی و مادی لەمەسیحدا هەن. بەپێی ئەم قسانە، نەستۆریۆس بۆ ئەوەی دەست

ئەمڕۆ لە مێژوودا




سالی 1942:
لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهاندا ئەڵمانەکان شاری بەنغازی لیبیایان داگیر کرد.



سالی 1987:
حکوومەتی ئەوکاتەی فلیپین شکستی بە هەوڵێکی کودەتاکردن هێنا.



سالی 2004:
حزبوڵای لوبنانی و ئیسرائیل 400دیلی فەلەستینی و 23کەسی لوبنانیان ئالوگۆڕ کرد.



سالی 2009:
لە کۆڕبەندی ئابووری داڤۆس و دوای رووبانی مشتومڕێک لەگەڵ سەرۆکی ئیسرائیل، ئەردۆگان لە دانیشتنەکە کشایەوە.



سالی 2015:
لە چەند هێرشێکدا لە سینای میسر 32سەربازی میسری کوژران.



سالی 2017:
لە شاری کیبیکی کەنەدا هێرش کرایە سەر بنکەی ڕۆشنبیری ئیسلامی و 6کەس کوژران.

چین خۆی فێردەکات، کە ببێتە زلهێزی جیهان؟



خەشەوی مەلا بڕایم

بەشی دووەم وکۆتایی

ئەوە چەند ساڵێکە، کە ڕووسیا و چین بە هاوبەشی مانۆری سوپایی دەریای و وشکانی ئەنجام دەدەن، یەکەمجار ئەو مانۆرانە لەناو سنووردەکانی ئەو وڵاتانەدا بەڕێوە دەچوون، پاشان لە دەریای چین و دواین جار لە دەریایی مدیتەرانە لە ڕێکەوتی 11 بۆ 21ی 2015 مەی بووە، کە بووە جێگەی سەرسوورمانی وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمەریکا پسپۆران دەڵێن بۆ جاری یەکەمە، کە چین دوور لە سنووردەکانی خۆی مانۆری سوپایی بە کەشتیەکانی لەگەڵ ڕووسیادا بکات و بەڵای چینەوە زۆر گرینگە، کە بتوانێت لە ڕووی سوپاییەوە کاریگەری بەسەر وڵاتانی باکوری ئەفریقادا هەبێت، چونکە وڵاتانی ئەفریقا بۆ چین زۆر گرینگن، چین زۆرترین ڕێژەی سەرمایەگوزاری سەبارەت وڵاتانی دیکەی جیهان لەو کیشوەردا ئەنجامداوە. مەبەست لەو مانۆرانە ئەوەیە، کە ئەزموونی سوپایی فێربێت، هەروەها هێزی خۆشی پیشان بدات.



لە کاتی چێکردنی ڕێکخراوی جیهانی بازرگانیش **WTO** ئەو فێڵە لە ڕووسیا و چین کراوە و کاتێک، کە مەرجەکان قبوڵ دەکەن ئینجا بە ئەندام وەردەگیرێن. چینیش بەپێی تواناکانی خۆی چەندان ڕێکخراوی هەرێمی ئازادی بازرگانی ئۆقیانووسی ئارام و ئاسیایی چێ کردووە، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە. ئێستە چین دوو ڕێگەی کراوەی لەبەردەمدا هەیە، کە دەتوانێت پەنا بۆ سەرمایەگوزاری لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوی باشووری ئاسیای ڕۆژهەڵات ببات یاخۆ بەرەو سەرچاوە سروشتییە دەوڵەمەندەکانی ڕووسیا و ئاسیای ناوەڕاست هەنگاو بنێت، هەرچەندە سەرمایەگوزارانی چینی بە شێوەیەکی کەم وبەبەرهێنان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا دەکەن و لە داهاتوودا چاوەڕوان دەکرێت، کە چین زیاتر لە ڕووسیادا سەرمایەگوزاری بکات. هەر لەو ڕۆژانەدا لە ڕووسیا زۆر باسی بەکرێ وەرگرتنی زەوێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی دووری ڕووسیا لەلایەن چینەوە بۆ ماوەی 50 ساڵ دەکەن و بەشێک لە پسپۆرانی ڕووسیایی لەو بڕوایەدانە، کە ئەو جیاوکە دەبێتە هۆی جێگیربوونی هاووڵاتیانی زۆری چینی لەو هەرێمانەی ڕووسیادا و بە شێوەیەکی ئاسایش چین زۆر بە چەوتی و بێ بەزەیی کێڵگەکانی کشتوکاڵی بەکاردەهێنن. ڕووسیا دەیەوێت پێوەندییە ستراتیجییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیایی ڕۆژهەڵات بەهێز بکات بەپێی ڕاگەیاندنی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لە 9-6-2015دا لە سالی 2012دا ئالوگۆڕی بازرگانی ڕووسیا لەگەڵ وڵاتانی کۆمەڵەی ئاسیای ڕۆژهەڵات بە ڕێژەی 200 ملیارد $ واتە لە 25% کۆی ئالوگۆڕی بازرگانی پێک دەهێنا. لەپاش دانانی ئابلۆقەی ئابووری ڕووسیا لە ڕۆژئاوا سەرمایەگوزاری پێدەکرێت، ڕێگەی پەرەسەندنی هەرێمی هەرە نێزیک لە بەردەست چیندا کراوەیە، بەڵام گەشانەوەی ئەو هەرێمانەش کارێکی ئاسان نییە. لە نەخشەی خوارەوەدا وڵاتانی ئۆقیانووسی ئارام و ئاسیا دەستنیشانکراون، کە هەندێ جار هیندستان و ئەندونیزیاش دەکەونە ناو ئەو بازنەیەدا چین ستراتیجییەتی خۆی لە 4 بواردا بەهێز دەکات: لەشکری دەریایی، ئاسمانی، ئینتەرنێت Cyberspace و ئەتۆمی . بەپێی سەرچاوەی ڕۆژنامەی (ژینمین ژیبائو لە 27-5-2015دا) هاتووە، کە لە مانگی 5ی 2015دا پرۆژەی ستراتیجییەتی وڵاتی چین لە پەڕتووکێکدا بە ناوی پەڕتووکی سپی لە چاپ دراوە، کە تێیدا باسی چوار هێڵی ستراتیجی سەرەکیی بۆ چین دەکات، کە پێویستە ئەو وڵاتە لەو چوار بوارەدا خۆی بەهێز بکات بەڵای چینەوە گرینگە، کە لە ڕووی دەریاییەوە هێزێکی بە توانای هەبێت، هەروەها لە ڕووی ئینتەرنێتشەوە ئەو وڵاتە زۆر جار ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی هاککەران بووەتەوە، بۆیە پێویستە، کە هەموو تواناکانی لەو ڕووەوە بخاتە گەڕ، هەروەها پێویستە گرینگییەکی تایبەت بداتە وزەی ئەتۆمی بۆ خۆپاراستن لە ڕووی ئاسمانییەوە گرینگی ئەو کەرتەش ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەبێت.

ئایا هاوپەیمانی (یەک کەمەربەند و یەک ڕێگە)ی چینی و ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای لە بەرژەوەندی ڕووسیادایە؟

ئەو هاوپەیمانییە لە 60% دانیشتوانی وڵاتانی جیهان و لە 29% کۆی بەرهەمی ناوەخۆی GDPجیهان پێک دێتن، کە ئەوروپا و ئاسیا، ئۆقیانووسی ئارام و هیندستان و ئەتڵانتیک پێکەوە دەبەستێتەوە هێڵی ئاسنی باشووری ڕۆژهەڵاتی چین بە وڵاتانی کازاخستان، ڕووسیا، بیلاڕووسیا و پۆڵۆنیا دەبەستێتەوە. بە هۆی ئەو پرۆژەیەوە ڕووسیاش دەستی دەگاتە بازاڕەکانی کامپۆچیا، بۆرما، تایلاند و مالیزیا، بەڵام ڕووسیا دوودڵە، کە کاریگەری خودی ڕووسیا بەسەر یەکێتیی وڵاتانی سەربەخۆ CISو ئەوروئاسیا کەم دەبێتەوە، بۆ چینیش زۆر گرینگە، کە دەستی بگاتە بازاڕ و وزەی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست، چونکە لە دۆخی ئابلۆقەی ئابووری بەسەر وزەی چین لە دەریای باشووری چین ئەو وڵاتە دەکەوێتە ناو تەنگانەدا، بۆیە بازاڕی وڵاتانی ڕێکخراوی ئەوروئاسیا بۆ چین زۆر زیندەگییە، سەرچاوەیەکی ئەلتەرناتیڤی دیکەیشە.لە هەلومەرجی تێکچوونی پێوەندییەکانی ڕووسیاش لەگەڵ ڕۆژئاوا ئەو هاوپەیمانییە بۆ ڕووسیا گرینگە.

ئالوگۆڕی بازرگانی چین لەگەڵ ڕووسیا لە ساڵی 2012، 88 ملیارد $) و لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا 546 ملیارد $ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا 500 ملیارد $، ژاپۆن 320 ملیارد $، ئەمڕۆ بەراوردی هاوسەنگی ئالوگۆڕی بازرگانی لە نێوان ڕووسیا و چین بە ڕادەی 4,5جار زیاتر لە بەرژەوەندی چیندایە لە کاتێکدا لە ساڵی 2006دا ئەو بەراوردە بە شێوەیەکی یەکسان بووە، بەڵام لە ساڵی 2014دا جیاوازی هاوسەنگی بە ڕێژەی 12,7 ملیارد $ گۆڕاوە. تەنگژەی ئابووری ڕووسیا لەودایە، کە هەناردەی جۆراوجۆری نییە لە ساڵی 2014دا لە 70% ئەو هەناردەیە لە کەرەستەی خاو پێک دەهات، لە کاتێکدا لە 62%هەناردەی چین لە ئامێر و دەزگە و بەرهەمە جۆراوجۆرەکان پێک دێن، لەو ئالوگۆڕانەدا لایەنی سەرەکیی بەشدار حکومەتی ڕووسیایە، کە ئەو کەرتە توانای کاریگەرانەی ڕاپەڕاندنی پێوەندییەکانی نییە و زۆر جار بەرئەنجامی نەرێنی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. مەترسی ئەوەش هەیە، کە لە ساڵی 2030چین پێویستی بەو کەرەستانە نەمێنێت، چونکە ئەلتەرناتیڤی وزە، هەروەها سەرچاوەکانی دابینکردنیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بۆ نموونە لە ساڵی 2015دا چین پلانی هەیە، کە وێستگەیەکی کارەبایی بە وزەی خۆر بە هێزی 17,8 ملیۆن کیلۆ وات دروست بکات. لەهەمانکاتدا دوور نییە، کە گەشەی ئابووری چینیش دابەزین بەخۆوە ببینێت و ناستی خواستن لەسەر وزە کەمببێتەوە، چین لە 6,2%کۆی بەرهەمی ناوەخۆیی GDPهاوردەی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست پێک دەهێنێت، لە هەمبەردا ڕووسیا لە 8,5%بەڵام ڕووسیا لە ساڵی 2000بە ڕێژەی لە 14,5%ی ئەو ڕێژەیەی دابین دەکرد، بۆیە ئەو بەراوردانە پەیتا پەیتا لە قازانجی چیندا دەگوڕدرێت.توانا کانی ئالوگۆڕی بازرگانی چین لەگەڵ وڵاتانی ASEANلە ئاستێکی زۆر بەرزدان، بۆ نموونە لە ساڵی 2004دا ئالوگۆڕی لە ئاستی 24 ملیارد $ بوو، بەڵام لە ساڵی 2015دا گەیشتە 500 ملیارد $ هۆکاری سەرەکیی ئەو گەشەکردنە لەناکاوەیە بۆ کردنەوەی بازاڕەکان و دامەزراندنی بازاڕی ئازاد دەگەڕێتەوە ئایا ڕووسیا دەتوانێت، کە ڕێکارێکی هاوشێوە بگرێتە بەر و هاوسەنگییەکان لە قازانجی چ لایەنێک دا دەبن. لە ڕووی هاوسەنگی ئالوگۆڕی بازرگانی چین لەگەڵ وڵاتانی ڕێکخراوی ASEANدا تەنیا لەگەڵ وڵاتی ڤێتنامدا گۆڕانکارییەکان لە قازانجی ڤێتنامدا بووە.لە ڕۆژی 29-5-2015دا لە سیان فۆرمی نێودەوڵەتی گومرک کۆتایی پێهات و بە شێوەیەکی سەرەکیی باسی پرۆژەی (یەک ڕێگە و یەک کەمەربەند) کرا. هەردوو وڵاتی کازاخستان و چین بڕیارنداوە، کە بە درێژایی هێڵی ئاسن لە شارە گەورەکاندا ناوچەی ئازادی بازرگانی بکەنەوە، ئەو پرۆژەیە هانی زیاتری بیزنس و ئالوگۆڕی زیاتری بازرگانی و کشتوکاڵ دەدات. ئاستی هاتوچۆی ترانسپۆرت زیاد دەبێت، هەروەها ڕێگەیەکی ئۆتۆمۆبیلیش لەو ساڵەدا چێ دەکرێت، کە کازاخستان بە ئەورووپای ڕۆژئاوای دەبەستێتەوە. دیارە لە ڕووی هاوسەنگی ئابووریيەوە هاوپەیمانی (یەک ڕێگە و یەک کەمەربەند) بە شێوەیەکی بەرچاو لە قازانجی چیندا دەبێت، بەڵام کاریگەری بەسەر تێکڕای گەشەکردنی هەرێمیشی هەردەبێت، لە ڕووی سیاسی و هاوپەیمانی و تواناکانی ڕووبەڕووبونەوەی ڕووسیا لە هەمبەر گوشاری ڕۆژئاوایشدا لە قازانجی ڕووسیادا کۆتاییان پێدێت و فشارەکانی سەر ڕووسیاش کەم دەبنەوە. زۆر پسپۆر لەو بڕوایەدانە، کە پێویستە ڕووسیا واز لە بیروڕای زلهێزی جیهان بهێنێت، چونکە ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو خواستە پێویستی بە دەرامەتێکی زۆر گەورەی وەبەرهێنان و سوپایی هەیە.دەسەڵاتدارانی چین لە ڕۆژنامەی ژێنمین ژیبائۆ لە ڕۆژی 22-6-2015دا ڕایانگەیاندووە: ڕووسیا پێشوازی لە پرۆژەی نوێی چین بەناوی (ڕێگەی ئاوریشمی نوێ) دەکات و بە هەنگاوێکی باش لە پێناو دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی سەقامگیری تەناهی، ئابووری و سیاسی و کولتووری دەزانێت. کازاخستان ئامادەیە، کە 20ملیارد $ بۆ مەبەستی دروستکردنی ڕێگەی ئاسنی شەمەندەفەری تەرخان بکات، هەر لە ئێستەوە هاوسێکانی چین هەوڵ دەدەن، کە ئەو ڕێگەیە بە وڵاتەکانیاندا تێپەڕێت و ڕووسیا پێشنیاز دەکات، کە بە ڕێگەی سیبیریادا واتە بەسەڕووی کازاخستان دا ئەو ڕێگەیە چێ بکرێت، هەروەها وڵاتانی وەکو کرکیزستان، کازاخستان و بیلاڕووسیاش هەوڵ دەدەن، کە لەو پرۆژەیە بێبەش نەبن.

هەناردەی کالاکانی چین تایبەت بە تەکنۆلۆژیای بەرزەوە، بە زیانی ڕووسیا تەواو دەبن:

هەر لە چوارچێوەی ئالوگۆڕییە بازرگانییەکانی نێوان ڕووسیا و چیندا مەترسییەکی دیکەی نەرێنیانە لەو ئالوگۆڕیانەدا، کە بە زیانی ڕووسیا دەزاندرێت بە دی دەکرێت، ئەویش گۆڕینی ستراکچەری ئابووری چین لە پێگەی بەرهەمهێنانی کالاکانی بەکاربەری ئاسایی و گشتی بۆ بەرهەمهێنەری کالاکانی بەرزی تەکنۆلۆژیایی، کە لە ئەنجامدا ئاستی داخوازی بەسەر بەرهەمە سروشتییەکانی ڕووسیایی وەکو وزە و بەرهەمە خاوەکانی دیکەدا کەم دەبێتەوە، هەر لە ئێستەدا لەو ئاکامە ئاستی ئالوگۆڕی بازرگانی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەوەی بەخۆوە بینیووە. هەناردەی چین بۆ دەرەوە بە ڕێژەی نێزیکەی لە 7%بۆ کەمتر لە 2ترلیون $ کەمبووەتەوە. هەناردەی چین بۆ ڕووسیا لە سەرەتایی ساڵی 2015تا مانگی شەش بە ڕێژەی 30 ملیارد دۆلار بووە، بە ڕادەی لە 36% واتە بە ڕێژەی 14,6ملیارد $ بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوودا کەمیکردووە، هەروەها هەناردەی ڕووسیا بۆ چین بە ئەندازەی لە 24% واتە بە ئەندازەی 16,5 ملیارد $ کەمیکردووە. جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری وزە (ئەرکادی دڤۆرکۆڤیچ) دەڵێت: کۆمپانیاکانی نەوت و گازمان دەتوانن، کە هەناردەیان بۆ وڵاتانی ئۆقیانووسی ئارام دوو بەرابەر بکەن، سەرەڕای ئەو توانایانە ڕووسیا لە نێوان مانگی (1-5)ی ئەو ساڵەدا بە ڕێژەی (10,690) بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا هەناردە کردووە و لە جیهان دا یەکەم بووە. ڕۆژنامەی ژێمین ژیبائۆ دەڵێت: لە چوارچێوەی ئەو هاوپەیمانیانەدا چین بە بێ ڕاوەستان هەر لە ئێستەوە بڕیاری داوە، کە کۆگەیەکی زەبەلاحی کالای ئۆنلاینی چینی لە ڕووسیا چێ بکات، لەمەودوا ئەو کەلوپەلە ئەلکترۆنییانەی، کە بە ڕێگەی ئۆنلاین لە چین دەکڕدران و ماوەی گەیشتنیان لە 20-30ڕۆژی پێدەچوو، ئێستە بە یارمەتی ئەو کۆگەیە ماوەی گەیشتن بە 2-7 ڕۆژ کەم دەکرێتەوە.

(31)ی کانوونی دووەم ..

رۆژی جیاکردنەوەی ماڵەکانە



ئا : هەندرین شێرزاد

چەند ساڵێکە مەسەلەی چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا (بڕیگزت) خەڵکی ئەو وڵاتە و یەکێتی ئەورووپا و تەنانەت جیهانیشی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە . سەرەتا خەڵکی بەریتانیا لە ڕێگەی ئەنجامدانی راپرسییەوە بڕیاری چوونە دەرەوەی دا ، بەڵام دواتر جۆرە نیگەرانییەک سەری هەڵدا و ترسێک پەیدا بوو دەربارەی ئەو کاردانەوانەی کە لەوانەیە لە پڕۆسەکە بکەونەوە. ئەمەش شەقامی کرد بە دوو بەشەوە ، بەشێک ناڕەزایی خۆیان نەشاردەوە و بەشەکەی تریش سوور بوو لەسەر چوونەدەرەوە ، بەڵام دواجار ئەنجوومەنی نوێنەران بابەتەکەی یەکلا کردەوە .

بڕیارێک لە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە

ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو ، ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەریتانیا سەبارەت بە پرۆژەی یاسای بڕیگزت کۆبووەوە و بە زۆرینەی 330دەنگ بەرامبەر 231دەنگ بڕیاری کۆتایی لەو بارەوە دا . بە گوێرەی بڕیارەکەی ئەنجوومەن ، ڕۆژی 31کانونی دووەم ، بەریتانیا دەبێتە یەکەم دەوڵەت کە لە یەکێتی ئەورووپا دەکشێتەوە، چاوەڕێش دەکرێ ڕۆژی دووشەمە پرۆژەکە یاساکە بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی ، ڕەوانەی ئەنجوومەنی لۆردات بکرێ و دواتر شاژن بڕیاری کۆتایی لەبارەوە بدات .ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەزامەندی پەرلەمانی ئەورووپیە لەسەر ڕێککەوتنەکە بۆ ئەوەی ڕۆژی 31ی کانوونی دووەمی داهاتوو لە کاتژمێر 23.00بە کاتی لەندەن و گرینێچ بەریتانیا بە یەکجاری و بە فەرمی لە یەکێتی ئەورووپا بچێتە دەرەوە.

هەڵدانەوەی لایەڕەیەک

چاوەڕێ دەکرێ لەم ڕێکەوتەدا خەڵکی بەریتانیا لایەڕەیەکی دیکە لە ناسەقامگیری سیاسی هەڵبدەنەوە ، چونکە لە ماوەی سێ ساڵ و نیوی ڕابردوودا ، واتە لە دوای ڕاپرسیەکەی حوزەیرانی 2016، کە تیایدا 52%ی خەڵک دەنگیان بۆ جیابوونەوە لە یەکێتی ئەورووپا دا ، بەریتانیەکان لەنێو خۆیاندا دووچاری ململانێیەکی زۆر بوونەوە و پەرلەمان ڕێککەوتنێکی ڕەت کردەوە کە لەلایەن تیرێزا مای سەرۆکوەزیرانی پێشووەوە واژۆی لەسەر کرابوو ، بە بیانووی ئەوەی ڕێککەوتنەکە بەدەر بووە لە سیناریۆی دیکە ، ئەوان ترسیان هەبوو لەوەی لە کۆتاییدا پرۆسەکە تووندوتیژی لێ بکەوێتەوە . بەڵام دواتر سەرکەوتنی بۆریس جۆنسۆن مەسەلەکەی یەکلا کردەوە .

لە 31ی کانونی دووەمەوە

ڕۆژی 31ی کانونی دووەمی داهاتوو ، بەریتانیا و یەکێتی ئەورووپا دەچنە ناو قۆناغێکی ڕاگوزەری و تا کۆتایی ساڵی 2020بەردەوام دەبێ ، لەو ماوەیەدا بڕۆکسل و لەندەن ئامادەکاری دەکەن بۆ ڕێکخستنی قۆناغەکانی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا لە ئایندەدا ، هەروەها لەو ماوەیەدا بەریتانیەکان بەردەوام دەبن لە جێبەجێکردنی یاسا ئەورووپییەکان و سوودوەرگرتن لە داموودەزگاکانی یەکێتییەکە ، بەڵام بەشداریان تێدا ناکات و دەنگیان لەبارەوە نادات .

ماوەیەکی کورت

دوای ئەوەی بڕیگزت سێ جار دوا خرا و سەرەتا بڕیار بوو لە ئاداری 2019بچێتە واری جێبەجێکردن. ئێستاش قۆناغە ئینتیقالییەکە لە کۆتایی 2020تەواو دەبێ و ماوەکە زۆر کورتە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ڕێککەوتنەکانی تایبەت بە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بواری ئەمنی کە لە بنەڕەتدا ئەم جۆرە بابەتانە پێویستیان بە چەند ساڵێک هەیە. لەو بارەشەوە جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا داوای لە کۆمسیۆنی ئەورووپا کردووە پەلە بکرێ لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی سەرتاسەری. بەڵام حکومەتی بەریتانیا باسی لەوەش کردووە کە دەکرێ سەرەتا ڕێککەوتنێکی لاوەکی واژۆ بکرێ لە کاتێکدا ئەگەر هەردوولا نەیانتوانی تا کۆتایی 2020بگەنە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەن .لەوڵاش کۆمسیۆنی ئەوروپی هۆشداری داوە لەوەی دانوستانەکان ئاسان نین و ئەگەر ماوەکە درێژ نەکرێتەوە ، مەحاڵە بگەن بە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەن .

هێڵە سوورەکانی یەکێتی ئەورووپا

سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەورووپا ڕایگەیاند کە یەکێتی ئەورووپا سوور دەبێ لەسەر بنەما و ڕێساکانی و لەو چەند ڕۆژەی ڕابردووش کۆبوونەوەیەکی ئەنجام داوە و تیایدا هێڵە سوورەکان و ئامانجەکانی دوای دانوستان دەستنیشان کراون . لەو بارەوە ئاندرێ بلینکۆڤیچی سەرۆکی حکومەتی کرواتی کە وڵاتەکەی سەرۆکایەتی یەکێتی ئەورووپا دەکات رایگەیاند کە هەردووک لا پێویستە واقیعبین بن و لەسەر هەمان بنەماش هەڵسوکەوت بکەن.

لە پەرلەمانی ئەورووپا چ باسە؟

لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا پەرلەمانتارانی بەریتانیا لە پەرلەمانی ئەورووپا خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی بە یەکجاری شوێنەکانی کارکردنیان لە شاری ستراسبۆرگی فەرەنسی بەجێ بێڵن.ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانە 73کەسە و بڕیار وایە 27کەسی بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەش بکرێن و 46کەسی دیکەش هەڵگیرێن بۆ ئەوەی ئەندامێتی وڵاتی تازە لە یەکێتی ئەورووپا.

هۆکارەکانی جیابوونەوە

کۆمەڵێک هۆکار هەن وەک پاڵنەرێک وا بوون بۆ ئەوەی 52%ی خەڵکی دەنگ بۆ جیابوونەوەی وڵاتەکەیان بدەن لە یەکێتی ئەورووپا کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن :

زگارببوون لە بارگرانی کۆچبەر و پەنابەران

هاوڵاتی بەریتانی پێی وایە دووركەوتنەوە لە یەکێتی ئەورووپا دەبێتە هۆی ئەوەی وڵاتەکەی پشت بە سیستمێکی نوێ ببەستێ کە ڕێگر بێ لەوەی پەنابەران لە دەرەوەی سنووركانی یەکێتی ئەورووپا روو بکەنە بەریتانیا .لەو بارەوە زانکۆی لەندەنی ئابووری ڕایگەیاندووە کە ژمارەی پەنابەران لە بەریتانیا 863هەزار کەسە و سالانە حکومەت 2.67 ملیار جونەیهی ئستەرلینی (4.131ملیار دۆلار) بۆ ئەم بوارە تەرخان دەکات.

ترس لە تیرۆر :

زیادبوونی ڕێژەی کردەوە تیرۆرستیەکان لە هەندێک وڵاتی ئەورووپی وای لە تاکی بەریتانی کرد بیر لەوە بکاتەوە کە دەرچوونی وڵاتەکەی لەو یەکێتیە کۆتایی بە ڕێککەوتنی سنووری کراوەکانی نێوانیان دێنێ ، هاوکات ڕێگریش دەبێ لە چوونی تیرۆرستان بۆ وڵاتەکەی.

پاشەکەوتکردنی خەرجی بۆ کەرتەکانی تەندروستی و فێرکردن

رزگاربوون لە بارگرانی پێشوازیکردن لە پەنابەران کە وا دەکات حکومەتی بەریتانیا لە حەفتەیەکدا زیاتر لە 350 ملیۆن جونەیهی ئیسترلینی بۆ خەرجنەی دەوڵەت بگێڕدرێتەوە و لە بونیادنانی نەخۆشخانەیەک خەرج بکرێ. هەمان ئەو پارەیە ئەوەندەی نیوەی بودجەی تەرخانکراوە بۆ کەرتی فێرکردن لە ئینگلتەرا.

بازرگانیی ئازاد :

بەرەی لایەنگرانی جیابوونەوە لە یەکێتی ئەورووپا لە سەرەتاوە پێیان وایە دوورەتنەوە لە یەکێتی ئەورووپا دەبێتە مایەی گەشەکردنی باری ئابووری وڵات ، ئەمەش وای لە تاکی بەریتانی کرد پێشبینی شتی باشتر بکات و بگاتە ئەو قەناعەتەی کە دوای جێبەجێکردنی بڕیگزت وڵاتەکەی دەتوانێ پەیوەندی ئابووری باش لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا بونیاد بنێ ، بەبێ ئەوەی بچنە ژێر باری یاساکانی ئەو وڵاتانە ، هاوکات دەشتوانن ڕێککەوتنی بازرگانی لەگەڵ ژمارەیەک وڵاتی گرنگی وەک ئەمەریکا و هیند و چین مۆر بکەن.

هۆمۆونی نێودەوڵەتی :

بەریتانیەکان لەو قەناعەتە دان کە کاریگەریی وڵاتەکەیان لەناو یەکێتی ئەورووپا لاوازە ، بۆیە ئەگەر ئەو یەکێتیە بەجێ بێڵن ، دەتوانن ئازادانە هەڵسوکەوت بکەن و لە داموەدەزگا جیهانیە گرنگەکانی وەک ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیدا شوێنی خۆیان بکەنەوە.

بەهێزکردنەوەی یاسا نیشتمانیەکان :

لەو قۆناغەدا بەریتانیەکان باس لەوە دەکەن کە چوونە دەرەوەی وڵاتەکەیان لە یەکێتی ئەورووپا دەبێتە هۆی دووبارە بەهێزبوونەوەی یاسا نیشتمانیەکانی بەریتانیا و خۆیان لە هەموو یاسا ئەورووپیەکان دوور دەخەنەوە ، بەمەش دووبارە دەتوانن کۆنترۆڵی ئەو یاسایانە بکەنەوە کە تایبەتن بە دامەزراندن و خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان و بواری سەبارەت بە ئایندەی پەیوەندیە بازرگانیەکان لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا بە 27%پێیان باش دەزانن.هەروەها 27%پێیان باش بووە کە پارێزگاری لە ئەندامێتی بازاڕی یەکگرتووی ئەورووپا بکرێ .

نزیکەی 52%وتوویانە بڕیگزت دەبێتە هۆی لاوازکردنی یەکێتی ئینگلتەرا و سکۆتلەندا و وێڵز و ئێرلەندای باکور ، 13%یش پێیان وابووە کە بڕیگزت ئەو یەکگرتنە بەهێزتر دەکات.

دوای قۆناغی ئینتیقالی

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی میترۆی بەریتانی، دوای تەواوبوونی قۆناغی ئینتیقالی نێوان بەریتانیا و یەکێتی ئەورووپا زۆر بابەت و ڕێوشوێن دەگۆڕێن ، بە تایبەتی ڕێوشوێنی گەشتکردنی هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا .لەو بارەوە پێگەی ئەلیکترۆنی حکومەتی بەریتانیا باسی لەوە کردووە کە هاوڵاتی بەریتانی بەر لە گەشتکردن بۆ ئەم وڵاتانە، دەبێ پاسپۆرتی خۆی تازە بکاتەوە و ئەوان لە کاتی گەشتکردن بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا یان ئایسلەندا و لیختنشتاین و نەرویژ و سویسرا پێویستیان بە وەگرتنی ڤیزا نابێ ، لە کاتێکدا ئەگەر ماوەی گەشتەکە لە 3مانگ زیاتر نەبێ ، بەڵام لە کاتی گەشتکردن بۆ مەبەستی خوێندن و کار و بازرگانیکردن ، پێویستە کەسی گەشتیار داوای ڤیزا بکات.هەروەها بەدوور نازانرێ لە خاڵەکانی پشکنینی سەر سنوورەکان داوای تێکتی گەشتکردن یان بوونی پارەی پێویست لە گەشتیارانی بەریتانیا بکرێ ، هاوکات وەک جاران گەشتیاری بەریتانی ناتوانێ گیانەوەرە ماڵیەکان لەگەڵ خۆی ببات دەرەوە و بابەتەکە پێویستی بە ڕێوشوێنی تازە دەبێ کە چوار مانگ درێژە دەکێشێ.

هەر دوای تەواوبوونی ئەم قۆناغە، لەوانەیە کارتەکانی تایبەت بە بیمەی تەندروستی ئەورووپی لەناو زۆر لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا کاریگەریان نەمێنێ ، بۆیە کەسی گەشتیار بەر لە گەشتکردن پێویستی بە دابینکردنی کارتێکی لەو شێوەیە دەبێ. ئەو کەسانەش کە دەخوازن بە ئۆتۆمبیلی خۆیان گەشت بکەن ، پێویستیان بە بەڵگەنامەی زیاتر و تەنانەت کارتی نێودەوڵەتی تایبەت بە لێخورینی ئۆتۆمبیلیش دەبێ.

داتاکان چۆن دەبنە نەوت

1 **ن: ئاراس نوری**

پێشەکی

سەدەیەکە نەوت گەورەترین ڕۆڵ دەبینێ لە ئابووری وڵاتاندا[١]، لە دوای جەنگی جیهانی دووەمیشەوە کارایەک بووە بۆ سیاسیەکان نەخشەی ڕێککەوتنی درێژخایەن و گرەوی داهاتووی سەقامگیریی وڵاتیان پێ بردوەتەوە. داتا و زانیارییەکان لە سەردەمی ئەلیکترۆن و خوولی چوارەمی پیشەسازیدا بونەتە کلیکی پێشەنگی کۆمپانیا زەبەلاحەکان و بەدەستهێنانی متمانەی سیاسیە ئابووریناسەکانی وڵات.

داتا و زانیارییەکان نەوتی خاوی دوارۆژن، ئەوەی خاوەنیان بێ، لە پێشبڕکێی تەکنۆلۆجیادا دەمێنێتەوە. ئەگەر وزە نوێیەبووەکان جێگرەوەی نەوت بن، ئەوا داتا و زانیاریەکان تاکو ئەمڕۆ هیچ جێگرەوەیەکیان بۆ پێناس نەکراوە. وەکو چۆن نەوت بە ئامێر و بزوێنەری جۆراوجۆر خۆکارانە لە بنی زەوی دەردەهێنرێت و جۆرەکانی لەیەک جیا دەکرێنەوە، ئاوهاش ئامێر ڕاهێنانی پێ دەکرێت کە لە زانیارییەکان بگات و بڕیاریان لەسەر دروست بکا.

نەوت و داتا لەیەک دەچن، هەردووکیان گرنگن، هەردووکیان شیکاری و جیاکردنەوەیان دەوێت، پالاوتنیان دەوێت [٢]

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چەندین کاری دژوار و ڕووداوی سەیرمان بینیوە و بیستووە لەسەر دزینی داتا، تێکشکانی سیستەمی کارگێڕیی ئەلیکترۆنی و دزەکردنە ناو سیستەمی حکوومی، تەنانەت تێکشان و بەدەستهێنانی هەزاران هەژماری بانکی هاوڵاتیان، کە هەندێکجار خۆشمانی گرتووەتەوە و بەش بووین لێی و زیانمان بەرکەوتووە.

یەکێک لە پرژەی بۆنە و باسەکانی ساڵی ٢٠١٩ لە بواری تەکنۆلۆجیای زانیاریدا، قسە و گومان بوو لەسەر کۆمپانیای هواوای چینی[٣]. کە بەشدار ببێ یاخود نا لە ئەوروپادا بۆ دانانی ژێرخانی وەشانی پێنجەمی گەیاندن بە مۆبایل (5G). هۆکارەکەیشی زۆرتر بۆ ڕێکەوتنی هواوای دەگەڕێتەوە لەگەڵ حکومەتی چینیدا، کە هەموو دراوە و داتاکانی بەشدارببوانی والا کردەوە بۆ حکومەتی چینی، کە لە ئەورووپادا بە ڕژێمی داپلۆسێنەر و ستەمکاری ئازادی مرۆڤەکان ناوی دەرکردوە.

لە ڕاستیدا هاوشێوەی ئەو ڕێکەوتنە لە نێوان ئەپڵ و حکومەتی ئەمەریکا، یاخود مایکرۆسۆفت و ئەمەریکا، گووگڵ و ئەمەریکا دا هەیە[٤]. ئەگەر بۆ من و هاوڵاتیەکی تر ئەمە شاراوە بێ، ئەوا لە جیهانی پێشکەوتووی ئاڵوگۆڕی دراوەکاندا ئەم کارە شتێکی نامۆ نیە. ئەگەر جاران ئەورووپا ڕەخنەی توندی لە حکومەتەکانی وەکو ئێران، سعودیە و ڕووسیا و هیتر دەگرت بە چاودێریی ژیانی تایبەتیی هاوڵاتیان و زەودکردنی ئازادی ڕا دەبڕین، ئەوا ئەمڕۆکە بە یاسا و بەهانەی جۆراوجۆر چاودێری هاوڵاتیانی خۆی دەکات و گوێ لە تەلفۆنیان دەگرێ، بگرە وەکو کالایەک تەواو لە دەیانخاتە ژێر چاودێریی و ملیۆنەها دۆلار خەرج دەکەن بۆ دەستکەوتنی داتا و زانیاریی ورد لەسەر دانیشتوانەکەیان.

لەمەوە، هەوڵدانی حکومەتە زلەکان بۆ بەدەست هێنانی زۆرترین داتا و زانیاریی خەڵکی، سیستەمیانە چەسپێنراوە. ڕێگا و هەلومەرجی خۆی بۆ تەرخان کراوە. هەمەئاهەنگی لە نێوان وڵاتاندا خولقاندوە و بنکەدراوەیەکی هاوبەشیان پێک هێناوە.

هەرزانترین ڕێ بۆ ئەم کارەش، تەکنۆلۆجیایە. ڕۆژانە بواری بەکارهێنانی ئینتەرنێت و سەرهێڵ بوونی خەڵک فراوانتر دەبێ، ژمارەی هەژمارەکان لە تۆرەکۆمەڵایەتیەکان زۆرتر دەبن و هەلومەرجی نوێ بۆ پەخشکردنی هەواڵ و وێنە دەهێنن کایەوە. ئەمانە و تەریب بە زانیاریی خەڵکی، ئامێرەکانیان و تایبەتمەندییان بە وردی لای دابینکارەکان کۆڕا دەکرێ. جاران ئەگەر ناسنامەت لای گووگڵ بووبێ تاکو ڕاژەی پۆستی ئەلیکترۆنی خۆڕایی وەربگریت و سوودمەند بیت لێی، ئەوا ئەمڕۆ گووگڵ زانیاریی:

- تاکە کەسی
- ئاردەزووەکانت
- خواردن و هەستان و ڕۆیشتنت
- هاوڕێ دوور و نزیکەکانت کە لە دەفتەری ژمارەکانت تۆمار کراون
- پیشە و ناو و ناونیشانی هاوڕێیانی کارەکەت
- بازنەی خێزان و کەسوکارت
- ئامێرەکانی بەکاریان دەهێنیت لە ماڵەوە و لە دەرەوە.
- هەموو وردەکارییەکی تر
- تەنانە گوێ لە زۆر ئاخاوتن و تەلفۆنەکانی ڕۆژانەت دەگرێت و زانیاریی لێ دەردەهێنێ.

ئەمانە لای گووگڵ، ئەگەر تەلفۆنەکەشت ئایفۆن بێ ئەوا هاوشێوەی ئەوانە لای ئەپڵن، ئەگەر هواوی بن ئەوا لای هواوین و هەروەها بۆ ئەوانی تریش. تەریب بەمانەش تۆرەکۆمەڵایەتیەکانە، کە بوونەتە خاوەنی هەموو قسە و باس و وێنەیەکی ژیانی تۆ.

وەکو سیناتۆرێک ساویلکانە پرسی لە دروستکەری فەیسبووک، مارک زۆکەربێرگ کرد؛ "ئەرێ ئەم هەموو ڕاژەیە چۆن خۆڕایی پێشکەش دەکەن؟[٥]"، لە ڕاستیدا لە پای هەموو زانیارییەک فەیسبووک بازاڕێکی بۆ ڕێک خستووە، بۆ هەموو جووڵە و چالاکیەک، بانگێشتێکی بازرگانی پێوە لکاندوە. نوێترین هەنگاویشی، زۆرکردنی ڕیکلام و دانانی بانگهێشتە بازرگانیەکانە لە نێوان دەق و نووسینەکانی (وەتسئەپ -what sapp)[٦].

لێرەوە گرنگی داتاکان لە چەند شێوەیەکدا دەبینرێ، جارێک بۆ زاڵبوون بەسەر دەسەڵاتی سیاسی و جێگیرکردنی حوکمڕانی و جارێکیش بۆ بازرگانی. هاوشێوەی نەوت لە چەند سالی ڕابردوودا.

[١] ڕاپۆرتی DECC 1915 لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە، نەوت زۆرینەی سەرچاوەی وزەی تەرخان کرد.

[٢] – گۆڤاری economics - (David Buck-ingham)

[٣] – پۆدکاست چارگ – (پانۆرامای ڕووداو زانستییەکانی ٢٠١٩)

[٤] ڕۆژنامەی (sueddeutsche.de) ژمارەی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٣ – "ئەمەریکا داتاکانی ئەپڵ و گووگل و مایکرۆسۆفت بۆ سیخوڕی بەسەر خەڵکەوە بەکار دێنێ"

[٥] ڕاپۆرتی - NBC لە ڕێکەوتی ١٠ی نیسانی ٢٠١٨

[٦] بروانە (heise.de) - نوێکارییەکانی وەتسئەپلاپ لە ٢٠٢٠ دا

داهات و ژمارەی گەشتیاران و ڕەخساندنی هەلی کار لە کەرتی گەشتیاری لە جیهان و هەرێمی کوردستاندا



نادر ڕوستی

ساڵانە ژمارەی گەشتیاران و داهاتی گەشتیاری لەسەر ئاستی جیهان لە زیادبوون دایە و بە ڕێژەیەکی باش گەشە دەکات و بۆتە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات بۆ بەشێک لە وڵاتان بە تایبەت وڵاتە زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و فەرەنسا و ئیسپانیا و چین و بەریتانیە، سەرباری پێشکەوتنیان لە کەرتەکانی وەک: پیشەسازی و تەکنەلۆژی و کشتوکاڵ و بازرگانی و تەندروستی و نیشتەجێبوون لە کەرتی گەشتیاریش لە پێشەوەی وڵاتانی جیهانن، بە پێی زانیاری و ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی جیهانی گەشتوگوزاری سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی گەشتیاران لە ساڵی 2018 گەیشتە یەک ملیار و 400 ملیۆن گەشتیار(1.400.000.000)، لە 10 وڵاتی لوتکە، وڵاتە پیشکەوتووەکان لە پێشەوە دان، بۆ نموونە ژمارەی گەشتیاران لە وڵاتی فەرەنسا بە 89 ملیۆن گەشتیار پلەی یەکەم دێت و ئیسپانیا 83 ملیۆن گەشتیار و ئەمریکا 80 ملیۆن گەشتیار و چین 63 ملیۆن گەشتیار و ئیتالیا 62 ملیۆن گەشتیار بە پلەی دووەم و سێیەم و چوارم و پێنجەم دێن (بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەکە بکە). کەرتی گەشتیاری بەراورد بە ساڵی 2017 بە ڕێژەی 3.9% گەشەی کردووە... هەروەها داهاتی گەشتیاری لەسەر ئاستی جیهان لە ساڵی 2018 گەیشتە (1ترلیۆن و 451 ملیار دۆلار)، بەراورد بە ساڵی 2017 بە ڕێژەی 404% گەشەی کردووە، هەریەک لە ئەمریکا بە داهاتی 214 ملیار دۆلار و ئیسپانیا بە داهاتی 73 ملیار دۆلار و فەرەنسا بە داهاتی 67 ملیار دۆلار و تایلەند بە داهاتی 63 ملیار دۆلار و بەریتانیا بە داهاتی 51 ملیار دۆلار یەکەم و دووەم و سێ یەم و چوارەم و پێنجەم بوونە لە سەر ئاستی جیهان، (بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەکە بکە) . سەبارەت بە ڕێژەی بەشداریکردنی داهاتی گەشتیاری لە داهاتی جیهان زیاتر لە 10%ی داهاتی جیهان پێکدەهێنێت، بە پێی ڕاپۆرتی گەشتوگوزاری جیهانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر لە 319 ملیۆن هەلی کار ڕاستە و خۆ و ناڕاستەوخۆ لە کەرتی گەشتیاری ڕەخساوە، کە لە 10 هەلی کار لە جیهان یەک هەلیکار بەر کەرتی گەشتیاری کەوتووە وات دەکەرتی گەشتیاری توانیویەتی بە ڕێژەی 10% ی هەلی کار دابین بکات.

داهاتی گەشتیاری بە چ ڕێژەیەک بەشداری داهاتی وڵاتانی جیهان دەکات؟

وەک لە پێشتر ئاماژەم پێدا کە داهاتی گەشتیاری بە ڕێژەی 10% بەشداری داهاتی جیهان دەکات. هەریەک لە وڵاتانی گەشتیاریش کە گەشتیاریان بۆ دەچێت بە ئاست و ڕێژەی جیاواز سوود لە داهاتی گەشتیاری وەردەگرن و بەرێژەی جیاواز داهاتی گەشتیاری بەشداری لە داهاتی نیشتمانی وڵاتەکان دەکات. بەرزترین ڕێژەش کە لە ساڵی 2018 تۆمارکراوە لە دوورگەیەک بووە بە ناوی وڵاتی مالدیف کە لە39.6% بووە. وەک ئاماژەم بۆی کرد وڵاتانی جیهان سەرچاوەی جۆراوجۆریان بۆ کۆکردنەوەی داهات هەیە، تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی داهات نابەستن، بەڵکو سوود لە کەرتەکانی وەک پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ و وزە و گەشتوگوزار و تەکنەلۆژیا...وەردەگرن. گەشتوگوزار یەکێکە لە سەرچاوەی داهات بۆ ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهان، هەر وڵاتێکیش بە ڕێژەی جیاواز داهاتی گەشتوگوزاری بە دست دەکەوێت. بە پێی ڕاپۆرتێک کە لە ژمارەیەک مالپەڕی ناسراوی جیهانی بلاوبۆتەوە، کە یەکێک لە مالپەڕەکانیش بریتیە لە The Telegraphـە ڕاپۆرتەکیدا ناوی 20 وڵاتی لە لیستێکدا تۆمارکردووە کە بەرزترین ڕێژەی داهاتیان لە گەشتوگوزار دست دەکەوێت. لە ناوی مالدیف وەک یەکەم وڵات بە بەرزترین ڕێژە دست پیدەکات و دواتر دورگەکانی بەریتانیا و ماکوا و ئەرۆبا و کۆمەلێک دوورگەی تری ڕیز کردووە و بە بە ناوی بەربادۆس و دۆمنیکا و مۆنتیگرۆ کۆتای دێت، دوا ناو مۆنتیگرۆیە لە 11% ی تۆمارکردووە. بەڵام وڵاتە دیارو بەناوبانگەکان کە زۆرترین گەشتیار سەردانیان دەکەن وەک پێشتر ئاماژەم بۆیان کرد، ڕێژەی داهاتی گەشتیاریان ناگات بە ڕێژەی لە 10%، بەو هۆیەی کەرتەکانی تر بە ڕیژەیەکی بەرز لە داهاتی وڵات بەشدارن. لێرە تەنیا چەند وڵاتێک بە نموونە وەردەگرین تا بزانین داهاتی گەشتیاری بە چ ڕێژەیەک لە داهاتیان بەشدارە. بە پێی ڕاپۆرتێکی ساڵی 2019 ماڵپەڕی کەنالی جەزیرەی عەرەبی هەندێک لە وڵاتانی ئابووریان باشە، بەم شێوە بەشدارن) : پورتوگال 9.2%، مەکسیک 8.6%، ئایسلەند 8.4%، فەرەنسا 7.1%، یۆنان 6.4%، ئیتالیا 6%، تورکیا 4.3%، ئەڵمانیا 3.9%، بەریتانیا 3.7%، هەریەکێک لە وڵاتانی ژاپۆن و ئەمریکا کە سەرتێڕی ئابووری جیهانن و وڵاتی ئەمریکا لە 5ساڵی ڕابردوو لە داهاتی گەشتیاری یەکەمی جیهان بووە، داهاتی گەشتیاری لە ساڵی 2018 گەیشتە 214 ملیار دۆلار بە ڕێژەی 2.7%بەشداری داهاتی وڵات بووە، ژاپۆنیش 1.9% بووە. بە پیی ئەم زانیاری و سەرچاوانەی سەرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هیچ وڵاتێک لە جیهان بە تەنیا پشتی بە کەرتی گەشتیاری یان کەرتی کشتوکاڵی یان کەرتی پیشەسازی یان بازرگانی نەبەستووە، باشترین نموونەش وڵاتە پێشکەوتووەکانن کە زۆرترین ژمارەی گەشتیار سەردانیان دەکەن و زۆرترین داهاتیان لە کەرتی گەشتیاری دەست دەکەوێت، بەڵام بەو هۆیەی گرنگیان بە کەرتەکانی دیکەش داوە ڕێژەی بەشداری داهاتی گەشتیاری ناگاتە 10% بۆیە ئەگەر هەرێمی کوردستان بتوانێ کەرتی گەشتیاری شان بەشانی کەرتەکانی تری ئابووری پێشبخات و ڕیژەی بەشداری کەرتی گەشتیاری بگەینێتە لە 5% واتە ڕیژەیەکی باش دەبێت، بەڵام ئەگەر تەنیا گەشتیاری پێش بکەوێت و داهاتی زیاد بکات ڕەنگە ئەو کات ڕێژەکە لە 5% بەرز بێتەوە بۆ 15%، بەڵام بۆ ئابووری وڵات باشتر وایە سەرجەم کەرتەکان بەیەکەوە گەشە بکەن.

گەشەکردنی کەرتی گەشتیاری لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی دووەم دایە

گەشەکردنی کەرتە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئاستی جیهان بەرزترینیان لە 4% تێنەپەڕیوە کە ئەویش کەرتی پیشەسازی بووە و وەک یەکەم کەرت تۆمار کراوە، گەشەکردنی کەرتی گەشتوگوزاریش وەک دووەم کەرت تۆمار کراوە کە بەڕێژەی 3.9% بووە، هەروەها کەرتی بیناسازی و نیشتەجێبوون بە سێیەم کەرت تۆمار کراوە کە 3.4% بووە.

بە پێی ئاماژەکانی دەستەی گشتی گەشتوگوزارلە هەرێمی کوردستان ژمارەی گەشتیاران لە ساڵی 2019 گەیشتۆتە 3 ملیۆن و 700 هەزار، لە ساڵی 2018 ژمارەی گەشتیاران 3ملیۆن و 57 هەزار گەشتیار بووە. واتە 643 هەزار گەشتیار زیادی کردووە، بە پێی پلانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار بۆ ساڵی 2020 ژمارەی گەشتیاران بۆ 4 ملیۆن بەرز دەبێتەوە، ئەم ئاماژانە گەشەکردنی کەرتی گەشتیاری لە ڕووی ژمارەوە دەخاتەڕوو. بە پێی زانیاریەکانی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی وەبەرهێنانیشەوە کەرتی گەشتیاری لەسەر ئاستی هەرێم لە ساڵی 2019 ژمارەیەکی پێوانەی تۆمار کرد و گەیشتە ڕیژەی لە 36%و پلەی یەکەمی لە هەرێمی کوردستان لە وەبەرهێنان تۆمار کرد، دووەم کەرتیش لە هەرێمی کوردستان کەرتی پیشەسازی بووە کە لە 22% وەبەرهینانی پێکهێناوە.

سەرچاوەکان:
https://www.wttc.org/
http://www.al-و-media/
jazirah.com/2019/20190823/sy1.htm

Rank	Destination	International tourist arrivals (2018)[1]	International tourist arrivals (2017)[1]	Change (2017 to 2018) (%)	Change (2016 to 2017) (%)
1	France	89.4 million	86.9 million	▲ 2.9	▲ 5.1
2	Spain	82.8 million	81.9 million	▲ 1.1	▲ 8.7
3	United States	79.6 million	76.9 million	▲ 3.5	▲ 0.7
4	China	62.9 million	60.7 million	▲ 3.6	▲ 2.5
5	Italy	62.1 million	58.2 million	▲ 6.7	▲ 11.2
6	Turkey	45.8 million	37.6 million	▲ 21.7	▲ 24.1
7	Mexico	41.4 million	39.3 million	▲ 5.5	▲ 12.0
8	Germany	38.9 million	37.5 million	▲ 3.8	▲ 5.2
9	Thailand	38.3 million	35.5 million	▲ 7.9	▲ 9.1
10	United Kingdom	36.3 million	37.6 million	▼ 3.5	▲ 5.1

ژمارەی گەشتیاران لە 10 وڵاتی یەکەم لە ساڵی 2017 و 2018 و ڕێژەی گەشەکردن

Rank	Region	International tourism receipts (US$ billion) (2018)[1]	International tourism receipts (US$ billion) (2017)[3]	Change (2017 to 2018) (%)
1	United States	214.5	210.7	▲ 1.8%
2	Spain	73.8	68.1	▲ 8.4%
3	France	67.3	60.7	▲ 10.9%
4	Thailand	63.0	56.9	▲ 10.7%
5	United Kingdom	51.9	49.0	▲ 5.9%
6	Italy	49.3	44.2	▲ 11.5%
7	Australia	45.0	41.7	▲ 7.9%
8	Germany	43.0	39.8	▲ 8.0%
9	Japan	41.1	34.1	▲ 20.5%
10	China	40.4	38.6	▲ 4.7%

داهاتی گەشتیاری لە 10 وڵاتی یەکەمی جیهان بە ملیار دۆلار لە ساڵی 2017 و 2018 و ڕێژەی زیاد بوون



بۆ فیربوونی زمانی کوردی ڕاهێنان بەکارمەندی بیانی لە بنکەکانی گەشتیاری دەکرێ



چەند ساڵێکە ژمارەیەکی زۆر کارمەند و کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، بەشێک لەمانە لە بنکەکانی گەشتیاری کار دەکەن و خزمەتگوزاری پێشکەشی گەشتیاران دەکەن، ژمارەیەکیان فێری زمانی کوردی بوونە و هەندێکیشیان فێر نەبوونە و بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم مامەڵەی هاوڵاتیان و گەشتیارانی ناوخۆ، بۆ چارەسەری کێشەکە لە وەزارەتی ناوخۆ لێژنەیەک بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت و ئەندامیەتی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و دەستەی گشتی گەشتوگوزار پیکهێنرا.

لە یەکەم کۆبوونەوە چەند پێشنیارێک ئامادەکراو لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ کرانە بڕیار بۆ کار لەسەرکردن، کە بەم شێوەیە: (ئەو کرێکار و کارمەندانەی لە مالآن کار دەکەن پێویستە خاوەن مۆڵ فیری زمانی کوردیان بکات، دوای 6 مانگ بۆ ئەم مەبەستە تاقیکردنەوەیان پێدەکرێ. بۆ ئەوانەی لە بنکەکانی گەشتیاری کار دەکەن و گرێبەستیان بۆ ساڵێک یان زیاتر هەیە پێویستە بۆ ماوەی 60کاتژمێر بخرێنە ناو خولی فێرکاری زمانی کوردی و شوێنی کارکردنیش هاوکار بێت بۆ فێربوونی زمان، ئەو شوێنەی کاری بۆ دەکرێ بەرپرسە لە خەرجی فێرکاری. وەزارەتی پەروەردەش ڕادەسپێردرێت بۆ دابینکردنی شوێن و هۆکاری فێرکاری و کادری پێویست. لێژنەیەکیش بۆ هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون لە چەند وەزارەتێ پەیوەندار پێکدەهێنرێت).

نانەواخانەی شۆڕشی ئەیلوول نۆژەن دەکرێتەوە و ناوچەکەش بە گەشتیاری دەکرێ



وەک وەفایەک بۆ پێگە و بارەگە و شوێنەکانی شۆڕشی ئەیلوول و شوێنەکانی پاڵپشتی و بەخشینی وزە و هێز بە پێشمەرگەی شۆڕش کە بەردی بناغەی سەرکەوتن و دەسکەوتەکانی ئەمڕۆیان لەسەر بنیادنراوە ڕێکخراوی نەوەکانی ئەیلوول لە کارێکی نوێیاندا دەستیان کرد بە نۆژەنکردنەوەی نانەواخانەی شۆڕشی ئەیلوول.

هونەر کاک ئەحمەد بەرپرسی ڕێکخراوەکە بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: دوای ئەنجامدانی چەند کارێکی مەیدانی وەک ڕێکخستنەوە و نۆژەنکردنەوەی چەند شوێنێکی شۆڕشی ئەیلوول لە باڵەکایەتی، جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی ئێمەی ڕاسپارد کە نانەواخانەی شۆڕشی ئەیلوول لە سەرجادەی هاملتۆن لە کۆسپێ سپی لە زەروان کە دەکەوێتە نێوان قەزای چۆمان و سۆران نۆژەن بکەینەوە.

نانەواخانەکە لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول تا کۆتایەکانی شۆڕش بەردەوام بووە و پالپشتیەکی بەهێز بووە بۆ دابینکردنی نان بۆ پێشمەرگەکان لەسەنگەری پێشەوە لە سەرتیز و هەندرێن و زۆسک و ناوچەکانی تر، بۆیە وەک هێمایەک بۆ وزەبەخشین بە شۆڕشی ئەیلوول و ناساندنی بە نەوەکانی داهاتوو نۆژەنی دەکەینەوە. هەروەها هەندێک جوانکاری لە دەوروبەری شوێنەک دەکەین و شوێنی پشودان بۆ گەشتیاران و بۆ ڕێبواران دروست دەکەین، بەو پێیەی دەکەوێتە سەر ڕێگای هاملتۆن کە چۆمان و سۆران بەیەکەوە دەبەستێتەوە و دەکەوێتە سەر ڕووباری چۆمان شوێنەکە دەکەینە ناوچەیەکی گەشتیاری.

ناوەڕاستی مانگی داهاتوو خولی نایابی عێراق دەستپێدەکاتەوە

قۆناغی یەکەمی خولەکە لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەدەچێت



ئا: سەرهەنگ ئەحمەدین

دوای دەستلەکارکێشانەوەی سەرجەم ئەندامانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق و بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان لە شارە جیاجیاکانی عێراق، خولی نایابی تۆپی پێی عێراق بۆ کاتێکی نادیار راگیرا، رۆژی دووشەمەی رابردووش لیژنەی پێشبڕکێیەکانی یەکێتی تۆپێی عێراق کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا و تیادا دەستپێکردنەوەی خولی نایابی عێراقیان بەفەرمی ڕاگەیاند ، بەپرسیاری لیژنەی پێشبڕکێیەکان و بەپێی سیستمی ئێستای خولەکە هیچ یانەیەک بۆ پلەیەک دانەبەزێت، هەریەک لەیانەکانی زاخۆ، سەماوە، دیوانیە، کەرخ، قاسم بەفەرمی بەشداری خولەکە ناکەن.

بەپێی هەواڵەکانیش خولەکە بەسەر 3کۆمەڵەدا دابەکراوە و بڕیارە لە 16مانگی داهاتوو لەشارەکانی زاخۆ و هەولێر و سلێمانی، یارییەکان ئەنجام بدرێت.

یارییەکانی قۆناغی کۆتایی کە لە 6یانەپێکدێت بەشێوازی خول و بەیەک قۆناغ بەڕێوەدەچێت، ئەگەر بارودۆخی شاری بەغدا بەشێوەیەکی باش جێگیر بژوە، ئەوا یارییەکان لەوێش ئەنجام دەدرێت.

یانەکان بەسەر 3کۆمەڵە دابەشدەکرێت:

کۆمەڵەی یەکەم لەشاری سلێمانی یاخو زاخۆ ئەنجام دەدرێت و پێکهاتوون لە یانەکانی زەورا، نەفتی باشوور، مینا، نەجەف ، کاربا.

کۆمەڵەی دووەم لەشاری دهۆک: قوەی جەوییە، حدود، سناعاتی کاربا، ئەمانەی بەغدا، نەفت.

کۆمەڵەی سێیەم لەشاری هەولێر: شورتە، هەولێر، نەفت میسان، تەڵەبە، نەفتی ناوەراست.

یەکەم 3یاریش لەهەرسێ کۆمەڵەکەدا بەمشێوەیە دەبێت:

هەولێر – نەفتی میسان

سناعاتی کاربا– ئەمانەی بەغدا

نەوتی ناوەراست– تەڵەبە

ئەفسانەی تۆپی باسکەی ئەمریکی لەڕووداوی فرۆکەدا گیانی لەدەستدا



کۆبی براینتی ئەفسانەی تۆپی باسکەی ئەمریکی لەنێو ئەو هەلیکۆپتەرەدابوو کە لە رووداوێکی گومانلێدا تێکەشکێت و کیان لەدەست دەدات.

ئەو هێلۆکۆپتەرە لە جۆری سیکۆرسکی ئێس- 76بوو لەسەر یەکێک لە چیاکانی شاری کالاباساس لە ویلایەتی کالیفۆرنیا دەکەوێتە خوارەوە و تەواوی سەرنشینەکانی کە ل 7کەس پێکهاتبوو، گیان لەدەست دەدەن، کە لەنیویاندا کۆبی براینتی یاریزانی ناوداری باسکەی ئەمریکی تەمەن 41سالّ و جیانای کچەکەی تەمەن 13 سالّ.

براینت لەو گەشتەیەدا یاوەری کچەکەی بوو بۆ بەشداریکردن لە یەکەیەکی مەشق بۆ خۆئامادەکردنی پالّەوانیتی تازەپێگەیشتووان، کە براینت ماوەی چەندین سالّە هەر بە فرۆکە گەشتەکانی ئەنجامداوە.

کیلیان مباپێ: زێدان نموونەی باڵای منە



یاریزانی لاوی فەرەنسیی، کیلیان مباپێ، هێرشبەری یانەی پاریس سان جێرمان دووپاتی کردەوە، هاوڵاتییەکەی زەینەدین زێدان، راهێنەری ئێستای ریال مەرید، هەر لە منداڵییەوە نموونەی باڵای ئەو بووە. مباپێ، لە لێدوانەکەیدا کە ڕۆژنامەی (مارکا)ی ئیسپانیی باڵاوی کردووەتەوە وتی: پێشەوام؟ من بە چەند قۆناغێک ڕەت بوومە، وەکو منداڵێک، نموونەی باڵام زێدان بوو، ئەگەر تۆ منداڵێکی کرد،ئینجا ئەستێرەکانی بەرازیل، لەبەر شێوازی یاریکردنیان. هەروەها وتی: دەمەوێت بە کارەکەم، جێپەنجەیەک و پەیامێک لە میژووی تۆپی پێ بەجێبهێلم. لە کۆتاییشدا وتی: خەون بە سێ شتەوە دەبینم، ئەگەر بەدی بێن خراپ نابێت، بەدەستهێنانی نازناوی خولی یانە پالّەوانەکانی ئەوروپا، لەگەڵ پاریس سان جێرمان، یۆرۆ و ئۆلۆمپیادیش لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا. شیاوی باسکردنە، زێدان، چەندین جار بە شان و باڵی مباپێی هەڵداوە، دووپاتیشی کردووەتەوە، ئەستێرەیەکە و ئایندەیەکی گەش چاوەڕێی دەکات، ئەوەش ئەگەرەکانی زێدەتر کردووە، بەوەی مباپێ نزیکە لەوەی لە ماوەی داهاتوودا، دریسی میرینگێ بپۆشێت.

ڕەمزی میرەکانی

فەرەنسیی بیت، بە دڵنیاییەوە نموونەی باڵاتر زێدان دەبێت. ئەمەو زێدان لە چەندین بۆنەدا، سەرسامی زۆری خۆی بە ئەستێرەی لاوی فەرەنسیی، کیلیان مباپێ دەربڕیووە. ڕاپۆرتەکانیش باسیان لەوە دەکرد، ریال مەدرید، لە هاوینی ڕابردوودا دەیویست مباپێ بباتە ریزەکانییەوە. مباپێ وتیشی: دوای ئەو کریستیانۆ ڕۆنالّدۆ بوو، کە بەختم هەبوو بەرامبەری یاریم

دەسەڵاتەکانی گۆڵپاریز لە ماوەی 135ساڵدا

لە یاری تۆپی پێدا، گۆڵپاریز چەند دەسەڵاتێکی هەیە، کە هاوتیپەکانی نیانە، بەڵام چەندین بەرپرسیاریەتی و فشاریشی لەسەرە. لەگەڵ گەورەبوونی ڕۆڵی گۆڵپاریز و گەشەکردنی پلانەکانی یاریکردن، زۆرکەس گۆڵپاریز بە (نیوەی تیپ) وەسف دەکەن، چونکە بەهەرە و تواناکانی، لەوانەیە ڕۆڵیان لە یەکلاییکردنەوەی ئەنجامی یاری، یان گۆڕینی ڕێڕەوی هەموو پالّەوانیەتییەکەدا هەبێت.

یاساکانی تۆپی پێی تازە، کە یەکێتیی تۆپی پێی ئینگلتەرا، لە ساڵی 1863 داینارە، زۆر بەڵای دەسەڵاتەکانی گۆڵپاریز لە هیچ تیپێکدا نەچوو. وەڵێ ڕەوشەکە تەواو گۆڕا، شارەزایانی پێشووی یارییەکە، بەدرێژایی ساڵەکان، چەندین هەموارکردنەوەیان لە یاساکان داهێناوە و دەسەڵاتی زیاتریان بە گۆڵپاریز بەخشیووە، کە هەژمونیان زیاتر کردووە. لە یاسا بەرایییەکانی تۆپی پێدا هاتبوو، هەموو یاریزانێک لەسەر یاریگە دەتوانێت دەست لە تۆپ بدات، دوای 7 ساڵیش، لە دارشتنی یەکەم یاسای تۆپی پێ، چیتر ڕێگە بە یاریزانان نەدرا دەست لە تۆپ بدەن. لە ساڵی 1871دا، تەنیا گۆڵپاریز لە دەستدان لە تۆپ، بۆ پاراستنی گۆڵەکەی بەخشرا، کەچی لە ساڵی 1873دا، ڕێگەی پێنەدا تۆپ بە دەستەکانی هەڵگرێت. دواتر بە دە ساڵ (1883)، یاسایەکی تازە دەرچوو، کە ڕێگەی بە گۆڵپاریز دەدا، تۆپ بەدەست هەڵگرێت و تەنیا دوو هەنگاو پێوەی بڕوات، کەچی لە یاسای دەرچوو لە ساڵی 1887دا، بە تەواوی ڕێگەی لە گۆڵپاریز گرت، لە نیوەی یاریگەی تیپی بەرامبەردا، دەست لە تۆپ بدات. لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا، لەو یاسایەی کە ساڵی 1901 دەرچوو، ڕێگە بە گۆڵپاریز درا، بە دەستەکانی مامەڵە بە تۆپ بکات، نەوەکو تەنیا بۆ پاراستنی گۆڵەکەی، بەڵام لە یاسای دەرچوو لە ساڵی 1912دا، ئەو دەسەڵاتانە کەم کرایەوە و تەنیا خرایە نێو ناوچەی سزاوە. لە ساڵی 1931دا، دەسەڵاتێکی دیکە بە گۆڵپاریز درا، ئەویش هەڵگرتنی تۆپ و ڕۆیشتن بوو پێنەی بۆ چوار هەنگاو لە جیاتی دوو هەنگاو. یاساکانی تایبەت بە گۆڵپاریزان، تاکو ساڵی 1992?هەروەکو خۆی مایەوە، بەڵام لەو یاسایەی لەو ساڵەدا دەرچوو، ڕێگەی لە گۆڵپاریز گرت، تۆپ بە دەستەکانی بگرێتەوە، ئەگەر هاوتیپێکی بە قاچەکانی بۆ بگێڕێتەوە، دواتر لە یاسای ساڵی 1997دا، گۆڵپاریز ناچارکرا، دوای 6 چرکە لە گرتنەوەی تۆپ بە دەستەکانی، دەبێت بۆ هاوتیپێکی بهاوێت، ئەگەر نا فاولی لەسەر ئەژمار دەکرێت.

ڕەمزی میرەکانی



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Wed.29. Jan. 2020 No: (5921)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

تەڵعەت سامان مرۆڤێک پڕ لە هونەر... هونەرمەندێک پڕ لە داهێنان

هەولێر.. ئەمڕۆ سااڵیادی کۆچی دوایی نووسەر و هونەرمەند مامۆستا (تەڵعەت سامان) دەکرێتەوە



خەبات : حەمە ئەحمەد جاف

لە ساڵیادی کۆچی دوایی نووسەروهونەرمەند مامۆستا (تەڵعەت سامان) دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / خانەی موکریانی بۆ چاپ و باڵاو کردنەوە ، کاتژمێر (10:30) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2020/1/29لە هۆڵی ڕاگەیاندنی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی (پ.د.ک) بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە، لەهەولێری پایتەخت، ڕێوڕەسمێکی تایبەت بەو یادە سازدەکات و بەشکۆوە یادی ئەو هونەرمەندە ناوداره دەکاتەوەو لە دوو بەرگیشدا کۆبەرهەمی دەقە شانۆییەکانی هونەرمەند دەناسێنێت..

*** کورتەیەک لە ژیاننامەی هونەرمەند**

هونەرمەندو نووسەر مامۆستا تەڵعەت سامان سااڵی 1946لەشاری هەولێر لەدایکبووە، لە ساڵەکانی 1970-1968 بەکالۆریۆسی لە بەشی شانۆیی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغداد بەدەستهێناوە . دەستپێکی کارەکانیشی بەنووسینی چەند درامایەک بووە لەساڵی 1962، دامەزرێنەری تیپی قوتابیانی هونەری بەغداد بووە لەساڵی 1969، وەکو دەرهێنەریش لەچەندین دراماو زنجیرەی تەلەفزیونی و شانۆیی کاری کردووە ، وەکو وەرگێڕیش چەندین دەقی شانۆیی لە عەرەبیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەساڵی 1970 تیپی لاوانی دیموکراتی کوردستانی دامەزراندوە، لەساڵی 1972لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی دامەزراندووە، لەساڵی 1974تیپی هونەری نوێی دامەزراندووە، لەساڵی 1992تیپی شانۆیی سامانی دامەزراندووە، لەساڵی 1996 سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بووە، پاشان بۆتە سەرۆکی مەڵبەندی گشتی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لەشاری هەولێر، ڕۆژی 2019/1/14 بە ڕووداوێکی هاتووچۆ گیانی لەدەستدا.

سەمای ڕەنگەکان لە هەولێر نیشاندەدرێت

تابلۆکان پەیامی ئەوە دەدەن کە کوردستان شوێنی ئارامی و فرەڕەنگی و ژیانی ئاشتیانەیە



کامەران رواندزی

(سەمای ڕەنگەکان) ناونیشانی پێشانگایەکی وێنەکێشانە ئەمڕۆ کاتژمێر 5ی ئێوارە لە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان -لقی هەولێر ئەمڕۆ نمایش دەکرێت بە هەماهەنگی وەزارەتی ڕۆشنبیری و سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان ، بۆ هونەرمەند (مەریەم شێرزاد) دەکاتەوە ، هونەرمەند لەسەر ڕێبازی هونەری (ئەکریلیک) تابلۆکانی کێشاوە و کەتیایدا ڕەنگەکانی بەشێوەکی تێکەڵاو (MIX) لەخۆ دەگرێت و لەڕێگای وێنەکانیەوە ڕەنگەکانی تیکەڵاو و ئاوێتەی یەکتر کردووە ، دەیەوێت لەڕێگای وێنەکانیەوە تیکەڵاوی ڕەنگ بە بینەر بناسێنێت و هەروەها هونەرمەند دەڵێت: تابلۆکانم پەیامی ئەوە دەدەن کە کوردستان شوێنی ئارامی و فرە ڕەنگی و ژیانی ئاشتیانەیە کەلتور و ئایین و نەتەوە جیاوازەکان کە هەموو خەڵکی دەتوانێت بە ئاشتیانە تێیدا بژیت.



ئایفۆنی ئاڵتوونی دەخرێتە بازاڕەوە

بۆ یەکەم جار بەرهەمەکانی ئایفۆن کە لەلایەن کۆمپانیای بەناوبانگ «Caviar» دیزاین دەکرێن بە شێوەی ئاڵتوونی و بڕۆنز و چەندین جۆری دیکە، کۆمپانیاکە دەڵێت ئەمە دروست کراوە بۆ ئاشقانی جوانی کە حەزیان بە بەرهەمی سەرنجڕاکێشە. بەرهەمەکان بە دیزاینێکی تاڕادەیەک جیاوازن و بە ناوی کاڤیار ١١ پڕۆ نمایش دەکرێن بە ١٢ ڕەنگی جیاواز کە هەندێکی لە لاشەی تیتانیۆم دروست کراوە و خاوەنی پارێزەری بەهێزی شاشەن و سەرجەم وردەکارییەکانی لەلایەن کۆمپانیای کاڤیارەوە بۆ دیزاین کراوە و دەخرێتە ڕوو.



لە هیندستان فیلێک ئافرەتێکی کوشت

لە هەرێمی تامیل نادو باشووری هیندستان، فیلێک هێرشی کردە سەر ئافرەتێک و لە ئەنجامدا ئافرەتەکە گیانی لەدەستدا.بە گوێرەی ئەو هەواڵەی کە ڕۆژنامە هندییەکان باڵاویانکردۆتەوە، نۆکەس لە دارستانەکانی شاری کۆیمباتۆر دەرچوون بۆ ڕێپێوی.ئافرەتێکی تەمەن ٤٠ ساڵ کە لەگەڵ هاوسەرەکەی دەرچووبوو بۆ ڕێپێوی، تووشی هێرشێکی درندانەی فیلێک بوو و لە ئەنجامدا گیانی لەدەستدا.لای خۆیەوە پۆلیس رایگەیاند کە ئەو گرووپە بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە لایەنی پەیوەندیدار چوونەتە شوێنی تایبەتی ناو دارستانەکە.



کۆمسای ڤیدیۆ کلیپی «سوڵتان»ی باڵاوکردەوە

هەمزە سەرحان:

خانمە گۆرانیبێژی کورد، کۆمسای، نوێترین ڤیدیۆ کلیپی بە ناوی سوڵتان باڵاوکردەوە. کۆمسای، لە چەنالی تایبەتی خۆی لە یوتیوب، نوێترین بەرهەمی کە ڤیدیۆ کلیپێکە بە ناوی سوڵتان، باڵاوکردەوە، کە لە تێکست و ئاوازی هونەرمەند خۆیەتی، کاری میوزیک ئەرێنجمێنتی لەلایەن ئاراش جەلالی بۆ کراوە، کاری بەرهەمهێنانی ئاسۆ موقتەدیری بۆ کراوە، لە دەرهێنانی ئەشکان سەفرزادە.کۆمسای سەرەتاکانی دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ پڕۆگرامی خۆشترین دەنگ، یەکێک بوو لە قوتابیەکانی هونەرمەند دیاری قەرەداغی و پێش قۆناغەکانی کۆتایی وازی لە پڕۆگرامەکە هێنا ، لە ئێستادا خاوەنی چەندین گۆرانی و ڤیدیۆ کلیپە.

بورجی باڵندە لە باخچەی ئاژەڵانی هەولێر فۆتۆ:محەمەد عومەر

